# بکەرنادیار

## لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی دووەم / ٢٠١٦

* ناوی کتێب: بکەرنادیار ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

* نووسینی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپیست: نووسەر

* دیزاینی بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ

* دیزاینی ناوەوە: نووسەر

* نۆرەی چاپ: دووەم / ٢٠١٦

* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ: (٥٠٠٠) دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر**

**ژمارە( )**

# ئەم کتێبە

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(ماستەر) لە بواری ڕستەسازیدا، ساڵی(٢٠٠٦) لەژێر سەرپەرشتی (پ.د.نەسرین محەمەد فەخری) پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا کراوە، جێگەی باسە نامەکە بە پلەی (نایاب) و (وەک خۆی) پەسندکرا.

# فەرهەنگۆک

| | |
|---|---|
| ئەرێ | مثبت |
| ئاخاوتن | كلام |
| ئاماژەپێكراو | مشار اليه |
| ئاوەڵكار | ظرف |
| ئاوەڵكاری شوێنی | ظرف مكان |
| ئاوەڵكاری كاتی | ظرف زمان |
| ئەنجام | نتيجة |
| ئێستا | حاضر |
| بنجی | أصلي |
| بۆر | ضمة |
| بەتاڵ | خلو |
| بەرانبەریی | التقابلية |
| بەركاری ڕاستەوخۆ | مفعول به |
| بەركاری ناڕاستەوخۆ | اسم مجرور |
| پاك | نظيف |
| پرۆسە | عملية |
| پڕیی | امتلاء |

| | |
|---|---|
| پێشبەند | حرف جر |
| پێناسە | تعريف |
| پیس | دنس |
| پێوەندی | علاقة |
| تایبەتمەندی | خصوصية |
| تایبەتی | خاصة |
| تاک | مفرد |
| تێپەڕ | متعدي |
| تێپەڕی بنجی | متعدي أصلي |
| تیپەڕی دروستکراو | متعدي مأخوذ(مكون) |
| تێنەپەڕ | لازم |
| تێنەپەری خوازەکی | لازم ارادي |
| تێنەپەڕی ڕوودان | لازم لاإرادي |
| تەواو | سالم |
| جوانکاری | حلية |
| جووڵە | حركة |
| جێگری بکەر | نائب فاعل |
| جێناو | ضمير |
| جێناوی جودا | ضمير منفصل |
| جێناوی شاراوە | ضمير مستتر |

| ضمير متصل | جێناوی لکاو |
|---|---|
| اختلاف | جیاوازی |
| مصدر | چاوگ |
| مفهوم | چەمک |
| ارادي | خوازەکی |
| أمر | خەوش |
| مشتق | دارِژاو |
| انشائي | دانانی |
| مستقبل | داهاتوو |
| مكون، مأخوذ | دروستکراو |
| تضعيف (شدة) | دووبارەکردنەوە |
| معلوم | دیار |
| لهجة | دیالێکت |
| قاعدة | دەستوور |
| هيئة | دەستە |
| مقدمة | دەستپێک |
| ماضي | ڕابوردوو |
| اخبارى | ڕاگەیاندن |
| مضارع | ڕانەبوردوو |
| جملة | ڕستە |

| | |
|---|---|
| شكل | ڕوخسـار |
| لا ارادي | ڕوودان |
| جذر | ڕەگ |
| لون | ڕەنگ |
| مصطلح | زاراوە |
| لغة | زمان |
| كسرة | ژێر |
| بسيط | سادە |
| نحو | سینتاکس |
| فتحة | سەر |
| مصدر | سەرچاوە |
| رئيسي | سەرەکی |
| ابهام | شاراوە |
| اعراب | شیکردنەوە |
| فعل | کار |
| فاعل | بکەر |
| فاعل صريح | بکەری ئاشکرا |
| فاعل ضمير | بکەری جێناو |
| فاعل مؤول | بکەری دروستکراو |
| معمول | کارتێکراو |

| | |
|---|---|
| کۆ | جمع |
| کورتکردنەوە | تلخيص |
| کورتە | ملخص |
| کەمکردنەوە | تحقير |
| کێش | وزن |
| گشتی | عامة |
| گۆڕین | تحويل |
| گوزارە | خبر |
| گەورەکردن | تعظيم |
| گەردانکردن | تصريف |
| لێکچوون | تشابه |
| لێکدراو | مركب |
| لێکۆڵەر | باحث |
| مێ | مؤنث |
| نادیار | مجهول |
| ناسراو | معرفة |
| ناو | اسم |
| ناوەرۆک | مضمون |
| ناوێزە | شاذ |
| نموونە | مثال |

| نووسەر | کاتب |
|---|---|
| نەرێ | نفي |
| نەناسراو | نكرة |
| نێر | مذكر |
| نیهاد | مبتدأ |
| نیشانه | علامة |
| وشه | كلمة |
| وشەسازی | صرف |
| وەستاو | سكون |
| یاسا | قاعدة |
| یەکگرتوو | موحد |

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ڕ | ڕستە |
| ژ | ژمارە |
| ص | صفحة |
| ف | فرێز |
| ف.ک. | فرێزی کاری |
| ف.ن. | فرێزی ناوی |
| گ | گۆڤار |
| م.بە | مفعول بە |
| S | بکەر |
| O | بەرکار |
| V | کار |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| ← | دەبێتە |
| / | یان |
| - | کەم |
| + | کۆ |
| = | یەکسانە |

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١٥ |
| ١- ناونیشان و بواری نامەکە | ١٥ |
| ٢- هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە | ١٥ |
| ٣- سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ١٥ |
| ٤- گرنگیی کارەکە | ١٦ |
| ٥- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١٦ |
| ٦- گیروگرفتی لێکۆلینەوەکە | ١٦ |
| ٧- ناوەڕۆکی نامەکە | ١٧ |
| بەشی یەکەم: پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لەبارەی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا کراون | ١٨ |
| بەشی دووەم: بەرانبەرکردنی بکەردیار و بکەرنادیار لەنێوان هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا | ٨٥ |
| ٢-١: بکەر | ٨٧ |
| ٢-١-١: بکەر لە زمانی کوردیدا | ٨٧ |
| ٢-١-٢ : بکەر لە زمانی عەرەبیدا | ٩٤ |
| ٢-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان هەردوو زمانەکە لە بابەتی بکەردا | ٩٩ |
| ٢-٢: بکەردیار | ١٠١ |

٢-٢-١: بكەردیار لە زمانی کوردیدا............................١٠١
٢-٢-٢: بكەردیار لە زمانی عەرەبیدا............................١٠٣
٢-٢-٣: لایەنـی لێكچـوون و جیـاوازی هەردوو زمـانەكە لە بابەتی بكەردیاردا............................١٠٥
٢-٣: بكەرنادیار............................١٠٦
٢-٣-١: بكەرنادیار لە زمانی کوردیدا............................١٠٦
٢-٣-٢: بكەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا............................١١١
٢-٣-٣: لایەنـی لێكچـوون و جیـاوازی هەردوو زمـانەكە لە بابەتی بكەرنادیاردا............................١١٩
٢-٤: هۆیەكـانی پەنـابردنە بەر بكەرنادیـار لە هەردوو زمانەكەدا............................١٢١
**بەشی سێیەم: بكەرنادیار و بەرانبەركردنـی هـەردوو زمانەكە لەڕووی گەردانكردنەوە............................١٢٤**
٣-١: كاری ڕابوردووی بكەرنادیار............................١٢٦
٣-١-١: كاری ڕابوردووی بكەرنادیار لە زمانی کوردیدا....١٢٦
٣-١-٢: كـاری ڕابـوردووی بكەرنادیـار لە زمـانی عەرەبیدا............................١٣٦
٣-١-٣: لایەنـی لێكچـوون و جیـاوازی هەردوو زمـانەكە لە بابەتی كاری ڕابوردووی بكەرنادیاردا............................١٤٤
٣-٢: كاری ڕانەبوردووی بكەرنادیار............................١٤٦
٣-٢-١: كـاری ڕانەبـوردووی بكەرنادیـار لە زمـانی کوردیدا............................١٤٦

٣-٢-٢: كـــارى ڕانەبـــوردووى بکەرناديـــار لە زمـــانى عەرەبيدا........................................................١٥٤
٣-٢-٣: لايەنـى ليکچـوون و جيـاوازى هەردوو زمـانەکە لە بابەتى کارى ڕانەبوردووى بکەرناديارردا..........................١٥٩
٣.٣: مۆرفيمى بکەرناديار لە هەردوو زمانەکەدا..............١٦٠
**بەشى چوارەم: بکەرناديـار و بەرانبەرکردنـى هەردوو زمـانەکە لە ڕووى سينتاکسييەوە**..........................................................١٦٤
٤-١: پيوەندى بە کارەوە......................................١٦٧
٤-١-١: کارى تيپەڕ...............................................١٦٧
٤-١-١-١: کارى تيپەڕ لە زمانى کورديدا...................١٦٧
٤-١-١-٢: کارى تيپەڕ لە زمانى عەرەبيدا...................١٨٠
٤-١-١-٣: لايەنـى ليکچـوون و جيـاوازى هەردوو زمـانەکە لە بابەتى تيپەڕدا..........................................................١٨٨
٤-١-٢: کارى تينەپەڕ............................................١٩١
٤-١-٢-١: کارى تينەپەڕ لە زمانى کورديدا...................١٩١
٤-١-٢-٢: کارى تينەپەڕ لە زمانى عەرەبيدا..................١٩٥
٤-١-٢-٣: لايەنـى ليکچـوون و جيـاوازى هەردوو زمـانەکە لە بابەتى تينەپەڕدا..........................................................٢٠٢
٤-٢: پيوەندى بە بکەرەوە....................................٢٠٦
٤-٢-١: ئەو ڕستانەى بکەريان تيدا نييە.......................٢٠٦
٤-٢-١-١: ئەو ڕسـتانەى لە زمـانى کورديـدا بکەريـان تيـدا نييە..................................................................٢٠٦

٤-٢-١-٢: ئەو ڕستانەی لە زمانی عەرەبیدا بکەریان تێدا نییە.......................................................٢٠٩
٤-٢-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی ئەو ڕستانەی بکەریان تێدا نییە..........................٢١٢
٤-٢-٢: ئەو ڕستانەی لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە..................................................٢١٣
٤-٢-٢-١: ئەو ڕستانەی لە زمانی کوردیدا لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە.............................٢١٣
٤-٢-٢-٢: ئەو ڕستانەی لە زمانی عەرەبیدا لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە.......................................٢١٥
٤-٢-٢-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی ئەو ڕستانەی لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە..................................................٢١٧
ئەنجام.......................................................٢١٨
سەرچاوەکان.......................................................٢٢١
ملخص الرسالة.......................................................٢٣٢
Abstract.......................................................٢٣٤

## پێشەکی

**١- ناونیشان و بواری نامەکە**

**(بکەرنادیـار – لێکـۆڵینەوەیەکی بەرانبەریـیە لە نێـوان زمــانی کــوردی و زمــانی عەرەبیــدا)**، ناونیشــانی ئەم نــامەیەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنــێ، کە لێکــۆڵینەوەکە لە ئاستی سینتاکسیدایە و جارجارەش بەپێی پێویست ئاوڕ لە ئاستی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجی دراوەتەوە.

**٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە**

تــاکو ئێســتا وەکــو ئــێمە بــزانین لێکــۆڵینەوەیەکی بەرانبەریی سەربەخۆی گشتی لەبارەی بکەرنادیار لەنێوان زمـانی کـوردی و زمـانی عەرەبیـدا نەکـراوە، ئەم کـارەش هەوڵـێکە بـۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکووڕییـانەی لە بـواری لێکۆڵینەوەکانی بکەرنادیار کراون.

**٣- سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە**

لێکـۆڵینەوەکە لە چوارچێـوەی (دیـالێکتی ناوەڕاســت)ی زمانی کوردی و زمـانی عەرەبیدایە، نموونەکـان لە زمـانی ڕۆژانە و ئەو ســەرچاوانەوە وەرگیــراون، کە تــایبەتن بە زمانی کوردی ( دیالێکتی ناوەڕاست) و زمانی عەرەبیدا.

### ٤- گرنگیی کارەکە

وەنەبێت بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا پێشتر باسی لێوە نەکرابێـــت، بەڵکـــو زۆربەی ئەو باســـانەی لەم بـــارەیەوە کـــراون، هەوڵ و لێکـــۆڵینەوەی پەرش و بـــڵاون، بـــۆیە لەلایەکەوە هەوڵدراوە بۆ پێداچوونەوە یان کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پێشـوو و، لەلایەکی تریشـەوە هەوڵـدراوە بکەرنادیـار لەنێـوان زمـانی کـوردی و زمـانی عەرەبیـدا بەرانبەر بکرێت.

### ٥- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکـــۆڵینەوەیە، لێکـــۆڵینەوەیەکی (بەرانـــبەری - التقابلي)یە، لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، کە هەریەکەیـان سـەر بە خێـزانە زمـانێکی جـودان، بـۆیە زاراوەی (بەرانـبەری _ التقابلي)مـان بەکارهێنـاوە، ئەگەر هەردوو زمانەکە سەر بە یەک خێزانە زمان بان، دەبووایە زاراوەی (بەراوردی - المقارنة) بەکاربهێنرابایە.

### ٦-گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە

نەبـوونی سـەرچاوەی زمـانەوانی بە زمـانی کـوردی و زمـــانی عەرەبـــی و گیروگرفتـــی وەرگێڕانـــی زاراوە عەرەبییەکـان بـۆ سـەر زمـانی کـوردی و کـۆک نەبـوونی

تەواوی زمانەوانانی کورد لەسەر زاراوە زانستییەکان لە گیروگرفتەکانی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە بوون.

**٧- ناوەرۆکی نامەکە**

نامەکە لە پێشەکییەک و چوار بەش پێکدێت:

لە پێشەکیدا، کە سەرەتاییێکە بۆ چوونە ناو باسەکە، باسی ناونیشان و بواری نامەکە و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە و سنوور و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە و گرنگیی کارەکە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە و گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە کراون. **لە بەشی یەکەمدا**، بەو کارانەدا چووینەتەوە، کە لەبارەی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا کراون و هەڵسەنگێنراون.

**لە بەشی دووەمدا**، بەرانبەرکردنی بکەردیار و بکەرنادیار لە هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا کراوە. **لە بەشی سێیەمدا**، بکەرنادیار و بەرانبەرکردنی هەردوو زمانەکە لە ڕووی گەردانکردنەوە کراوە. **لە بەشی چوارەمدا**، بکەرنادیار و بەرانبەرکردنی هەردوو زمانەکە لە ڕووی سینتاکسییەوە کراوە.

**لە کۆتایی نامەکەشدا**، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لەبارەی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا کراون

یەکەم سەرچاوە، کە بە زمانی کوردی نووسرابێت و باسی ئەم لایەنەی کردبێت، کتێبی (**مختصر صرف ونحوی کوردی**)ی[1] سەعید سدقی کابانە. لە دەستپێکدا نووسەر کار دەکاتە دووبەش ((**فعل دوو نوعە معلوم، مجهول . معلوم ـ فعلیکە فاعلەکەی دەبی ذکر بکری وەکو احمد بەخشی. مجهول ـ فعلیکە فاعلەکەی نەناسری، ونەبێژری بلکو مفعولەکەی لە جێگای فاعلەکەی دادەنری، فعل لازم لەبەر ئەمە کە مفعولی نیە لە جیگای فاعلەکەی دابنری مجهول لی دروست ناکری**))(ل٤٣). پاشان هاتۆتە سەر باسی چۆنیەتی سازکردنی دەستوورەکانی بکەرنادیار، بەهۆیەوە لە دەستپێکدا باسی کاری ڕابوردوونادیاری کردووە، کە بە لابردنی (ن)ی چاوگ و دانانی (ـ را) لە شوێنی ساز دەکرێت ((**صورت تشکیل کردن مجهول ماضی شهودی بە فری دان (ن) مصدری و صرفەکەی پیشی، و دانان (را) لە جیگای ئەوان والحاق کردن ضمیر شخصی دروست دەبی، وەکو نوسرام، نوسرایت...**))(ل٤٣)، بۆ دەستووری ڕانەبوردوونادیاریش، ئەوا نووسەر (ـــ رێ)ی کردۆتە

---

١. سعید صدقی(١٩٢٨)، مختصر صرف و نحوی کوردی، جزء ١، چاپخانەی نجاح، بغداد، ل٤٣.

مۆرفێمی نادیار((**صورت تشكل كردن مجهول حال و و استقبال له معلومەكانیان له پیش ضمیرات شخصیەوە (رێ) زیاد بكری پیك دی وەكو: وا دەنوسریێم، دەنوسریێم..**))(ل٤٤).

ئەگەر ڕامانێک بۆ بۆچوونەکانی نووسەر بکەین، دەبینین کەموکووڕیی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو یەکەم سەرچاوە بە زمانی کوردی توانیویەتی دەستوورێک بۆ کاری ڕابوردووی بکەرنادیار و کاری ئێستا و داهاتووی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا دەستنیشان بکات، ئەگەر سەیری کەموکووڕییەکانیشی بکەین، ئەوا دەبینین نووسەر تەنیا تەماشای گۆڕانکاریی کارەکانی لە ڕستەی بکەرنادیار کردووە، بەو واتایەی لایەنی ڕستەسازی و پێوەندی کەرەستەکانی ناو ڕستەی نەخستۆتە ڕوو، هەروەها نووسەر (ـ را)ی بۆ ڕابوردوو و (ـ رێ)ی بۆ ئێستا و داهاتووی بکەرنادیار دەستنیشان کردووە، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکات، کە تەنیا (ـــ ر)یە، و (ـــ ا) بۆ ڕابوردووە و، (ـــ ێ) بۆ ڕانەبوردووە.

نووری عەلی ئەمین لە بەرگی یەکەمی کتێبی **(قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا)**[1] بە دوور و درێژی باسی بکەرنادیاری کردووە، نووسەر زاراوەکانی (ئاشکرا) و (وون)ی لەبری زاراوەکانی (دیار) و (نادیار)ی بەکارهێناوە، لەبارەی پێناسەی بکەرنادیارەوە دەڵێت: **((ئەو فرمانەیە کە بۆ مسندالیەکی وون لە ڕستا دائەمەزرێ وەک: هەویرەکە ئەشێلرێ، لەم ڕستەدا مسندالیەکە ـ کە هەویر شێلەکەیە دیارنیە، هەویرەکە خراوەتە جێ و فعلەکەی لە معلومەوە بۆ کراوە بە مجهول))**(ل٣٧)، پاشان نووسەر هاتۆتە سەر باسی چۆنیەتی گۆڕینی بکەر دیار بۆ بکەرنادیار و دەڵێت:

١ـ( مسندالیە) لادەبرێ و بەرکار دەخرێتە شوێنی.

٢ـ گۆڕینی کار لە دیارەوە بۆنادیار. لێرەدا نووسەر سێ دەستووری بۆ بکەرنادیار خستۆتە ڕوو (بڕوانە: ل٣٧ ـ ٣٨).

١ـ بۆ ڕابوردووی تێپەڕ (را) دادەنێ بۆ دروستکردنی بکەرنادیار، وەک:

**کێڵا ← کێڵرا.**

---

١. نوری علی أمین(١٩٥٦)، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف ونەحودا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ل٣٧.

٢ـ بۆ ڕابوردووی تێنەپەڕ، ئەوا پاشگری (ێنرا) دادەنێ بۆ دروستکردنی بکەرنادیار، وەک:

**خەوت ← (خەو + ێنرا) = خەوێنرا**

٣ـ بۆ ڕانەبوردووی داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ، ئەوا دەستوورەکەی بەم شێوەیە دیاری کردووە ((**بۆ گۆڕینی ئەمانە بۆ مجهول، فرمانەکە (مضارع) بوو، یا (ئەمر)، متعدیان بە واتەی (رێ) و لازمیان بە واتەی (ێنرێ) ئەبێ بە مجهول، بە شەرتێ:**

**١ـ ڕاناوە کەسیەکان لە فرمانەکە فڕێ بدرێ . ٢- ئینجا واتەی (رێ) سەر متعدی و واتەی (ێنرێ) سەر لازم بخرێ. ٣- لە پاشا ڕاناوە کەسیەکانی سەربخرێتەوە**))(ل٣٨)، پاشان نموونەیانی بۆ هێناوەتەوە:

ڕانەبوردووی تێپەڕ، وەک: **ئەکێشم ← ئەکێشرێم**

ڕانەبوردووی تێنەپەڕ، وەک: **ئەخەوم ← ئەخەوێنرێم**

داخوازی تێپەڕ، وەک: **بشێلم ← بشێلرێم**

داخوازی تێنەپەڕ، وەک: **بخەوم ← بخەوێنرێم**

دیارە نووسەر هەندێک شتی باسکردووە، کە پێش خۆی کەس باسی نەکردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەموکووڕیشی هەیە، لەوانە دروستکردنی بکەرنادیار لە کاری تێنەپەڕ، وەکو (خەوت). نووسەر لێرەدا بەبێ

ئەوەی ئامــاژە بــۆ ئەوە بکــات، کە دەبێــت کــارەکە لە سـەرەتادا بکـرێتە تێـپەڕ، ئینجـا ڕسـتەی بکەرنادیـاری لـێ سازبکرێت.

نووسـەر لە بەرگـی دووەمـی هەمـان کتێبیـدا[1]، باسـی بکەر دیار ونادیاری کردووە، سەرەتا پێناسەیانی کردووە، پاشان دەستووری سازکردنیانی خستۆتەڕوو، کە لە ڕەگی کار وەردەگیـرێن. ئەگەر کارەکە تێـپەڕ بوو(ــ را)، ئەگەر تێــپەڕ نەبــوو (ێنــرا) بە ڕەگەکەوە دەلکێنرێــت (ل ١٣٨)، وەک:

**گەنمەکەم پێوا. ← گەنمەکە پێورا.**

**مناڵەکە خەوت بوو. ← مناڵەکە خەوێنرابوو.**

هەروەهــا بــۆ کــاری ڕانەبــوردووش دەســتوورەکەی خســتۆتەڕوو، ئەگەر کــارەکە تێــپەڕ بوو(ــ رێ)، ئەگەر تێـنەپەڕ بـوو(ـ ێنـرێ) بە ڕەگەکەوە دەلکێنرێـت (ل١٣٩)، وەک:

**پرشنگ گۆشت ئەجنی. ← گۆشت ئەجنرێ.**

**بارام ئەنوێ. ← بارام ئەنوێنرێ.**

---

١ـ نوری علی أمین(١٩٥٦)، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ل٣٧.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە بەرگی یەکەم لەگەڵ بەرگی دووەم هیچ جیاوازییان نییە، تەنیا لە ڕەگی کار نەبێ، لەم بەرگەدا نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە، کە (ڕەگی کاری ڕانەبوردوو) وەردەگریت و مۆرفێمی بکەرنادیاری دەخرێتە سەر، دیسانەکە (ـ را)و (ـ رێ)ی بۆ بکەرنادیار بەکارهێناوە .

پاشان ئەگەر بێینە سەر کتێبی سێیەمی نووسەر، کە **(ڕێزمانی کوردی)**یە[1]، دیسانەکە باسی بکەردیار و بکەرنادیاری کردووە. لە دەستپێکدا پێناسەی بکەردیار و بکەرنادیاری کردووە. لەبارەی دەستوورەوە هەروەکو دوو بەرگەکەی کتێبی **(قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا)** خستۆتەڕوو، کە بەم شێوەیە:

١ـ فڕێ دانی بکەری ڕستەکە.

٢ـ بەرکاری ڕستەکە بخرێتە شوێنی بکەر فڕێ دراوەکە.

٣ـ گۆڕینی شێوەی کارەکە. (ل١٥٨).

هەروەها نووسەر (ـ را) و (ـ رێ)ی کردۆتە مۆرفێمی نادیار بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردوو، هەروەها نموونەکانیش

---

١ـ نوری علی أمین(١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ل١٥٧.

هەمان نموونەی بەرگی یەکەم و دووەمی کتێبی (قەواعدی زمانی کوردی)یە.

جگەر خوێن لە کتێبی **(اوا ئو دەستورا زمانی کوردی)**دا[1]، باسی بکەرنادیاری کردووە، نووسەر زاراوەکانی (پەندی) و (نەپەندی) لەبری زاراوەکانی (دیار)و (نادیار)ی بەکارهێناوە، لەبارەی بکەردیار دەڵێت:(( ئەوە کۆ کرۆکی وێ پەندیە ـ ئەشکەرایە، وەک شیرین دەستە گولیک بۆم نارد)) (ل١٣٠).

لەبارەی بکەرنادیارەوە دەڵێت:**((ئەوە کۆکرۆکی وێ نەپەندی یی نە دیارە ـ نەخویایە ـ نە ئەشکرایە، وەک دەستە گولەک بوم هات شاندن))**(ل١٣٠). پاشان نووسەر هاتۆتە سەر مۆرفێمی بکەرنادیار، کە بەهۆیەوە لە دیالێکتی ناوەڕاست (ــ را) و (ــ رێ)ی دیاری کردووە و لە دیالێکتی سەروو (هات، هاتیە، تێ، دێ، بێ) دیاری کردووە، وەک:

**بارم هات کوشتن.**

**بارام هاتیە کوشتن.**

**بارام تێ کوشتن.**

---

١ـ جگر خوێن(١٩٦١)، اوا ئو دەستورا زمانی کوردی، چاپخانا صلاح الدین، بەغدا، ل١٣٠.

**بارام دێ بێ کوشتن.**

**دار دێ بررین.** (بڕوانە: ل ١٣١ ـ ١٣٢).

جێگای باسە نووسەر لێرەدا ئەوەی نەخستۆتە ڕوو، کە لە کارەکە ڕەگی کار وەردەگیرێت، ئینجا مۆرفێمی نادیاری دەخرێتە سەر، یاخود لە دیالێکتی سەروو کارەکە دەکرێتە چاوگ و لە پێشیدا کاری یاریدەدەر دادەنرێت، هەروەها مۆرفێمی نادیار و مۆرفێمی کاتی لە یەکتر جودا نەکردۆتەوە، هەروەها خۆی لە لایەنی ڕستەسازی بکەرنادیار نەداوە، ئەگەرچی باسی ئەوەی کردووە، کە لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بەرکاری ڕاستەوخۆ لەناو ڕستەدا شوێنی بکەر دەگرێتەوە.

محەمەد ئەمین هەورامی لە کتێبی **(سەرەتاییێک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی)**دا[1]، باسی بکەردیار و بکەرنادیاری کردووە، نووسەر زاراوەکانی (ڕستەی فەرماندار) لەبری (بکەردیار) و (ڕستەی بێ فەرماندار) لەبری (بکەرنادیار)ی بەرکار هێناوە، نووسەر لە سەرەتادا لەڕێگەی خستنە ڕووی کۆمەڵێک ڕستەوە، ڕستەی بکەردیار و بکەرنادیاری شیکردۆتەوە، پاشان

---

١ـ محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٤)، سەرەتاییێک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ل١٣٥.

کۆمەڵێک خاڵی لەبارەی ناونەبردنی بکەر لەناو ڕستەدا خستۆتە ڕوو، دواتر لە پەراوێزدا چوار ڕستەی لەبارەی سازکردنی بکەرنادیار لە دیالێکتی ژووروو و ناوەڕاستدا هێناوەتەوە:

| <u>دیالێکتی ناوەڕاست</u> | <u>دیالێکتی ژووروو</u> |
| --- | --- |
| پەنجەرەکە شکا. | ئەو پەنجەرە هاتە شکاندن. |
| گۆشتەکە برژا. | ئەو گۆشت هاتە بژارتن. (ل١٣٥) |

ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەر لەم بابەتەیدا هەندێک هەڵەی کردووە، لەوانە ئەو نموونانەی، کە لە دیالێکتی ژووروو و دیالێکتی ناوەڕاست خستۆتە ڕوو، بەهۆیەوە نەیتوانیوە دەستووری سازکردنی بکەرنادیار لە هەردوو دیالێکتەکە ڕوون بکاتەوە، بەڵکو تەنیا ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە ڕستەی فەرماندار (بکەردیار)، بکەری تێدایە و ڕستەی بێ فەرماندار (بکەرنادیار)، بکەری تێدا نییە.

جەمال نەبەز لە کتێبی **(زمانی یەکگرتووی کوردی)**دا[1]، باسی بکەرنادیاری کردووە، بە (دەمکاتی کارا نەزانراو) ناوی بردووە، نووسەر لە سەرەتادا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بکەر نەزانراو لە چاوگی

١ـ جەمال نەبەز(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ل ٥٦.

کــارەوە وەردەگیــرێ، بــۆ نمــوونە چــاوگی (نووســین)ی هێنــاوەتەوە و بکەرنادیــاری لە دیــالێکتی ناوەڕاســتدا لــێ سازکردووە، وەک:

**١ـ ڕابوردووی ناتەواو: نووسرا.**

**٢ـ ڕابوردووی تەواو: نووسراوە.**

**٣ـ ڕانەبوردووی هاتوو: دە (ئە) نووسرێ.**

**٤ـ ڕابوردووی سادە: دە (ئە) نووسرا.** (ل٥٦).

پاشان هـاتۆتە سـەر چۆنیەتی سـازکردنی بکەرنادیـار لە دیــالێکتی ژووروودا، ئامــاژەی بــۆ ئەوە کــردووە، کە بەهۆی کاری یاریدەدەری (هاتن) دەخرێتە پێش چاوگەوە ساز دەکرێ، بەم شێوەیە:

**هــات نڤیســین (واتــا: هــاتە نووســین) بــۆ ڕابــوردووی ناتەواو.**

**هاتیە نڤیسین (واتا: دێتە نووسین) بۆ هاتوو** (ل٥٦).

ئەگەر سەرنجێکی بیروڕاکانی نووسەر بدەین، دەبینین ئەگەرچــی هەنــدێک پەلەی پێــوە دیــارە لە خســتنە ڕووی بــــابەتەکەوە، بەڵام لەگــــەڵ ئەوەشــــدا ئەو ڕاســــتییەی دەرخستووە، کە بکەرنادیار لە هەموو تافەکانی ڕابوردوو و ڕانەبــوردوو ســـازدەکرێ، بەڵام نووســـەر لە کـــاری (نووســرا) هەڵەی کــردووە، کاتێــک دەڵێــت ڕابــوردووی

نــاتەواوە و، (دەنووســرا) ڕابــوردووی ســادەیە، بەڵكــو (نووســرا) ڕابــوردووی نزیكــی نادیــارییە و (دەنووســرا) ڕابوردووی بەردەوامی نادیارییە.

ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە كتێبی **(ڕێزمانی كوردی بە كــوردی و بە عەرەبــی)**دا[1]، لە چەنــد لاپەڕەیەكــدا باســی بكەرنادیــاری كــردووە و، بە (نەزانــراو) نــاوی بــردووە و ئامــاژەی بــۆ ئەوەش كــردووە، كە كەســی ســێیەمی تــاك بنــاغەیە بــۆ وەرگــرتن و ســازكردنی بــكەری نەزانــراو، پاشــگری (ــ را) بــۆ ڕابــوردوو دەخــرێتە ســەر كــارەكە و دەیكاتە نەزانراو (بڕوانە: ل٢٢٧ ـ ٢٢٨)، وەك:

**گوتی ← گوترا**

**بینی ← بینرا**

پاشـــان نووســـەر هـــاتۆتە ســـەر باســـی كـــاری ڕانەبـــوردووی نادیـــار، كە باســـی ئەوەی كـــردووە لە داهــاتوودا (ا) بــۆ (ێــت) دەگۆڕێــت و لە دواوەی كــارەكە دادەنرێت (ل٢٢٩ ـ ٢٣٠)، وەك:

**كوژرا ← دەكوژرێت**

**فرۆشرا ← دەفرۆشێت**

---

١ـ أحمد حسن أحمد(١٩٧٦)، ڕێزمانی كوردی بە كوردی و بە عەرەبی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، ل٢٢٧.

پاشان نووسەر لە لاپەڕەکانی (٢٧٠ ـ ٢٧١) دیسانەکە باسی بکەرنادیاری کردووە و، هەندێک نموونەی تری هێناوەتەوە، کە تیایدا ئەوەی خستۆتە ڕوو لە بکەرنادیار، (جێگری بکەر) هەر لە خودی کارەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و جودا نابێتەوە (ل٢٧٠) وەک:

**جەژنی کرد ← جەژن کرا.**

**یاری کرد ← یاری کرا.**

ئەوەی جێی باسکردنە نووسەر شتێکی نوێی باس نەکردووە، بەڵکو تەنیا هەڵەکانی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوە و یاساکانی بە تێکەڵی و پێکەڵی خستۆتەڕوو.

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە کتێبی **(ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی)**دا[١]، باسی بکەرنادیاری کردووە، لە دەسپێکدا لیژنە لە بیروڕای زمانەوانان لەبارەی چەمک و پێناسە و دەستووری بکەرنادیار دەستی پێکردووە، پاشان لیژنە لەبارەی دیاریکردنی زاراوەیەک بۆ بکەردیار و بکەرنادیار ڕێککەوتوون، چونکە وەکو دەزانین بیروڕای جوداجودای

---

١. لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد(١٩٧٦)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ١٢٩ ـ ١٤٦.

هەیە لەلای نووسەران و زمانەوانان لەبارەی دەستنیشانکردنی زاراوەیەک بۆ ئەم دیاردانە و، لیژنە زاراوەی (کارادیار) و (کارابزر)ی داناوە، دواتر هاتۆتە سەر چۆنیەتی سازکردنی یاساکانی بکەرنادیار لە دیالێکتی ناوەڕاستدا (لیژنە زاراوەی دیالێکتی خوارووی بەکارهێناوە)، کە لە چاوگەکانی زمانی کوردییەوە وەریان دەگرێت، ئەگەرچی دەبینین ئەم لیژنەیەی کۆڕی زانیاری کورد، زۆر بە دوور و درێژی باسی ئەم دیاردەیەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کەموکووڕی بەدەر نییە، لەوانە کاتێک باسی (فەرمانی بکەربزر)ی کردووە، واتا یاسای هەبوونی بکەرنادیار لە کاری فەرمانداندا، کەچی ئەم دیاردەیە نەک هەر لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانەکانی جیهانیشدا نییە، چونکە ناتوانرێت کەسێک فەرمان لەسەر کەسێکی نادیار بکات، هەروەها مۆرفێمی (ب) مۆرفێمی دانانی ڕانەبوردووی کردۆتە هێمایەک بۆ فەرماندانینادیار، وەک:

**دەدیترێم** ← **بدیترێم**(ل١٤٣).

دواتر د.نەسرین فەخری لە میانەی خستنەڕووی بیروڕاکانی خۆی ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە بکەرنادیار، جگە لە ڕەگی کار، ئەوا لە (قەدی چاوگ)یش

وەردەگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە نموونەشی هێناوەتەوە، وەک:

**گوتن ← گوت ← گوترا، دەگوترێ.** (ل١٤٥).

هەروەها لیژنە دیسانەکە هەڵەکانی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوە، کاتێک (ـ را)ی بۆ کاری ڕابوردووی نادیار و (ـ رێ)ی بۆ کاری ڕانەبوردووی نادیار بە مۆرفێم داناوە.

پرۆفیسۆر ک. ک. کوردۆییێڤ لە کتێبی (**ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی**)دا[1]، باسی بکەرنادیاری کردووە و، تیایدا بە (دەمکاتی نادیار) ناوی بردووە، لە سەرەتا ئەوەی خستۆتەڕوو، کە بکەرنادیار تەنیا لە کاری تێپەڕەوە وەردەگیرێت((**دەمکاتی نادیار تەنیا لە کاری تێپەڕەوە دادەڕێژێت**))(ل٢٤٧)، دواتر هەمان هەڵەکانی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوە لە دانانی (ـ را) بۆ ڕابوردووی نادیار و (ـ رێ) بۆ ڕانەبوردووی نادیار، پاشان چوار یاسای بۆ سازکردنی بکەرنادیار

---

١ک.ک.کوردۆییێف(١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی دکتۆر کوردستان موکریانی، چاپخانەی (الأدیب البغدادي)، هەولێر، ل ٢٤٧.

دەستنیشـــان کـــردووە (بـــڕوانە: ل٢٤٨ ـــ ٢٤٩)، کە بەم جۆرەیە:

١ـــ لە بنـــاغەی کـــاری ڕانەبـــوردووی دیـــارەوە، وەک:

**زانین: زان ⟵ زانرێ، زانرا.**

٢ـــ بەپێـــی یاســـای دووەم دوای ڕەگـــی کـــار پاشـــگری (ڕێن) هێناوە و ئینجا پاشگری (ـ را)و (ـرێ)ی بە کۆتـایی کارەوە دەلکێنێت، وەک:

**گەزین: گەز ← گەزێنرێ، گەزێنرا.**

٣ـ لە بناغەی کاری ڕابوردووەوە، وەک:

**بەستن: بەست ← بەسترێ، بەسترا.**

**وتن: وت ← وترێ، وترا.**

٤ـــ لکانـــدنی پاشـــگری (ـــ را) و (ـــ رێ) بە کۆتـــایی چاوگەوە، وەک:

**قڵشان ← قڵشانرێ، قڵشانرا.**

دیارە نووسـەر لەم باسـەیدا کەموکووڕیی هەیە، لەوانە پاشـــگری (ڕێـــن)، کە بە جۆریـــک باســـی کـــردووە، کە بە ڕەگـی کـاری تێـپەڕەوە دەلکێـت، ئینجـا پاشـگری (ـ را) و (ـــ رێ) وەردەگرێـت، لە کاتێکـدا دەکـرێ یەکســـەر دوای ڕەگـــی کارەکە(ـــ را) و (ـــ رێ) وەردەگرێـت، لە کاتێکـدا

دەکرێ یەکسەر دوای ڕەگی کارەکە (ـ را) و (ـ رێ) بە کارەکەوە بلکێنرێت، وەک:

**پۆشین ← پۆش ← پۆشرا، دەپۆشرێ، نەوەک (دەپۆشێنرێ، پۆشێنرا).**

لیژنەی دەستووری زمانی کوردی کۆڕی زانیاریی عێراق لە کتێبی **(هەندێک لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا)**[1]. باسی یاساکانی چۆنیەتی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار لە دیالێکتەکانی ((ژووروو،( ناوەڕاست)[2]، لوڕی و هەورامانی))دا باسکردووە، لیژنە ئەوەی خستۆتەڕوو، کە (بکەر) لادەبرێت و (بەرکار) دێتە شوێنی، بە مەرجێک واتای بەرکاری نەگۆڕێ و، ڕەگی داهاتووی کارەکە وەردەگیرێت و (ـ را) بۆ ڕابوردوو و(ـ رێ) بۆ ڕانەبوردووی نادیاری لە دیالێکتی ناوەڕاست بەکاردێت( ل٤١)، پاشان هاتۆتە سەر دیالێکتی ژووروو و ئەوەی خستۆتەڕوو، کە کارەکە

---

١. لیژنەی دەستووری زمانی کوردی(١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ل ٤١.

٢. لێرەدا لیژنە لەبری دیالێکتی ناوەڕاست، دیالێکتی خوارووی بەکارهێناوە.

دەکرێتە چاوگ و بەهۆی کاری یاریدەدەری (هاتن) دێتە کایەوە، وەک: **تۆ هاتیتە دیتن.** (ل٤٢).

پاشان لە زاری هەورامی ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە (ــ یا) دەخرێتە دوای ڕەگی کارەوە و مۆرفێمی کات لە دوای پاشگرەکەوە دێت، وەک: **(کوشت، کوشتیا) (بر، بریا).** (ل٤٣)

پاشان لە زاری لوڕیدا لیژنە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە((**بۆ سازکردنی فرمانی بکەرنادیار پێڕەوی هەمان دەستوورەکانی زاری هەورامانی دەکرێ، وەکو: (کوژیا، بریا، خوریا)** ))(ل٤٣)، پاشان لیژنە هەندێک تێبینی لەبارەی ڕستەی بکەرنادیاری خستۆتە ڕوو، بەوەی کە هەمیشە لە کاری تێپەڕدا دادەڕێژرێت، دواتریش هۆکاری دەرنەکەوتنی بکەری لە ڕستەدا خستۆتەڕوو، دیارە لیژنە لەم باسەیدا هەندێک لایەنی کەموکووڕی باسەکەی تری کتێبی(ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی) پڕکردۆتەوە لەبارەی هۆکارەکانی بکەرنادیار لە ڕستەدا و خستنەڕووی دەستوورەکانی بکەرنادیار لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا.

وریا عومەر ئەمین لە باسێکیدا لەژێر ناوی **(ڕستەی بکەرنادیار)**دا[1]، لە هەردوو دیالێکتی سەروو و دیالێکتی ناوەڕاستی کۆڵیوەتەوە، سەرەتا یاساکانی دیالێکتی ناوەڕاستی خستۆتە ڕوو، کە بەم شێوەیە:

١- بکەر و ڕاناوی لکاو لائەبرێت.

٢- بەرکار دێتەخوار و جێی بکەر ئەگرێ، بەڵام چەمکی (بەرکار)ی خۆی نادۆڕێنێ.

٣- ڕەگی داهاتووی فەرمانەکە وەرئەگیرێت و گەر کاتەکە لە ڕابوردوو بوو (ڕا)ی، وەک پاشگری ئەخرێتە سەر، گەر کاتەکە داهاتوو بوو (ڕێ).

٤- مۆرفێمی جۆری کات ((مەبەست لەمە (ئە)ی هەمیشەیی و (بوو)ی ڕابوردووی تەواو.. هتد)) شوێنی خۆی ئەگرێ.

٥- بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە ڕاناوێکی لکاوی ئەخرێتە سەر فەرمانەکە، وەک تێنەپەڕ خۆی ئەنوێنێ. (ل٣٤)، پاشان نموونەی هێناوەتەوە:

**من ئێوەم دیبوو ← ئێوە بینرا بوون.**

بۆ دیالێکتی سەرووش، ئەم یاسایەی خستۆتەڕوو:

---

١- وریا عمر أمین(١٩٨٢)، ڕستەی بکەرنادیار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(٩٥)، ل ٣٤ - ٣٥.

١ـ بکەر و ڕاناوی لکاو لائەبرێت..
٢ـ بەرکار دێتە خوار.
٣ـ چاوگی کارەکە وەئەگیرێت.
٤- (هاتن ـ ە) زیاد ئەکرێ و ئەخرێتە پێش فەرمانە بە چاوگ کراوەکە.
٥- کاتی فرمانەکە لەبەر فەرمانی (هاتن) ئەکرێ.
٦- بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە ڕاناوێکی لکاو بە فرمانی (هاتن)ەوە ئەلکێنرێت (ل٣٥)، وەک:

**تە کاوە و دارا دیتن.**

**کاوە و دارا هاتنە دیتن.**

نووسەر لەم باسەیدا توانیویەتی بە شێوەیەکی دروست شێوازی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیاری بخاتە ڕوو، ئەگەرچیش کەموکووڕی تێدا دەبینرێت، لەوانە (ـ را)ی بۆ ڕابوردووی نادیار و (ـ رێ)ی بۆ ڕانەبوردووی نادیار داناوە، بەبێ ئەوەی جیای بکاتەوە، کە مۆرفێمی نادیار کامەیە و مۆرفێمی کاتەکە کامەیە؟ هەروەها وشەی (فەرمان) لەبری کار بەکارهێناوە، کە بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی زەقە، چونکە (فەرمان) واتا (فەرماندان)، کە کەسێک داوای شتێک لە کەسێکی تر بکات، هەروەها نووسەر (بوو) بە جۆری

ڕابوردووی تەواو لەقەڵەم داوە، کە دیسان ئەم (بوو)ە بۆ جۆری ڕابوردووی دوور لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، هەروەها کاری یاریدەدەری (هاتن)ی بۆ ڕوون نەکردووینەتەوە، کە بۆ ڕابوردوو چۆنە؟ و بۆ ئێستا و داهاتوو چۆنە؟ چونکە وەکو دەزانین بۆ ڕابوردوو دەبێتە (هاتە) و بۆ ئێستا دەبێتە (دهێتە) و بۆ داهاتوو دەبێتە (دێ هێتە) و دەکەونە پێش چاوگەکە.

مامۆستا وریا عومەر ئەمین لە باسێکی تریدا بە ناوی **(تێنەپەڕ فرمانێکی بکەرنادیارە)**[1]، دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە **((بکەری هەموو فرمانێکی تێنەپەڕ لە بناغەدا بەر کارە))**(ل١٩٧)، بۆیە نووسەر کۆمەڵێک ڕستەی بۆ سەلماندنی قسەکانی هێناوەتەوە، بەڵام دەبێ لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە **((ئێمە دەتوانین لە ڕووی واتاوە ئەو کارانەی، کە بکەر هیچ دەورێکی لە ڕوودانیاندا نییە، وەک کارێکی بکەرنادیار سەیر بکەین، بەڵام هەموو**

---

١- وریا عمر أمین(١٩٨٥)، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەرنادیارە، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٠٧)، ئەیلوولی ١٩٨٥، ل١٩٦- ٢٠٠.

**کارێکی تێنەپەڕ وەکو کاری بکەرنادیار سەیر ناکرێ))**[1]، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم دوو نموونەیە بکەین:

**خانووەکە ڕووخا.**

**ئازاد نوست.**

لە ڕستەی یەکەمدا (خانووەکە) بکەر نییە، چونکە هێزێکی نادیار هەیە، کە خانووەکەی ڕووخاندووە و، دەتوانرێ ئەم ڕستەیە بەبێ بکەر دابنرێت، کە هەرچەندە کارەکەشی تێنەپەڕە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا (ئازاد) بکەری ڕستەکەیە و، (نوست) کارێکی تێنەپەڕە، بۆیە ناکرێت هەموو کارێکی تێنەپەڕ بە ڕستەی بکەرنادیار لەقەڵەم بدەین.. دواتر نووسەر وەکو باسەکەی تری یاساکانی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیاری خستۆتە ڕوو.

د. نەسرین فەخری لە کتێبی **(ڕێزمانی کوردی)**دا[1]، لە لاپەڕەکانی (١٦٠ ـ ١٦٦) باسی بکەردیار و بکەرنادیاری

---

١. فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٨٨)، نادیاری ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، بەشی کوردی، ل ٢٩.

کردووە. لە دەستپێکدا پێناسەی ئەم دیاردەیەی کردووە، دواتر هاتۆتە سەر یاسای چۆنیەتی گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بە یاریدەی (ــ را) بۆ ڕابوردوو و (ــ رێ) بۆ ئێستا و داهاتووی بەکاردەهێنرێت و، هەمیشە دەبێ کارەکەش تێپەڕ بێت **((پێشتر سادە یا دروست کراو یان لێکدراو بێت، چونکە بە ون بوونی یان لادانی بکەر لە ڕستەدا (کراو) بەرکار دەلکێن بەوەوە، بۆ نموونە:-**

**قوتابییەکە دەرسەکەی نووسی.**

**دەرسەکە نووسرا...))**( ل ١٦١ – ١٦٢).

پاشان هاتۆتە سەر باسی یاسای ڕابوردوو و ئێستا و داهاتووی بکەرنادیار، کە بۆ ڕابوردوو بەم شێوەیە:

**ڕەگی فرمانی چاوگی تێپەڕ+ ئامرازی (را)**

**نووسین : نووس + را = نووسرا** ( بڕوانە : ل ١٦٢).

بۆ کاتی ئێستا و داهاتووی نادیاریش بەم شێوەیە:

**دە + ڕەگی فرمانی تێپەڕ + رێ**

---

١. نەسرین فەخری(د) و کوردستان موکریانی(د)(١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی ــ بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ل ١٦٠ ــ ١٦٦.

**نووسین: ده + نووس + ریٚ = دەنووسریٚ – ت(ل ١٦٣).**

دواتر نووسەر هاتۆتە سەر شێوازی بکەرنادیار لە دیالێکتی سەروو و، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە کاری یاریدەدەری (هاتن) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ ئەم دیاردەیە، وەک:

**هاتە نووسین. (ڕابوردوو).**

**دەهێتە (دیٚتە) نووسین. (ڕانەبوردوو)** (ل١٦٤).

دواتر لەبارەی دەرنەکەوتنی بکەر لەناو ڕستەدا، دەستنیشانی کۆمەڵێک هۆکاری کردووە، دیارە نووسەر هەروەکو نووسەرانی پێش خۆی شتەکانی دووبارەکردۆتەوە، بەجۆرێک دیسانەکە (- را)ی بۆ ڕابوردووی نادیار و (ریٚ)ی بۆ ڕانەبوردووی نادیار دیاری کردووە، کە ئەمەش هەڵەیەکە، چونکە دەبووایە مۆرفیٚمی نادیار و مۆرفیٚمی کاتی بە تەنیا لەیەکتر جودا بکاتەوە، هەروەها لە دیالێکتی سەروودا نووسەر ئێستا و داهاتووی نادیار لە یەکتر جودا نەکردۆتەوە، چونکە وەکو دەزانین کاری یاریدەدەری (هاتن)، بۆ ڕابوردووی نادیار دەبێتە (هاتە) و بۆ ئێستای نادیار دەبێتە (دهێتە) و بۆ

داهاتووی نادیار دەبێتە (دێ هێتە)، واتا دەستوورەکەی بەم شێوەیە لێ دێت:

**سەرەتای ڕستە + هاتە +چاوگ = نامە هاتە نڤیسین (ڕابوردووی نادیار).**

**سەرەتای ڕستە + دهێتە + چاوگ = نامە دهێتە نڤیسین (ئێستای نادیار).**

**سەرەتای ڕستە + دێ هێتە + چاوگ =نامە دێ هێتە نڤیسین (داهاتووی نادیار).**

د.زەرێ یوسو پۆڤا لە باسێکیدا بە ناوی **(کار)**[1]، ئاماژەی بۆ بکەرنادیار کردووە، نووسەر لە سەرەتادا مۆرفێمی بکەرنادیاری دەستنیشانکردووە، کە مۆرفێمی (- ر)یە و دەڵێت:((**بۆ دارشتنی کاری نادیار مۆرفێمی(ر) بە کۆتایی بناغەی کاتی ڕانەبوردووی تێپەڕدا دەلکێت**))(ل٨٩)، دواتر باسی ئەو گۆڕانکاریانەی کردووە، کە بەسەر بناغەی کارەکاندا هاتووە، لەوانە:

١ـ گۆڕینی بزوێنی (ە) بە بزرۆکە (i):-

**خستن ← (خە) ← خرێ / خرا**

---

١. زەرێ یوسوپۆڤا(د)(١٩٨٧)، کار، وەرگێڕانی د.کوردستان موکریانی، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١١٦)، کانوونی یەکەم، ل ٧١ - ٩٢.

**بردن (به) ← بری / برا**

٢ـ گۆڕینی (ێ) به (i) له بناغه‌دا:-

**نان ← ( نێ ) ← نرێ / نرا**

٣ـ گۆڕینی (i) به بزوێنی (ی):-

**گرتن ← (گر) ← گیری / گیرا**

٤ـ گۆڕینی بزوێنی (ۆ) به (و):-

**خواردن ← (خۆ) ← خورێ / خورا**

٥ـ له‌ناوچوونی مۆرفێمی بزری (ـ ر) و یا لێکدانی هه‌ردوو (ر)ی بزری و (ڕ)ی بنجی بناغه‌ی کار: -

**گۆڕین ← (گۆڕ) ← گۆڕێ /گۆڕا** (بڕوانه: ل ٩٠)

ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنجه نووسه‌ر ته‌نیا له ڕووی وشه‌سازییه‌وه باسی بکه‌رنادیاری کردووه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مۆرفێمی نادیاری به‌ته‌واوه‌تی خستۆته ڕوو، که‌وا(- ر)یه، هه‌مدیسان زۆر به‌ڕێکی باسی ئه‌و گۆڕانکاریانه‌ی کردووه، که به‌سه‌ر ڕه‌گی کاره‌که‌دا دێت له‌کاتی کردنی به بکه‌رنادیار.

سادق بەهائەددین ئامێدی لە کتێبی **(ڕێزمانا کوردی- کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)**دا[1]، باسی بکەردیار و بکەرنادیاری کردووە، بە (کرناپەنی) و (کرنانەپەنی) ناویانی بردووە، سەرەتا نووسەر پێناسەی هەردوو دیاردەکەی کردووە، پاشان هاتۆتە سەر یاسای سازکردنی دیاردەی بکەرنادیار لە دیالێکتی ژووروودا و، تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم دیاردەیە لە دیالێکتی ژووروو هەروەکو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وایە، کە بەهۆی کاری یاریدەدەرەوە ئەنجام دەدرێت **((بەهۆی کاری یاریدەدەر و چاوگەوە کاری بکەرنادیاریان تیا دروست دەبێت))**(ل ٣١٣-٣١٤)٠ پاشان نووسەر هاتۆتە سەر یاساکانی بکەرنادیار لە دیالێکتی ناوەڕاست، بەهۆیەوە هەر هەمان یاسا و نموونەکانی کتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی) بەکارهێناوە، بەبێ ئەوەی دەستکارییێک یان هیچ شتێک بخاتە سەریانەوە.

فەرەیدوون عەبدول محەمەد لە نامەی ماجستێرەکەیدا، کە بە ناوی **(نادیاری- لێکۆلینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان**

---

١. صادق بهاءالدین ئامێدی(١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی – کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، دار الشؤون الثقافیة العامة، بەغدا، ل ٣١٠-٣٢٦.

**دوو زاری کوردیــدا)**[1]، بە دوور و درێــژی باســی ئەم دیـاردەیەی کــردووە، لە بەشــی یەکەمــدا پێـداچوونەوەی کارەکـانی پێشـووی لەبـارەی بـابەتەکە کـردووە، بەشـی دووەمیشی بۆ پێناسین و ئەرکی نادیاری و شیکردنەوەی چەنـد لایەنێکـی ئەم دیـاردەیە تەرخـانکردووە، لە بەشـی سێیەم لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی ئەم دیاردەیەی لە زاری دیالێکتی ناوەڕستی خستۆتەڕوو(نووسەر کرمـانجیی خـوارووی بەکارهێنـاوە) و، لە بەشـی چوارەمـدا لایەنـی وشەســازی و ڕستەســازی نادیــاری لە زاری دیــالێکتی ژووروودا خســتۆتە ڕوو، پاشــان لە بەشــی پێنجەمــدا بەراوردێکـی نادیـاری لە نێـوان هەردوو زارە کـوردییەکە لەڕووی لایەنـی لێکچـوون و جیـاوازییەوە کـردووە، دیـارە گومـانی تێدا نییە ئەم لێکۆڵینەوەی (فەرەیدوون عەبدول) بە یەکێــک لە باشــترین لێکــۆڵینەوە لەبــارەی نادیــاری دادەنرێــت، کە زۆر بە درێــژی و تەواوەتــی لە زۆربەی لایەنەکانی ئەم دیاردەیەی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە، هەر ئەمەش وای کــردووە و، بە کەمــی نــازانین گەر بڵێــین

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٨٨)، نادیاری - لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ل ١-١٤١.

سەرچاوەی سەرەکی و هاندەری یەکەمی کارەکەمان ئەم نامەی ماجستێرە بووە، تەنانەت لە دانانی پلانی باسەکەمان و شێوازی کارکردنیشمان پێڕەوی زۆر لە پلانەکەی ئەومان کردووە، هەروەها لە ڕوانگەی ئەم پلانەوە سەیری زمانی عەرەبیمان کردووە، بۆیە نامانەوێت لەوە زیاتر باسی ئەم باسەی (فەرەیدوون عەبدول) بکەین، چونکە لە بەشەکانی تری باسەکەماندا زۆر جاران دەگەڕێینەوە سەری٠

مستەفا محەمەد زەنگەنە لە نامەی ماجستێرەکەیدا **(کار و ئەرکی لە سینتاکسدا)**[1]، لە لاپەڕەکانی (٢٦-٣١) باسی بکەرنادیاری کردووە، سەرەتا لێکۆڵەر بەم جۆرە باسی ئەم دیاردەی کردووە **((ئەو کارە تێپەڕەیە کە بکەرەکانیان لەڕێگای سازکردنەوە بە مۆرفێمێکی ئاشکرا ناخرێنە ڕوو٠ ئەو ڕاناوە لکاوانەش کە دەچنە سەر کارەکە و دەبنە مۆرفێمی بەرکار ئەمانەن :-**

**بۆ یەکەم کەسی تاک (م)**

**بۆ دووەم کەسی تاک (ی، یت)**

---

١. مصطفی محمد زەنگنە(١٩٨٩)، کار و ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ل٢٦-٣١.

**بۆ سێیەم کەسی تاک (ە)**
**بۆ یەکەم کەسی کۆ (ین)**
**بۆ دووەم کەسی کۆ (ن)**
**بۆ سێیەم کەسی کۆ (ن) ))** (ل ٢٦)

پاشان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بکەرنادیار هەموو شێوەکانی کاری ڕابوردوو و ڕانەبووردووی لێ سازدەکرێت، وەک:- **کێڵرابوو، دەکێڵرا، کێڵرا** ٠٠٠(ل ٢٧).

پاشان هاتۆتە سەر چۆنیەتی سازکردنی بکەرنادیار، بەهۆیەوە کۆمەڵێک خاڵی خستۆتە ڕوو، ئەوەی جێگای سەرنجە (لێکۆڵەر) هەروەکو نووسەرانی پێش خۆی، ئەو هەڵەیەی دووبارە کردۆتەوە، کاتێک کە دەڵێت:((**مۆرفێمی (را) کە نیشانەی کارانادیارە بۆ ڕابوردوو (ڕێ) بۆ داهاتوو دەخرێتە سەر کۆتایی مۆرفێمی واتا هەڵگری کارەکە**))(ل٢٨)، کە ئەمەش دووبارە مۆرفێمی نادیاری و مۆرفێمی کاتی کارەکەی تێکەڵی یەکتر کردووە، دواتر لێکۆڵەر ژمارەی بەشداربووانی مۆرفێمەکانی جێگای بکەرنادیار لە کارەکانی سادە، دارِژاو و لێکدراوی خستۆتەڕوو.

ئەوەی جێگای سەرنجە لێکۆڵەر شتێکی تازە و ئەوتۆی نەخستۆتە ڕوو، بەڵکو هەمان ڕێسا و شتەکانی بەر لە خۆی دووبارەکردۆتەوە.

ئەحمەد حەسەن فەتحوولڵا لە نامەی ماجستێرەکەیدا **(بکەر وەک بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا)**[1]، لە چەند لاپەڕەیەکی جودا جودا باسی دەرنەکەوتنی بکەر وەک بەشێکی سەربەخۆ لە ڕستەدا کردووە، لێکۆڵەر هەوڵیداوە، کە هەردوو لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی لایەنەکە بخاتە ڕوو، بەجۆرێک دەڵێت:**((مۆرفیمی کەس و ژمارەی بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاری ڕابوردووی نادیار دەرناکەوێت، واتا مۆرفیمێکی سفرە، نموونە کوژرا، کوژرابوو، دەکوژرا))**(ل ٧٣).

هەروەها لێکۆڵەر لە میانەی خستنەڕووی لایەنی وشەسازی بکەرنادیار، ئەوا مۆرفیمەکانی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو:(بڕوانە: ل٧٣ ).

١ـ احمد حسن فتح الله(١٩٩٠)، بکەر وەک بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ل٤١.

داخـــــران

دا　　خ　　را　　ن

پێشگری　　ڕەگی کار　مۆرفێمی　　مۆرفێمی کەس و

مۆرفۆلۆجی　　ڕابوردوو　　ژمارەی بکەر (بڕوانە: ل٧٣)

ئەوەی جێـی تێبینیـیە، کە لێکـۆڵەر (ــ را) و (ــ ریَ)ی بەیەکەوە بــۆ مــۆرفێمی نادیــاری و مــۆرفێمی کــات بەکارهێنــاوە و، شــتێکی وەهــای نەخســتۆتە ســەر ئەم باسەی، کە بەر لە خۆی کەس باسی نەکردبێت.

وریــا عــومەر ئەمــین لە باســێکیدا بە نــاوی **(لە پێوەنــدییەکانی بــکەری نادیــار)**دا[1]، باســی دیــاردەی بکەرنادیاری کردووە، بەهـۆیەوە یاساکانی گـۆڕینی بکەر دیار بـۆ بکەرنادیار خستۆتە ڕوو، بەڵام ئەوەی ئەم وتارە لە وتارەکـانی تـری جـودا دەکـاتەوە، ئەوەیە کە نووسـەر تەنیا مـۆرفێمی (ــ ر) بە مـۆرفێمی نادیـاری لەقەڵەم داوە و(- ا)ی بۆ ڕابوردووی نادیار و (یَ)ی بـۆ ڕانەبوردووی نادیـار بەکارهێنـاوە **((ئـامرازی بکەرنادیـار (ر) دەخـرێتە سـەر ڕەگـی فرمـانەکە، مـۆرفێمی کـاتی دەچێـتە سـەر بـۆ**

١. وریا عمر امین(١٩٩٢)، لە پەیوەندییەکانی بکەری نادیار، گ.ڕۆشنیری نویَ، ژ.(١٢٩)، ل٨-٢٢.

**ڕابوردوو، و (یٚ) بۆ داهاتوو))**(ل١٨)، پاشان نووسەر ئاماژە بۆ هەندێک حاڵەتی ناوازە کردووە، کە بەهۆیەوە بکەرنادیار لە ڕەگی ڕابوردووەوە وەردەگیرێت، وەک:

| **چاوگ** | **ڕەگی داهاتوو**[1] | **ڕەگی ڕابوردوو** | **فرمانی بکەری نادیار** |
|---|---|---|---|
| ویستن | ەویٚ | ویست | ویسترا |
| وتن | ڵیٚ | وت | وترا |
| گوتن | ڵیٚ | گوت | گوترا |
| لیٚستن | لیٚس | لیٚست | لیٚسترا(ل١٨) |

دواتر نووسەر لەبارەی ئەو گۆڕانکاریانەی، کە بەسەر ڕەگی وشەکەدا دیٚت، هەندێک تێبینی خستۆتە ڕوو(ل١٩)، وەک:

أ- ئەو کارانەی کە ڕەگی داهاتوویان بە (ە) یا بە (یٚ) کۆتایی دیٚ، کە دەکرێنە بکەرنادیار،(ە) و (یٚ) دەتوێنەوە:

**کردن ← کە ← کرا**

ب ــ ئەگەر ڕەگەکە بە (ۆ) کۆتایی هاتبیٚ، (ۆ) دەبیٚتە (و)، وەک:

---

١- نووسەر ڕەگی داهاتووی بەکارهێناوە، بەڵام بە ڕای ئێمە (ڕەگی ڕانەبردوو) گشتیترە و لەجیٚی خۆیەتی.

**خواردن ← خۆ ← خور**

ج ـ (i) ی گرتن (girtin) دەبێتە (و)، وەک:

**گرتن ← گر ← گیرا**

د ـ ئەگەر ڕەگی کار بە (ر) کۆتایی هاتبێ، بەشێوەیەکی گشتی (ر)ی بکەرنادیار تێدا دەتوێتەوە، وەک:

**گۆڕین ← گۆڕ ← گۆڕ + را ← گۆڕا**

دیارە ئەم تێبینییانەی نووسەر جێگای سەرنجن، بۆ ئەوەی لە کاتی دانانی هەر یاسایەک ئەم حاڵەتانە لەبەرچاو بگرین، کە هیچ یاسایەک سەد دەر سەد لەسەر شتەکان جێبەجێ نابێت، واتا هەر حاڵەتی ناوازە و بیژۆک دروست دەبێت.

دکتۆر نەسرین فەخری لە باسێکیدا بە ناوی **(کەی؟ کار بە بکەرنادیار تۆمار دەکرێت؟ چۆن و بۆ؟)**[1]. نووسەر لەم بابەتەیدا زیاتر ئاماژەی بە یاسای سازکردنی بکەرنادیار کردووە، کە بەهۆیەوە چەند یاسایەکی لە شێوەی خواروو (واتا دیالێکتی ناوەڕاست)دا خستۆتەڕوو:

**ئەرێی ڕابوردوو = ڕەگی کار + را**

**ئەرێی ئێستا = دە + ڕەگی کار + رێ**

---

١ـ نەسرین فەخری(د)(١٩٩٣)، کەی؟ کار بە بکەرنادیار تۆمار دەکرێت؟ چۆن و بۆ، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٣٠)، ل٧١-٧٨.

**نەرێی ڕابوردوو = نە + ڕەگی کار + را**

**نەرێی ئێستا = نا + ڕەگی کار + رێ**

دواتر هەندێک نموونەی هێناوەتەوە، وەک:

**کاروان کوژە باش بینرا**

**کاروان کوژە باش دەبینرێ**

**کاروان کوژە باش نەبینرا**

**کاروان کوژە باش نابینرێ** (ل٧٢ ـ ٧٣)

دواتـــر نووســـەر لە شـــێوەی ژووروودا، بەم شـــێوەیە یاساکانی خستۆتە ڕوو:

**(بناغەی کاری چاوگی هاتن)ی تێنەپەڕی یارمەتیدەر + چاوگی تێپەڕی ڕووداو.** (بڕوانە: ل ٧٢ـ٧٤)، وەک:

**هاتە دیتن.**

بۆ نەرێکردن، (نە) دەکەوێتە پێش کاری یارمەتیدەرەکە، وەک:

**کاروان کوژە نەهاتە دیتن.**

بۆ ئێستا و داهاتووش، کارە یارمەتیدەرەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، (دهێتە) بۆ ئێستا و (دێ هێتە) بۆ داهاتوو و (ناهێتە) بۆ نەرێی ئێستا و داهاتوو، بەم شێوەیە: -

**کاروان کوژە باش دهێتە دیتن.**

**کاروان کوژە باش ناهێتە دیتن.**

**کاروان کوژە باش دێ هێتە دیتن.**
**کاروان کوژە باش ناهێتە دیتن.**

دیـــارە نووســـەر ئەو شـــێوازەی، کە لێـــرەدا پێـــڕەوی کردووە، لە دەرخستنی یاسای ئەرێ و نەرێی بکەرنادیار بـۆ کاتەکـانی ڕابـوردوو، ڕانەبـوردوو لە هەردوو دیـالێکتی دیـالێکتی سـەروو و ناوەڕاسـتدا، شـتێکی کەم نییە، بەڵکـو وردبوونەوەیەکی تەواوی پێوە دیارە و، زۆر وردبینـانە بـۆ دیـــاردەی بکەرنادیـــار چـــووە، ئەگەرچـــی هەنـــدێک کەموکـووڕی بەدیاردەکەوێـت، لەوانە نووســـەر تەنیـا لە ئاسـتی وشەسـازی بـۆ دیـاردەکە چـووە و خـۆی لەلایەنـی ڕستەسـازی نەداوە، هەروەهـا هەروەکو نووسـەرانی پـێش خـۆی (ـ را)ی بـۆ ڕابـوردوو، (ـ رێ)ی بـۆ ڕانەبـوردوو لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دانـاوە، بەبێ جیاکردنەوەی مـۆرفێمی نادیاری و مۆرفێمی کاتی کارەکە.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە باسێکیدا بە نـاوی **(کرداری کارا دیار و کرداری کارا بـزر لە زمـانی کوردیدا)**[1]، بە دوور و درێـژی لەم دیـاردەی کۆڵیـوەتەوە، لە سـەرەتادا

---

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(١٩٩٤)، کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی ٢٥ و ٢٦، بەغدا، ل٦٦-٩٧.

دیاردەی دیاری و نادیاری بەرانبەر یەکتر ڕاگرتووە، بە هێنانەوەی ڕستە بۆ هەردوو دیاردەکە و ڕوونکردنەوەی وردی بۆ بابەتەکە خستۆتە ڕوو، پاشان نووسەر باسی دیاردەکەی لە زمانەکانی تر کردووە و، یاساکانی ئەم دیاردەیەی لە زمانەکانی تردا وەکو (فارسی، بلوجی، لاتینی...هتد) خستۆتە ڕوو .. دواتر هاتۆتەوە سەر باسی دیاردەکە لە زمانی کوردیدا و ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە مۆرفێمی (ـ ر) مۆرفێمی نادیارییە و بە کۆتایی ڕەگی کاری ڕانەبوردووەوە دەلکێت، دواتر سێ حاڵەتی بۆ بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا دەستنیشانکردووە (ل٧٥)، کە ئەوانیش:

١- ئەگەر فۆرم چاوگ بێ و چاوگەکەشی بە هەر چەشنێک کۆتایی هاتبێ (ان، ین، وون، دن، تن )، ئەوا سەرپاکیان دەبن بە (ان )، واتا ڕەگی کاری ڕانەبوردوو + ان، بۆ نموونە:

**هێنان ← هێن + ر + ان = هێنران**

**کوشتن ← کوژ + ر + ان = کوژران ..** (ل٧٦).

٢-ئەگەر کار لە ڕێژەی ڕانەبوردوودا بێ، مۆرفێمی (ێ) وەردەگرێ، واتە: مۆرفێمی (دە/ ئە) ی ڕانەبوردووی + ڕەگی ڕانەبوردوو + ر + ێ، بۆ نموونە:

**هێنان ← دە / ئە + هێن + ر + ێ ← دەهێنرێ**

٣ــ ڕێـژەی ڕابـووردووی کـار، مـۆرفێمی (ا)ی پێـوە دەلکێنرێ، واتە: ڕەگی کاری ڕانەبوردوو + ر + ا، وەک:

**هێنان ← هێن + ر+ ا = هێنرا**

نووسـەر لە میانەی قسـەکانیدا ئەوەی دەرخسـتووە، کە تەنیـا (ـ ر) مـۆرفێمی نادیـارییە و (ـ ێ)مـۆرفێمی کـاتی ڕانەبـــوردووە، (- ا) مـــۆرفێمی کـــاتی ڕابـــوردووە، کە بەهـۆیەوە ڕاسـتی بکەرنادیـاری لە ڕووی وشەسـازییەوە خسـتۆتە ڕوو، کە چـۆن سـازبووە، بەڵام ئەوەی جێگـای سەرنجە نووسـەر (ـ ان)ی بە مۆرفێمی چاوگ لە حاڵەتی بکەرنادیاریدا دیاری کردووە. (ل٧٦)، کەچی لە ڕاستیدا لە زمانی کوردیدا تەنیا بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردوو حاڵەتی بکەرنادیـار هەیە و سـازدەبێت و، ئەم (ن)ە، جێنـاوە بـۆ کەسەکە دەگەڕێتەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش با بیخەینە ناو ڕستەیێک، ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەک:

**خواردنەکان هێنران.**

لەم نمـوونەی سـەرەوەدا بۆمـان دەردەکەوێـت، کە (ن) جێنـاوی لکـاوە بـۆ کەسـی سـێیەمی کـۆ، واتـا بـۆ (ئەوان) دەگەڕێـتەوە و ڕسـتەکەش ڕسـتەیەکی بکەرنادیـارە، واتـا ڕستەکە لە بناغەدا بەم شێوەیە:

**ئەوان خواردنەکانیان هێنا.**

دواتر نووسەر هاتۆتە سەر هەندێک حاڵەتی تر، کە لە یاسای بکەرنادیاردا دەبینرێت، وەکو وەرگرتنی ڕەگی ڕابوردوو بۆ سازکردنی بکەرنادیار (بڕوانە: ل٨١ ـ ٨٦)، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕابوردوو (قەد) | بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| وتن/ گوت | لێ | وت / گوت | دەوترێ،دەگوترێ |

یاخود بوونی هەردوو ڕەگی ڕانەبوردوو و ڕابوردوو بۆ بناغەی بکەرنادیار، وەک:-

**هاویشتن ← هاویژرا، دەهاویژرێ← هاوێشترا، دەهاوێشترێ**

نووسەر لێرەدا هەوڵیداوە زۆربەی زۆری حاڵەتەکانی دەستووری بکەرنادیار بخاتە ڕوو، دواتر هاتۆتە سەر یاسای سازکردنی بکەرنادیار لە دیالێکتی سەروو و هەورامیدا و، ئەوەی بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ بێ ئەوەیە، کە (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لەم باسەیدا هەندێک حاڵەتی ڕستەسازیی بکەرنادیاری خستۆتە ڕوو، بەو جۆرەی کە هەندێک ڕستەی زمانی کوردی لەسەر یاسای بکەرنادیار ڕۆیشتووە، کەچی بکەرەکەی لە ڕستەدا ئاماژە

پێکــراوە ((**لە زمــانی کوردیــدا حــاڵەتی ئەوتــۆ بەرچــاو دەکەوێ، کە بەڕێگەی وەسفی ڕستەسازیدا پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ**))(ل ٩١)، وەک:

**ئازاد لەلایەن نەوزادەوە نێرراوە.**

لێـــــرەدا بە یاریـــــدەی دەســـــتەواژەی (لەلایەن... ەوە)بــکەرەکە خــراوەتە ڕوو، بە هەر حــاڵ ئەو باســەی (ئەورەحمانی حاجی مارف) دەکرێت بە یەکێک لە باشترین لێکــۆڵینەوە و باســەکانی بکەرنادیــار لە زمــانی کوردیــدا بژمێردرێــت، کە بەهــۆیەوە لە زۆربەی زۆری حــاڵەت و شێوازی بکەرنادیاری کۆڵیوەتەوە، هەروەها دەرگای تری خستۆتە سەر پشت بۆ زیاتر وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە ناواخنی ئەم دیاردەیە لەناو زمانی کوردیدا.

عەبــدوڵڵا حوســێن ڕەســووڵ لە نــامەی دکتۆراکەیــدا (**مــۆرفێمە ڕێزمانیەکــانی کــار**)دا[١]، لە چەنـد لاپەڕەیەکـدا ئامــاژەی بــۆ بکەرنادیــار کــردووە و، تیایــدا دەڵێــت: ((**مـــۆرفێمی بکەرنادیـــار ئەو مـــۆرفێمەیە کە ئەرکـــی ئەنجامدانــی کارێک ئەداتە پاڵ توخمێکی (کەس یا شت)**

---

١. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(١٩٩٦)، مۆرفێمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا.

**دەست نیشان نەکراو))**(ل١٦٦). دواتر لێکۆڵەر ئاماژەی بۆ مۆرفێمی (ر) کردووە و دەڵێت:**((مۆڕفێمی (ر) جگە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەر، ئەتوانێ ڕستەی بکەرنادیاریش دروست بکا))**(ل١٦٩). دەبێ لێرەشدا ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەوەی لێکۆڵەر لە نووسەران و زمانەوانان و لێکۆڵەرانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لێکۆڵەر لەو بڕوایەدایە کە لە ڕستەی بکەرنادیاردا هەر دەبێت (بکەر) بمێنێتەوە، کە دەڵێت:**((پیتی (ر) جێگەی بکەر ئەگرێتەوە، وەک مۆڕفێمێکی گشتی نادیار، نەک بەرکار، چونکە بەرکار هەر بەرکارە و گۆڕانی بەسەردا نایێ))**(ل٥٤).

مەهاباد کامیل عەبدوللا لە نامەی ماستەرەکەیدا **(کار لە دیالێکتیی خواروو و هەورامی دا)**[1]، باسی بکەرنادیاری کردووە و لێرەدا ئەم دیاردەیەی لە دیالێکتی ناوەڕاست (لێکۆڵەر بە دیالێکتی خواروو ناوی بردووە) و هەورامی خستۆتە ڕوو، کە دەڵێت:**(( مۆرفێمی نادیاری لە دیالێکتی خواروودا (ر)ە، بەڵام مۆرفێمی تایبەت بە ڕابوردووی**

---

١. مهاباد کامل عبدالله(١٩٩٦)، کار لە کرمانجی ی خواروو و هەورامی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ل٨٧.

**نادیاری (ـ ا)یە، کە دەکەوێتە پاش مۆرفێمی نادیارەکەوە، وەک:**

**(هێنرا) (ئاوریا).**

**بەڵام مـــۆرفێمی (یـــ) تـــایبەتە بەم ڕێـــژەیە لە زاری هەورامـی دا))**(ل٨٧). دواتـر لێکـۆڵەر هـاتۆتە سـەر حـاڵەتی کـــاری ڕانەبـــوردووی نادیـــار و، لەم بـــارەوە دەڵێـــت: ((**مـۆرفێمی تـایبەت بە ڕانەبـوردووی نادیـار لە دیـالێکتی خوارووی (- ێ)یە، بەڵام لە زاری هەورامیدا (ـ ه ـ)یە کە دەکەوێتە پاش مۆرفێمی نادیاری، وەک:**

**دەکوژرێم کوشیەو**

**دەخلیسکێنرێم خزنیەو .......**))(ل٨٧).

ئەوەی دەمانەوێـــت ئامـــاژەی بـــۆ بکەیـــن ئەوەیە، کە لێکۆڵەر زۆر بەسانایی باسی ئەم حاڵەتەی کردووە، چونکە بـابەتەکەی یـاخود باسـەکەی بەراوردییە لە ڕووی کـارەوە بە گشـتی لە نێـوان هەردوو زاری کـوردی (ناوەڕاسـت و هەورامی)دا .

شـێرکۆ بابـان لە کتێبـی **(نەخشـەی ڕۆنـانی ڕێـژەی کـار)**دا[1]، باسـی بکەرنادیـاری کـردووە، نووسـەر بـڕوای

---

١ـ شێرکۆ بابان(د)(١٩٩٩)، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل١٠٤-١٠٥.

وایه، كه بكەرنادیـــار چـــاوگێكی ئەلفـــی تێـــنەپەڕە، دواتـــر ئەوەی خســـتۆتە ڕوو، كە ( - ر - ) مـۆرفێمی بكەرنادیـارە و، (ێ ) مـــــۆرفێمی ڕانەبـــــوردووە و، (ا ) مـــــۆرفێمی ڕابوردووە(ل١٠٤-١٠٥)، هەروەها بۆ سـەلماندنی قسـەكانی لەبـارەی ئەوەی، كە چـاوگی بكەرنادیـار چـاوگێكی ئەلفـی تێنەپەڕە، هەندێك نموونەی هێناوەتەوە، وەك:

**نووسین ← نووسران**

**سوتان ← سوتاندن ← سوتێنران**

دواتر دەڵێت:((**لەئێرەدا بە ئاشكرا چاوگی(نووسران و سووتێنران بریتین لە ( چاوگی ئەلفی تێ نەپەڕ) بە ئەم پێیە دەبێت یەكسان بن بە هەر چاوگێكی بنجی تێ نەپەڕ بەرانـبەر بە مـورفیمی (ێ)** ))(ل١٠٤)، ئەوەی گەرەكمـانە لێـرەدا ئامـاژەی بـۆ بكەیـن ئەوەیە، كە ئەم (ن)ەی دوای مـۆرفێمی نادیـاری و مـۆرفێمی كـات، جێنـاوی لكـاوە، نەك (ن)ی چـاوگ، هەروەهـا ئـێمە ئەم ڕایەی نووسـەر بە هەڵە لەقەڵەم دەدەین، كە بڵێت لە زمانی كوردیدا چاوگی نادیـار هەیە، چـونكە چـاوگ یەكێـك لە خاسـیەتەكانی ئەوەیە، كە (كـات)ی تێـدا نەبێـت و نەدرێـتە پـاڵ كەسـێك، كەچـی بكەرنادیـار هەردەم دەبێـت لەگەڵ كاتـدا ڕووبـدات، واتـا

ڕابوردووی نادیار و ڕانەبوردووی نادیار دەگرێتەوە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:-

**پووشەکان سووتێنران.**

بەرکار    کاری بکەرنادیار    جێناوی لکاو

لێرەدا (ن) جێناوی لکاوە بۆ (ئەوان) دەگەڕێتەوە، کە دەرنەکەوتووە.

د.محەمەد مەحوی لە کتێبی **(ڕستەسازیی کوردی)**[1]، باسی ئەم دیاردەیەی کردووە، نووسەر لە سەرەتای باسەکەیدا لە ڕوانگەی ڕستەسازییەوە بۆ دیاردەکە چووە، دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو، کە ڕستەی کاری بکەری نادیار بەخشینێکی بکەری لەناو ڕستەدا جێدەهێڵێت، وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:-

**بە دەست، لە نەوزاد درا.**

**نەوزاد، بە دەست لێی درا.**

نووسەر لەبارەی ئەم ڕستانەوە دەڵێت:**((تیۆری بەخشینی ڕاستەوخۆی دۆخی ڕێزمانی بکەر، دەشێت هەر**

---

١- محەمەد مەحوی(د)(٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانیی، ل٩.

**ڕەگەزێکی لەگەڵ بەشی کرداردا هاوکەس بێت (لە کەس و ژمـارەدا وەکـیەکن) ببێـت بە بـکەری بەشـی کـرداری بکەرنادیـار. کەواتە لە بەخشـینی ڕاسـتەوخۆی دۆخـی ڕێزمـانیی بکەرییـدا ئەم چەشـنە ڕسـتانە ڕێیـا پێـدەدرێت))**(ل٩٣)، دیـارە گومـانی تێـدا نیـیە، کە ئەم کەرەستانە هێمایەک بۆ هەبوونی بکەری ڕستەکە دەکەن، بەڵام نـاتوانین بە بکەریـان دابنێـین، تەنـانەت هەنـدێ شـێوازی ترمـان هەیە، کە (بـکەر)ەکەیـان ئامـاژەپێکراوە لەنـاو ڕسـتەدا و بـوونی هەیە، لەم حـاڵەتە بەم بـکەرانە دەوترێـت (بکەرنادیـاری ئامـاژەپێکراو)، هەروەکـو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارە:

**ئازاد لەلایەن ڕزگارەوە کوژراوە.**

لێرەدا بەهۆی دەستەواژەی **(لە لایەن ....ەوە)** ئاماژە بە بکەری ڕستەکە کراوە، کە ئەویش (ڕزگار)ە، واتا (ڕزگار) بکەرە و (ئازاد)ی کوشتووە. دواتر نووسەر لە لاپەڕەکانی (٢٣١-٢٣٢) دیسـانەکە هـاتۆتەوە سـەر باسـکردنی بکەرنادیار، لە باسێکدا بە ناوی **(تێپەڕیی و تێنەپەڕیی دوو پرۆسـەی مۆرفۆلـۆژیی)** ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـردووە، تێنەپەڕیـی و تێپەڕیـی پێوەنـدییان بە بکەرنادیـارەوە هەیە، دواتـر دەڵێـت :**((ئەمجـا لە کـردارە تێـپەڕە ڕاسـتەقینە و**

**ناڕاستەقینەکان کرداری بکەرنادیار بە یاریدەی مۆرفێمی بکەرنادیار / را – رێ / هەڵدەگوێزرێت))**(ل٢٣١)، وەک:-

**دزەکە گیرا.**

**دزەکە دەگیرێت – دەگیردرێت.**

تۆفیق وەهبی لە کتێبی **(کورد و زمانی کوردی)**دا[١]، لە لاپەڕەکانی ( ٤٣-٦٢ ) باسی بکەرنادیاری کردووە، نووسەر لەم باسەیدا هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێت، کە پاشگری ( - یا ) بەڵگەیەکی مانەوەی مۆرفێمی بکەرنادیاریی هیندۆئێرانییە لە زمانی کوردیدا، بەهۆیەوە کۆمەڵێک نموونە لە شێوەزارەکانی کوردی و زمانە هیندۆئێرانییەکانی هێناوەتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی شێوازی دروستبوونی بکەرنادیار، نووسەر لەبارەی ئەم دیاردەیە لە (دیالێکتی)دا[٢] دەڵێت:**((شێوازی نیمچە**

---

١. تۆفیق وەهبی(٢٠٠١)، کورد و زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە د.عەزیز گەردی، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل٤٣-٦٢.

٢. تۆفیق وەهبی لەم کتێبەیدا، دیالێکتی بەسەر سێ کۆمەڵەی سەرەکی دابەش کردووە: ١-دیالێکتی باکوور: هەندێک لە بەچکە زارەکانی ئەمانەن : بایەزیدی، هەکاری، ئاشتیی، بۆتانی، بادینانی، ..هتد. ٢- دیالێکتی باشوور: بەچکە زارەکانی ئەمانەن: موکری،

**بکەرنادیـــار لە (کـــر)دا [1] بەهـــۆی (-یـــا)ی پاشـــگری بکەرنادیارەوە دروست دەبێ))**(ل٤٨)، وەک:-

**ترس ← ڕەگ**

ترسـیە (ترسـیا) قەدی ڕانەبـوردووی شـێوازی نـیمچە بکەرنادیار.

(ترســـــیا) قەدی ڕانەبـــــوردووی شـــــێوازی نـــــیمچە بکەرنادیار.

(ترسیان) چاوگی شێوازی نیمچە بکەرنادیـار. (بڕوانە: ل٤٩ ـ ٥١).

پاشان هاتۆتە سەر ئەرکی شێوازی بکەرنادیـار، ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە بکەرنادیـار لە کـاری تێپەڕدا ئەوەیە، کە بکەر وەکو بەرکاری کارەکە خۆی دەنوێنێت، وەک:

**یارە کوژرا.**

هەروەهــا ڕەگــی شــێوازی بکەرنادیــار لە شــێوەزاری کرمانجییـدا(جگە لە دیـالێکتی بـاکوور)، بـریتییە لە ڕەگـی ڕانەبوردووی کاری تێپەڕ، وەک:-

**ناردن ← نێر**

---

سۆرانی، سنەیی، سولەیمانی. ٣- کرماشانی: بەچکە زارەکانی ئەمانەن: کەلهوڕی، لەکی، پشتیکووهی. بڕوانە: ل٤٥.

١. کر: لێرەدا کورتکراوەی کرمانجییە.

بەڵام لە دیالێکتی باکووردا شێوازی بکەرنادیار بەوە دەبێت، کە کاری (هاتن) لەپێش چاوگی کارە تێپەڕەکە دابنرێت، کە دەکرێتە شێوازی بکەرنادیار، تەنیا کاری (هاتن) گەردان دەکرێت، بۆ نموونە:-

**کوشتن ← هاتن کوشتن.** (ل٥٢).

ئەگەر بەخێرایی لە بیروڕاکانی (تۆفیق وەهبی) لەم کتێبەیدا ڕابمێنیین، ئەوا دەبینین ئاوێزانییەکی تەواو بەدی دەکرێ، چونکە لە دیالێکتی ناوەڕاست (بە سۆرانی و سلێمانی ناوی بردوونە) مۆرفێمی بکەرنادیار هەرگیز (یا) نییە، بەڵکو (ر) مۆرفێمی نادیارییە، هەروەها لە دیالێکتی گۆران و دیالێکتی خوارووو و کەڵهوری و فەیلیدا، مۆرفێمی نادیاری(- یا)یە، ئەوا هەروەکو نیعمەت عەلی سایە لە کتێبی **(ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی)**[1] ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە دەڵێت: **((بکەرنادیار دروست دەبێت بە لکاندنی مۆرفێمی نادیاری (یا) بە دوای ڕەگی کارەوە + ڕاناوی لکاو، وەکو:**

| **<u>بکەر دیار</u>** | **<u>بکەرنادیار</u>** |
|---|---|
| **میوانەگە شام کردن.** | **شام کریا.** |

١. نیعمەت عەلی سایە(٢٠٠٤)، ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل٣٧.

**دڵـبەر منـاڵەیلەگە خەڵەتـان. منـاڵەیلەگە خەلەتیـان ...))** (ل٣٧).

هەروەهـا نووسـەر تەنیـا لە ڕووی وشەسـازییەوە لە شـێوازی بکەرنادیـاری کۆڵیـوەتەوە، کە بەهـۆیەوە نەچۆتە سەر لایەنی ڕستەسازی.

بـایز عـومەر ئەحـمەد لە کتێبـی **(تێـنس لە دیـالێکتی ژۆروی زمانی کوریدا)**[1]، باسی بکەرنادیـاری لە دیـالێکتی ژووروودا کـردووە، کە بەهـۆیەوە لێکـۆڵەر هەمـوو حاڵەتەکانی کاری ڕابوردووی بکەرنادیـاری خستۆتە ڕوو، وەک ڕابوردووی نادیاری لە حاڵەتی ئەرێدا، یاسـاکەی بەم شێوەیە دیاری کردووە:

**((بکـار + بـنج + مـۆرفێمی ڕابـوردوو + مـۆرفێمی رێککەوتن + ئامراز +ن .کار))** (ل٣٠).

**شوول + هێ + ت + ن + ە + کرن (یٚ)**

**شول هێتنە کرن (هاتنەکرن).**

بۆ حاڵەتی نەرێ، تەنیا (نە) زیاد دەکرێ (ل٤٣)، وەک:

**شول نەهێتنە کرن (نەهاتنەکرن).**

---

١ـ بائیز عمر احمد(٢٠٠٢)، تێنس لە دایالێکتی ژووروی زمانی کوردی گۆڤەری بادینی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک، ل٤٣-٥١.

پاشـان نووسـەر لە لاپەڕەکـانی (٦٩ــ ٧٣) دووبـارە باسـی ئەم دیـاردەیەی کـردووە، لێـرەدا حـاڵەتی کـاتی ئێستای ئەریێ و نەرێی بکەرنادیاری خستۆتەڕوو (ل٦٩)، کە ئەوانیش:ـ

<u>حاڵەتی ئەریێ</u>:

**(بکار +م.ئێستا + بنج + م ڕێکەوتن + ئامراز+ ن.کار)**

**شول + د + هێ +ت + ە + هەبونێ.**

**شول دهێتە هەبونێ.**

<u>حاڵەتی نەریێ</u>:

**(بکار + نەرێ +بنج +م.ڕێککەوتن + ئامراز + ن. کار)**

**شول + نا + هێ + ن + ە + هەبونێ**

**شول ناهێتە هەبونێ.**

واتا ئەوەی کە جیای کردۆتەوە، تەنیا مۆرفێمی نەرێیە. دواتـر نووسـەر لە لاپەڕەکـانی (٨٦-٩٨) هـاتۆتە سـەر حـاڵەتی داهـاتووی بکەرنادیـار، دیسـانەکە حـاڵەتی ئەریێ و نەرێی کارەکەی خستۆتەڕوو (ل٨٦)، کە بەم جۆرەیە:

**(بکار + داهاتوو+ بنج + ڕێککەوتن + ئامراز + ن. کار)**

**شول + دێ + هێ + ت + ە + کرن (ێ)**

**شول دێهێتە کرن.**

**بکار + نەرێ + بنج + ڕێککەوتن + ئامراز + ن. کار**

**شول + نا + هێی + ن + ە + کرن**

**شول ناهێتە کرن.**

ئەوەی جێگای سەرنجە، نووسەر زۆر بەجوانی لایەنی وشەسازی بکەرنادیاری لە دیالێکتی ژووروی خستۆتەڕوو، بەڵام خۆی لە لایەنی ڕستەسازی دوورخستۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا نووسەر هەڵەیەکی زەقی کردووە، کاتێک دەڵێت (بەرکار)، کە شوێنی (بکەر) دەگرێتەوە، ئەوا ئەرکی بکەری پێدەسپێردرێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی زەقە، بەڵکو چەمکی بەرکارێتی خۆی نادۆڕێنی، هەروەکو لە نموونەکانی پێشوودا دەردەکەوێت، کە وشەی (شوول) لە هەموو ڕستەکاندا (بەرکاری ڕاستەوخۆ)یە، نەوەک( بکەر)، چونکە کەسێک هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لەلایەکی ترەوە نووسەر لەگەڵ ئەم هەڵەیەی، کە کردوویەتی، ئەوا توانیویەتی زۆر بەجوانی مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتووی لە دیالێکتی ژووروودا بخاتەڕوو.

نەریمان خۆشناو لە باسێکیدا بە ناوی **(چەمک و پێناسەی کارای نادیار)**دا[1]، ئاماژەی بۆ ئەم دیاردەیە

---

١. نەریمان خۆشناو(٢٠٠٤)، چەمک و پێناسەی کارای نادیار، گ.ئاسۆی پەروەردەیی، ژ. (٤٢)، ل٥١-٦٢.

کردووە، لە دەستپێکدا نووسەر پێناسەی بکەری کردووە، دواتر هاتۆتە سەر بکەرنادیار، کە پێناسەی بکەرنادیار و شێوازی سازکردنی دیاردەکە لە زمانی کوردیدا خستۆتە ڕوو، پاشانیش لەگەڵ زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبیدا بەراوردیانی کردووە، لەم ڕێگەوە ئەوەی سەلماندووە، کە لە زمانی عەرەبیدا دەکرێت لە کاری تێنەپەڕیش سازبکرێت بە ڕەچاوی هەندێک تێبینی، لە زمانی ئینگلیزیشدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردییە، کە تەنیا لە کاری تێپەڕ وەردەگیرێت، وەک:

**ئازاد زەوییەکەی کێڵا.**

↓

تێپەڕ

**زەوییەکە کێڵرا.** (ل ٥٩).

**وَقَفَ المدرسُ أمام الطلابِ.**

↓

تێنەپەڕ (لازم)

**وُقِفَ امام الطلاب.** (ل ٥٩).

I sent layla aletter.

تێپەڕ

I letter was sent to him.(ل ٦٠)

دواتــر نووســەر ئەوەی خســتۆتە ڕوو، کە بکەرنادیــار جــگە لە ڕەگــی ڕانەبــوردوو، ئەوا لە قەدی چــاوگیش وەردەگیرێت، وەک:

**خستن ـــــ خست ـــــ خسترا**

**پەستن ـــــ پەست ـــــ پەسترا**

**گوتن ـــــ گوت ـــــ گوترا**

**ویستن ـــــ ویست ـــــ ویسترا** (ل ٥٥)

دواتــر نووســەر ئەوەی ڕوونکــردۆتەوە، کە مەرج نیــیە ڕســتەی بکەرنادیــار لە زمــانی کوردیــدا تەنیــا لە ڕســتەی بکەردیــارەوە وەرگیرابێــت، هەروەکــو لەم ڕســتەیەدا دەردەکەوێت:

**ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ.** (ل ٦١).

دیــارە ئەوەی جێگــای ســەرنجە، نووســەر لەم کارەیــدا هەردوو لایەنــی وشەســازی و ڕستەســازی بکەرنادیــاری خســتۆتەڕوو، بەڵام بە شــێوەیەکی تــێکەڵاوی، هــەروەها بەشــەکانی بەشــێوەیەکی تایبەتمەنــدانە نەخســتۆتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشــدا ئەم کــارەی شــتێکی کەم نیــیە، کە توانیویەتی بەراوردێکی ڕێک لە نێوان هەر سێ زمانەکە لە حاڵەتی بکەرنادیاریدا بکات.

موکەڕڕەم ڕەشید تاڵەبانی لە وتارێکیدا بە ناوی **(کاری (بکەرنادیار) لە زمانی کوردیدا)**[1]، باسی ئەم دیاردەیەی کردووە، لە دەستپێکدا پێناسەی دیاردەکەی کردووە، دواتر هاتۆتە سەر یاسای داڕشتنی بکەرنادیار لە دیالێکتی ناوەڕاست و سەروودا، نووسەر لە وتارەکەیدا هەڵەکانی نووسەرانی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوە، لەوانە دانانی (-را) بە مۆرفێمی ڕابوردووی نادیار ((**بەپێی بنکە و دەستوور و ڕێساکانی زمانی کوردی، دەبێت بۆ کاری ڕابوردووی بکەرنادیار (را)ی مۆرفێمی نادیاری و بۆ ڕانەبوردووش (رێ)ی مۆرفێمی نادیاری بەکارببرێت**))(ل ١٠٧). هەروەها نووسەر تەنیا لە بواری ئاستی وشەسازیدا لەبارەی بکەرنادیاری کۆڵیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کە بکەرنادیار لە هەموو حاڵەتەکانی ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا دەتوانرێ سازبکرێت، وەک:

**دەرگاکە کرایەوە ـــــ دەکرایەوە ـــــ کرابووەوە وەکراوەتەوە ....**(ل ١٠٢)

---

١. موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی(٢٠٠٤)، کاری بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا، گ. نووسەری نوێ، ژ.(٢١)، ل٩٩-١٠٦.

دواتــر نووســەر هــاتۆتەوە ســەر یاســای دارشــتنی بکەرنادیار لە دیالێکتی ژووروو ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە بە یاریدەی کاری یاریدەدەر سازدەکرێ، بەڵام نووسـەر نەیتوانیـوە بنـاغەی کـاری یاریـدەدەرەکە ئاشـکرا بکـات، کە(هـاتن)ە، کەچـی نووســەر بـۆ ڕابـوردوو (هـاتە) و بـۆ ئێستا و داهاتوو (دێتە)ی بەکارهێناوە، وەک:

**هاتە نڤیسین.**

**دێتە (دێ هێتە) نڤیسین.** (ل ١٠٥)

لە کاتێکدا بۆ ئێسـتا (دهێـتە) بەکاردێت و بـۆ داهـاتوو (دێهێتە) بەکاردێت و دەکەوێتە پێش چاوگەکەوە، واتـا بەم شێوەی لێ دێت:-

**١- بۆ ڕابوردوو ← سەرەتای ڕستە + هاتە + چاوگ**

**٢- بۆ ئێستا ← سەرەتای ڕستە + دهێتە +چاوگ**

**١- بۆ داهاتوو ← سەرەتای ڕستە + دێهێتە+ چاوگ**

نەریمـان عەبـدوڵڵا خۆشـناو لە باسـێکی تریـدا بە نـاوی **(کــاری بکەرنادیــاری لە زمــانی کوردیــدا و چەنــد**

**سەرنجێک)**دا[1]، هەوڵی داوە هەڵەکانی (موکەڕڕەم تاڵەبانی) لەبارەی بکەرنادیارەوە ڕوون بکاتەوە، لە دەستپێکدا نووسەر ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە تەنیا (-ر) مۆرفێمی نادیارییە و(-ا) بۆ ڕابوردوو و (ێ) بۆ ڕانەبوردووی نادیار بەکاردێت، وەک:

**خانووەکە __فرۆشرا__ .**

فرۆش    ر    ا

ڕەگی کار   مۆرفێمی نادیار  مۆرفێمی ڕابوردوو  (ل ١٢١)

**خانووەکە __دەفرۆشرێ__ .**

دە    فرۆش    ر    ێ

مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبوردوو  ڕەگی کار  مۆرفێمی نادیار  مۆرفێمی داهاتوو

(ل ١٢١)

---

١ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠٠٤)، کاری بکەرنادیاری لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک، گ.نووسەری نوێ، ژ(٢٢)، ل١٢٠ ـ ١٢٥.

دواتــر نووســەر بــۆ (نەرێ)کردنــی بکەرنادیــار، ئەوا مــۆرفێمی (نــا)ی بــۆ ڕانەبــوردوو دانــاوە و، (نە)ی بــۆ ڕابوردوو داناوە ((**مۆرفێمی (نا) دەچێتە شوێنی مۆرفێمی (دە)ی ئەرێی ڕانەبوردوو، بەم شێوەیە:**

**دەکوژرێ ← ناکوژرێ**

**دەفرۆشرێ ← نافرۆشرێ**

**بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، ئەوا تەنیا مۆرفێمی (نە ) دەچێتە پێش کارەکە و دەیکات بە کاری نەرێی ڕابوردووی بکەرنادیار، بەم شێوەیە:-**

**فرۆشرا ← نەفرۆشرا**

**کوژرا ← نەکوژرا .........))** (ل١٢٢).

دواتــر نووســەر ئەوەی ڕوونکــردۆتەوە، کە جــگە لە ڕەگــی ڕانەبــوردوو، دەکــرێ لە هەنــدێک حاڵەتــدا لە ڕەگــی ڕابوردووش بۆ سازکردنی بکەرنادیــار بەکــار بێت(ل١٢٣)، وەک:-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕابوردوو | بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| گوتن(وتن) | ڵێ | گوت(وت) | گوترا، دەگوترێ |
| ویستن | ەوێ | ویست | ویسترا،دەویسترێ |

پاشــان نووســەر هــاتۆتە ســەر یاســای ســازکردنی بکەرنادیار لە کرمانجیی سەروو و، هەڵەکانی (موکەڕڕەم تاڵەبانی) لە دەستنیشـانکردنی یاسـای بکەرنادیـار ڕاسـت بکاتەوە، کە بەم جۆرە باسی کردوون(( **گومان لەوەدا نییە کە کارە یاریدەدەرەکان بۆ دروست کردنی بکەرنادیار لە دیالێکتی سەروو، ئەوا لە بناغەدا لە (هاتن) وەرگیراون، کە بەهۆیەوە بۆ ڕابوردوو (هاتە) و ڕانەبوردووی ئێستا (دهێتە) و بۆ ڕانەبوردووی داهاتوو (دێ هێتە) بەکاردێت و دەکەونە پێش چاوگەکەوە:**

**نان هاتە خارن. ← ڕابوردووی بکەرنادیار.**

**نان دهێتەخارن. ← ڕانەبوردووی ئێستای بکەرنادیار.**

**نـان دێ هێـتە خـارن. ← ڕانەبـوردووی داهـاتووی بکەرنادیار))**(ل١٢٤).

بەشـێوەیەکی گشـتی ئەو سـەرنجانەی، کە نووسـەر دەربڕیون، ئەوا شتێکی تازەی تێدا نییە، بەڵکو بەر لە ئەو هیتر ئاماژەیان پێداوە، بەڵام کارەکەی تەنیا لەو لایەنەوە گرنگە، کە لایەنـی هەڵەکـانی (مـوکەڕڕەم تاڵەبـانی) خستۆتەڕوو و ڕاستییانی کردۆتەوە.

عومەر مەحموود کەریم لە نامەی ماجستێرەکەیدا **(کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا)**[1]، لە لاپەڕەکانی (٧١ - ٧٥ ) باسی ئەم دیاردەیەی کردووە، لێکۆڵەر لە سەرەتادا دەیەوێت پێوەندی تێپەڕ و تێنەپەڕ بە بکەرنادیارەوە لەناو ڕستەدا ڕوون بکاتەوە، دواتر چۆتە سەر هۆکارەکانی دەرنەکەوتنی بکەرنادیار لە ڕستەدا، بەهۆیەوە کۆمەڵێک خاڵی خستۆتەڕوو، پاشان ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە((**هەردوو پرۆسەی تێپەڕاندن و بکەرنادیاری پێچەوانەی یەکترن، یەکەمیان مۆرفیمی (ن) کاری تێنەپەڕ دەکات بە تێپەڕ و دووەمیان مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیاری کاری تێپەڕ دەکات بە تێنەپەڕ**))(ل٧١). دواتر ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە بکەرنادیار تەنیا لە کاری تێپەڕ سازدەکرێت، ئینجا هاتۆتە سەر یاساکانی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار، کە هەمان دەستوورەکانی (وریا عومەر ئەمین)ی خستۆتەڕوو (ل٧٢)، لێکۆڵەر بۆ گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە:

---

١ـ عومەر مەحموود کەریم(٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەر لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا، ل٧١-٧٥.




**نەمام دە + ڕوێن + ر + ێ**

ئەوەی جێگـای سـەرنجە ئەوەیە کە عەبـدوڵڵا حوسـێن ڕەسـوول لە تێـزی دکتۆراکەیـدا زۆر بەجـوانی مـۆرفێمی تێپەڕانـدنی شـیکردۆتەوە و تیایـدا دەڵێت:(( **ئەو (انـدن)ەی ناویان نـاوە نیشـانە(یا ئـامراز)ی تێپەڕانـدن، پێک دێ لەم بەشانەی خوارەوە :**

**١- دەنگی (ا) لە چاوگە (ا)ییەکـان، دەنگێکی ڕەسـەنە و مۆڕفێمی کاتی ڕابوردووە . ٢- دەنگی (ن)ی یەکەم، نونی**

**چاوگی (ا)ییه و دەنگێکی ڕەسەنی چاوگەکەیە. ٣-دەنگی (ن)ی دووەم، ئەمەیان مۆرفیمی تێپەڕاندنە و ئەبێتە (ن)ی چاوگە تێپەڕێنراوەکە)).**[١]

واتا پێکهاتەی (اندن) بەم شێوەیە:




(ل ٥٥)

نیعمەت عەلی سایە لە کتێبی (**ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوری**)دا[٢]، باسی ئەم دیاردەیەی لە زاری کەلهوریدا کردووە، لە دەستپێکدا نووسەر پێناسەی بکەردیار و بکەرنادیاری کردووە، دواتر هاتۆتە سەر یاسای گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار، ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە، کە بکەرنادیار تەنیا لە کاری تێپەڕ سازدەکرێت، دواتر چوار حاڵەتی بکەرنادیاری خستۆتە ڕوو(بڕوانە: ل ٣٧ ـ ٣٩)، کە ئەوانیش:

---

١ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسول، مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ل١٣٧.

٢ـ نیعمەت عەلی سایە، ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی، ل ٣٧ ـ ٣٩.

**١-لە کاری ڕابوردوودا:** بکەرنادیار دروست دەبێت، بە لکاندنی مۆرفێمی نادیار (یا)بە دوای ڕەگی کارەوە + ڕاناوی لکاو، وەک:

**شام کریا.**

**منداڵەیلەگە خەڵەتیان.**

**تێر کریان.**

**٢- لە کاری ئێستادا:** بکەرنادیار دروست دەبێت، بە لکاندنی مۆرفێمی نادیاری (یە) بە دوای ڕەگی کارەوە + ڕاناوی لکاو، وەک:

**١- خوری ڕسیەی.**

**٢- خانگەیان ڕمیەی.**

**٣- دەسی بڕیەی.**

**٣ – لە کاری ئایندەدا:** بکەرنادیار لە دەمی ئایندەدا، هەروەک ئێستای سادە دروست دەبێت، بێجگە لەوەی ئاوڵکارێک کە ئاماژە لە داهاتوودا دەکات لەگەڵ کاردا دێت، وەک:ـ

**سووبار کریەی ئەرا باخچە.**

**هەفتەی تر درەو کریەیٚ.**

**٤- لە کاری فەرماندا:** بکەر دیار دەبێتە بکەرنادیار بە (بیلا+ ب+ ڕەگی کار + یە + ڕاناوی لکاو )، وەک:

- **بیلا <u>بچەکیەتی</u>.**
- **بیلا <u>بشووریەیێ</u>.**
- **بیلا <u>بجەرپیەتەوە</u>.**

ئەوەی جێگای سەرنجە، نووسەر باسی حاڵەتێکی بکەرنادیاری کردووە، کە نەک لە زمانی کوردی، بەڵکو لە هیچ زمانێکی دنیادا نییە و دروست نابێت، چونکە کاری فەرماندان خۆی لەخۆیدا ئەوەیە، کە کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەمی تاک یان کۆ دەکات بە کردنی یا نەکردنی کارێک، ئەگەر بکرێتە بکەرنادیار، ئەوا نە بکەر (کەسی یەکەم) و نە کەسی دووەم بوونیان نابێت، واتا لە یاسا گشتییەکان لادەدات، بە کورتی بکەرنادیار لە فەرماندان دروست نابێت، کە ئەمەش دیاردەیەکی جیهانییە، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی نووسەر تەنیا لە بواری وشەسازییە و خۆی لە بواری ڕستەسازی نەداوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کارێکی چاکی کردووە، چونکە زارێکی وەک کەلهوری بەڕاستی تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەی کەمی لەسەر کراوە و، ئەم کارەی نووسەر جێگای دەست خۆشییە و دەرگایەکە

بۆ ئەوەی نووسەرانی تر باس و لێکۆڵینەوەی تر لە زاری کەلهوری و زارەکانی تری زمانی کوردی بکەن.

زەریَ یوسو پۆڤا لە کتێبی **(شێوەی سلێمانی زمانی کوردی)**دا[1]، باسی دیاردەی بکەرنادیاری کردووە، لە سەرەتای باسەکەیدا، مۆرفیمی نادیاری (ـــ ر)ی خستۆتەڕوو((**بۆ دارشتنی کاری نادیار مۆرفیمی (ـ ر) بە کۆتایی ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی تێپەڕدا دەلکێت**))(ل. ١٦١)، پاشان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە بکەرنادیار لە ڕەگی ڕابوردووش وەردەگیرێت، وەک:

**ویستن ← وستریَ / ویسترا**

**بیستن ← بیستریَ / بیسترا**

**وتن ← وتریَ / وترا**

دواتر هاتۆتە سەر ئەو گۆڕانکاریانەی، کە بەسەر کارکەدا دێت لە کاتی گۆڕینی بۆ بکەرنادیار، وەک :

گۆڕینی بزوێنی (ە) بە بزرۆکە (i)، وەک:

**کردن (kirdin) ← (کە ) ← کریَ / کرا**

**خستن ( xistin) ← (خە) ← خریَ / خرا** (ل١٦٢)

---

١. زەریَ یوسو پۆڤا(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە زمانی ڕووسییەوە د.کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ل١٦١-١٦٣.

دواتـر مۆرفیمەکـانی کـاتی ڕابـوردوو ( ا، ی، وو، ت، د)ی خسـتۆتەڕوو و بە ڕەگـی کـاتی ڕابـوردوو ناویـانی بردووە.

ئەگەر بەوردی سـەیری بۆچوونەکانی نووسـەر بکەیـن، دەبینین هەندێک کەموکووڕی بەرچاو دەکەوێت، بەجۆرێک هـیچ ئامـاژەیەکی بە (دە)ی ئەرێـی ڕانەبـوردوو لە کـاری ڕانەبـــوردووی بکەرنادیـــار نەکـــردووە و، هەمـــوو نموونەکانیش بەبێ (دە) خستۆتەڕوو، وەک:

**خوورێ، گیرێ .....هتد.** (ل١٦٢)

دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی زەقە، چونکە لە ئەرێی کاری ڕانەبوردوو، جا دیار بێ یاخود نادیار، ئەوا هەر دەبێت (دە) وەربگرێت، هەروەهـا نووسـەر باسـی لە یاسـاکانی ڕسـتەی بکەردیـار بـۆ ڕسـتەی بکەرنادیـار نەکردووە، بەڵکو تەنیا خۆی لە لایەنی شێوازی گۆڕانکاری کارەکە داوە.

دیـارە گومـانی تێـدا نیـیە، جـگە لەو سـەرچاوانەی کە لەوەو پـێش هەڵمانسـەنگاندوون، چەنـدین سـەرچاوەی تـر

هەن، کە باســـــی بکەرنادیـــــاری دەکەن[١]، بەڵام ئـــــێمە نامانەوێ لەمە زیاتر باسەکە فراوانتر بکەین.

بەشـێوەیەکی گشـتی ئەو کـارانەی، کە پێشـتر لەبـارەی کـاری بکەردیـار و کـاری بکەرنادیـار ئەنجـام دراون، ئەوا چەنــد دانەیەکیــان نەبێــت، بەشــێوەیەکی زانســتییانە بــۆ دیـاردەکە چـوونە، ئەگەر نـا لایەنـی کەموکـووڕی زۆریـان پێـوە دەبینرێـت، بەجۆرێـک کە زۆربەیـان تەنیـا لە لایەنـی

---

١ـ ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی لە نامەی ماستەرەکەیدا (ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا)، تارا عەبدوڵڵا سەعید لە تێزی دکتۆراکەیدا (هەندێک لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی - لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە)، حاتەم ولیا محەمەد لە نامەی ماستەرەکەیدا(فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە دیالێکتی ژووروودا)، دیار عەلی کەمال لە نامەی ماستەرەکەیدا(ڕێزمانی کوردی و ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە)، د.ڕفیق شوانی لە کتێبی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)دا، سالح حوسێن حەسەن پشدری لە کتێبی (کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی)دا، عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ لە نامەی ماستەرەکەیدا (ناکردن لە کوردیدا)، نووری عەلی ئەمین لە کتێبی (ئەرک و شوێنی ئەرک و شوێنی ڕاناوە کەسی یەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا)، یوسف شەریف سەعید لە نامەی ماستەرەکەیدا (دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی) و تێزی دکتۆراکەی (کاری لێکدراو لە کوردی و فارسی _ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری).

وشەسازی دیاردەکەیان کۆڵیوەتەوە و مۆرفیمی نادیاری و مـــۆرفیمی کـــات، زۆر جـــاران بەهەڵە و تـــێکەڵاوی بەکارهاتوون و، لایەنی ڕستەسازی دیاردەکە بە تەواوەتی پشـتگوێ خـراوە، یـاخود چەنـد نووسـەر و زمانەوانێـک نەبێـت، کە باسـی ئەم لایەنەیـان کـردووە، هەروەهـا بەراوردی نێـوان دیالێکـت و زارەکـانی زمـانی کـوردی لە ڕووی لایەنی لێکچوون و جیاوازی لە بواری بکەرنادیـاری زۆر دەگمەن دەبینرێ، کە دەبووایە دەمێک بوو ئەم لایەنە و ئەم بۆشـاییە پـڕ بکرابـووایە، بـۆ ئەوەی بتـوانرێ لە داهـاتوودا ڕێزمـانێکی تەواو و یەکگرتـوو بـۆ زمانەکەمـان دابنرێـت، ئەگەرچـی ئەم لایەنە پێوەنـدی بە زمـانی یەکگرتـووەوە هەیە، کە ئەمەش دەمـێکە گیروگرفتـی لەسـەرە. بەهەر حـاڵ لەمە زیـاتر نامانەوێـت لەسـەر ئەم لایەنە قسـە بکەیـن، چـونکە لەمیـانەی شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی بـاس و وتارەکـان ڕا و بۆچـوونی خۆمـان دەربڕیوە و، لە بەشـەکانی تردا هەوڵدەدەین ئەم دیـاردەیە بەشـێوەیەکی زانسـتییانە بە بەرانبەرکـردن لەگەڵ زمـانی عەرەبیدا بخەینەڕوو.

# بەشی دووەم

# بەرانبەرکردنی
# بکەردیار و بکەرنادیار لە نێوان
# هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا

**٢-١: بكەر**

**٢-١-١: بكەر لە زمانی کوردیدا**

**٢-١-٢: بكەر لە زمانی عەرەبیدا**

**٢-١-٣:لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان هەردوو زمانەکە لە بابەتی بكەردا**

**٢-٢:بكەردیار**

**٢-٢-١:بكەردیار لە زمانی کوردیدا**

**٢-٢-٢:بكەردیار لە زمانی عەرەبیدا**

**٢-٢-٣:لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی بكەردیاردا**

**٢-٣:بكەرنادیار**

**٢-٣-١:بكەرنادیار لە زمانی کوردیدا**

**٢-٣-٢:بكەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا**

**٢-٣-٣:لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی بكەرنادیاردا**

**٢-٤:هۆیەکانی پەنابردنە بەر بكەرنادیار لە هەردوو زمانەکەدا**

## ٢-١: بکەر

### ٢-١-١: بکەر لە زمانی کوردیدا

بکەر وەکو حاڵەتێکی زمانی گشتییە، بەهۆیەوە لە زۆربەی زمانەکاندا هەمان پرۆسە ئەنجام دەدات، لە زمانی کوردیدا زمانەوانان و نووسەرانی کورد چەندین پێناسەی جودا جودایان بۆ ئەم دیاردەیە کردووە[١]، وەک ئەوەی (بکەر) دەبێت کەسێک یان شتێک بێت، کە ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێکی بکەوێتە ئەستۆ، یاخود تەنیا بۆشایی و شوێنی بکەر لە ڕستەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە.

---

١. لە زمانی کوردیدا چەندین پێناسە لەبارەی بکەر هەن، لەوانە:
- نوری عەلی ئەمین دەڵێت:((**مسند الیه ئەو بەشەیە لە ڕستەدا، کە ئاخاوتنەکەی ئەدرێتە پاڵ، یەعنی ئەو واژەیە یا دەستەواژەیەیە کە ئێمە لێی ئەدوێین**))، بڕوانە: قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی دووەم، ١٩٥٨، ل ١٥.
- جگەر خوێن دەڵێت:((**دەستپێکراو ئەو پەرچە ناڤە کو هەردەم گەرەکە دپێشیا پەیڤی دەژێ بێ سالۆخ دان**))، بڕوانە: اوائو دەستورا زمانی کوردی، ١٩٧٦، ل٣.
- قەناتی کوردۆ دەڵێت:((**خودان فێل ئەو خەبەرە یاکو نیشان دکە وی مەری یانی ژی وی شتی یێ کو دەرهەتاویدا تشتەک جوملێدا تێگوتنێ**))، بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، ١٩٨٢، ل ١٧٤.

کاتێک کە دەڵێین (کەسێک)، ئەوا مەبەستمان لە خودی (مرۆڤ - تاک)ە، کە کارەکە ئەنجامبدات، وەک:

**<u>شەوبۆ</u> چوو بۆ دهۆک.**

↓

بکەر

لەم ڕستەیەدا وشەی (شەوبۆ) ناوێکە، ناوی (مرۆڤ)ە، خۆی کارەکەی ئەنجامداوە و چووە بۆ شاری دهۆک، لێرەدا پێویستمان بەوە نییە بزانین، کە چۆن چووە بۆ شاری دهۆک؟ یاخود بەچی چووە؟! بەڵکو تەنیا ئەوەمان گەرەکە بزانین ناوەکە ناوی مرۆڤێکە کارەکەی ئەنجامداوە، یاخود بە پێچەوانەوە، مرۆڤەکە کارەکە ناکات و ئەنجامی نادات، وەک:

**<u>سۆزان</u> کارەکە ناکات.**

↓

بکەر

لێرەدا (سۆزان) ناوی مرۆڤێکە، بکەری ڕستەکەی گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام بەبێ بەجێگەیاندنی کارەکە، واتا کارەکەی جێبەجێ نەکردووە.

هەروەهــــا کاتێـــک دەڵێـــین (شـــتێکە)، ئەوا لێـــرەدا مەبەستمان (مرۆڤ) نییە، بەڵکو شتێکی دوور لە مرۆڤـ و بێگیانە، کە کارەکە هەڵسوڕێنێت و ئەنجامی بدات، وەک:

**<u>بارانەکە</u> باخچەکەی تێکدا.**

**<u>تەزرەکە</u> میوەکەی لەناوبرد.**

**<u>ڕەشەباکە</u> کەپرەکەی ڕووخاند.**

لەم ڕســـــتانەدا وشـــــەکانی (بـــــارانەکە، تەزرەکە و ڕەشــەباکە) هەر یەکەیــان نــاوێکی ناســراون، بەڵام نــاوی مــرۆڤ نــین و، دەچنە خانەی نــاوی شــت و بێگیــانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا هەریەکەیــان بە ئەنجامــدان و هەڵســوڕانی کارێــک هەســتاون، کە بەمەش ئەرکــی بــکەری ڕســتەکەیان بەجێگەیانــدووە، بەجۆرێــک لە ڕســتەی یەکەمــدا (بــارانەکە) وای کردووە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بــاخچەکە تێکبــدات، لە ڕستەی دووەمدا وشــەی (تەزرەکە) بکەری ڕســتەکەیە، بــۆتە هــۆی ئەوەی میوەکــان لەنــاو ببــات، ئــێمە لێــرەدا گەرەکمـــان نیـــیە بـــزانین (تەزرەکە) دانەی چەنـــد گەورە بـــووە؟ یـــان چەنـــد کـــاتژمێری خایانـــدووە ؟ بەڵکـــو تەنیـــا مەبەســتمان ئەوەیە، کە ئەم شــتە شــتێکی بێگیــانە و مــرۆڤ نیــیە و، ئەرکــی بــکەری لە ڕســتەکەدا بەجێگەیانــدووە، لە ڕســتەی ســێیەمدا وشــەی (ڕەشــەباکە) بــۆتە هــۆی ئەوەی

کەپـرەکە بڕووخێنێـت، هەروەهـا لێـرەدا مەبەسـتمان ئەوە نییە بزانین ئەم ڕەشەبایە لە چ پلەیەکی بەهێزدا بووە؟ یان کەپرەکەی کامەماڵی ڕووخاندووە، بەڵکو تەنیا گەرەکمانە دەستنیشانی بکەری ڕستەکە بکەین، کە شتێکی بێگیانە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لە ڕستەی ئاسایی زمانی کوردیدا (بکەر) لە سەرەتای ڕستەدا دێت و کار دەکەوێتە بەشی دواوەی ڕستە، وەک:

**گۆڤەند نانەکەی خوارد.**




واتە لە زمانی کوردیدا شێوەی (SOV) پێڕەو دەکرێت، لەگەڵ ئەمانەشـدا زۆرجـار لە بـواری زمانەوانیـدا هەردوو زاراوەی (بـــکەری ڕێزمـــانی) و (بـــکەری لـــۆجیکی) باســـدەکرێت، بـــەجۆرێک بـــکەری ڕێزمـــانی بەو بـــکەرە دەوترێت، کە تەنیا بۆشـایی و شـوێنی بکەر لەنـاو بنیـادی ڕسـتەدا پڕبکـاتەوە، واتـە تەنیـا خـانەی بکەر دەگرێتەوە[1]،

---

١. محمد علي الخولي(١٩٨٢)، معجم علم اللغه النظري، الانكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان، بيروت، ص ١١١.

کەچی بکەری لۆجیکی بەو بکەرە دەوترێت، کە لە ڕووی واتاوە ئەرکی بکەر بەجێ بگەیەنێت، بەو واتایەی بکەری ڕاستەقینەی کارەکەیە، ئەگەرچی لە شوێنی بکەری ئاساییدا بەکار نەهاتبێت یان لابرابێت،[1] بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

**ئاهەنگ دەنگی ڕزگار دەبیستێ.**[2]

لەم ڕستەیەدا ئەگەر (بکەر) و(بەرکار) دەستنیشان بکەین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی واتایی ڕستە، ئەوا (ئاهەنگ) بکەری ڕستەکەیە و (ڕزگار) بەرکارە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتاوە بۆ ڕستەکە بچین، ئەوا دەبینین (ڕزگار) بکەرە و (ئاهەنگ) بەرکارە، چونکە (ڕزگار) قسە دەکات و کار لە (ئاهەنگ) دەکات دەنگەکە ببیسێت، بەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (ئاهەنگ) بکەری ڕێزمانییە و (ڕزگار) بکەری لۆجیکییە.

بکەر لە زمانی کوردیدا دەشێت ناوێکی (تایبەت، گشتی، ناسراو، نەناسراو، تاک، کۆ، .. هتد) بێت، هەر وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

---

١. نفس المصدر، ص١٦٠.

٢. وریا عمر امین، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەرنادیارە، ل ١٩٧.

**رێناز رۆیشت بۆ کۆلێژ.**

↓

بکەر(ناوی تایبەتی ناسراو)

**کورەکە دانیشت.**

↓

بکەر(ناوی تاکی ناسراو)

**کچێکی زۆر جوان رۆیشت.**

↓

بکەر(ناوی تاکی نەناسراو)

**منداڵەکان هاتن.**

↓

بکەر(ناوی کۆی ناسراو)

هەروەها دەشێت (بکەر) لەناو ڕستەدا جێناو بێت، ئینجا جێناوی سەربەخۆ بێت یان لکاو، وەک:

**ئـــــەو گوڵ دەفرۆشێت.**

↓

بکەر(جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاک)

**نانم خوارد.**

↓

بکەر (جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک)

خـالێکی گرنـگ هەیە، دەمانەوێـت لێـرەدا ئامـاژەی بـۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە (بکەر) دەچێتە ناو خانەی بەشـە ئاخـاوتنی (نـاو)، هەروەهـا وەکـو لە پێشـەوەش ئاماژەمـان بۆی کرد، کە (بکەر) لە زمانی کوردیدا لەپێش (کار) دێت، بەو مەرجەی جێنـاوی لکـاو نەبێـت، واتـا وشـەیەک بێـت، وەک:

**<u>بێریڤان</u> گوڵ <u>دەفرۆشێ</u>.**

بکەر ↓ ↓ کار

لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێکجار دەکەوێـتە دواوەی کـار، ئەگەر هاتوو بکەری ڕستەکە جێناوی لکاو بوو، وەک:

**سێو <u>دەخۆم</u>.**

کار ↓ ↓ بکەر

**٢-١-٢: بکەر لە زمانی عەرەبیدا**

ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی عەرەبیش، ئەوا دیارە نووسەرانیان کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ داناوە [١]، کە هەر هەموویان لە یەک بازنەی هاوبەشدا دەخولێتەوە، بەجۆرێک بکەر ناوێکە دەکەوێتە دواوەی کارێکی تەواوی دیار و، بەهۆیەوە بە ڕاپەڕاندنی کارێک هەڵدەستێت، وەک:

---

١- د. عبدة الراجحي يقول: (( **الفاعل اسم أو مافي تأويله، أسند اليه فعل أو ما في تأويله، مقدمٌ أصليٌّ المحلِّ والصيغة**))، انظر الى: دروس في شروح الآلفية، ١٩٨٠، ص ٩.

- راجى الآسمر يقول: (( **فاعل اسم مرفوع يقع بعد فعل تام معلوم، وهو الذى يقومُ بعمل الفعل**))، انظر الى: مرجع الطلاب في اللغة العربية، ١٩٩٥، ص٩٨.

- انطوان الدحداح يقول: ((**هو اسمٌ مرفوعٌ قُدِّم عليه فعلٌ تام معلومٌ او شبهُهُ وأسند اليه**))، انظر الى: معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، ١٩٩٧، ص ١٤٠.

- د.فاضل صالح السامرائي يقول: (( **الفاعل لغةً من اوجد الفعل، واصطلاحاً ما اسند اليه كامل مقدم عليه على جهة وقوعه منه او قيامه به**))، انظر الى: معاني النحو، الجزء الثاني،٢٠٠٣، ص ٣٩.

- شيخ مصطفى الغلاييني يقول: (( **الفاعل هو المسند اليه بعد فعلٍ تام معلوم او شبه** ))، انظر الى: جامع دروس العربية، ٢٠٠٤، ص ٢٣٧.

| | | |
|---|---|---|
| **كَتَبَ** | **محمدُ** | **الدرس.** |
| فعل ماضي | فاعل | مفعول به |
| (كاری ڕابوردوو) | (بكەر) | (بەركاری ڕاستەوخۆ) |

شوێنی (بكەر) لە زمانی عەرەبیدا دەكەوێتە دواوەی (كار) و پێش (بەركار)، واتە(VSO)یە، ئەمەش وەكو شێوەیەكی گشتی ڕێزبوونی كەرەستە سەرەكییەكانی ناو ڕستەی زمانی عەرەبییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێكجار (بەركاری ڕاستەوخۆ ـ مفعول بە) دەكەوێتە پێش (بكەر ـ فاعل)، ئەویش لەبەر هۆكاری گرنگیپێدان و خۆپاراستنەوە ڕێگای پێدەدرێ [1]، بەجۆرێك وەكو خوای گەورە دەفەرموویێت:(( **ان يَمْسَسكُم قَرْح فَقَدْ مَسَّ الْقَـومَ قَـرْحٌ مِثْلُـهُ**)) (ال

---

- شيخ مصطفى الغلاييني يقول: ((**الفاعل هو المسند اليه بعد فعل تام معلوم او شبه**))، انظر الى: جامع دروس العربية، ٢٠٠٤، ص ٢٣٧.

١ـ شێوازی سروشتی ڕستەی كاری لە زمانی عەرەبیدا پێك دێت لە **(كار + بكەر + بەركار)**، بەڵام دەشێت **(بەركار)** پێش **(كار)** بكەوێت، واتە **(كار+ بەركار+ بكەر)**، هەروەها دەشێت بەركار پێش كار و بكەر بكەوێت، واتە **(بەركار+ كار+ بكەر)**، بڕوانە: د.عبدة الراجحي، نفس المصدر، ص ٢٨.

عمران :١٤٠)، لێرەدا بەرکار (القَوْمُ) بە پێش کارەکەی (قَرْحٌ) کەوتووە.[١]

لە زمانی عەرەبیدا سێ جۆر (بکەر) دەستنیشانکراون، ئەوانیش[٢]:

١-**بکەری ئاشکرا (فاعل صريح):** ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ بکەرەکەی لەناو ڕستەدا دەردەکەوێت، وەک :

**نامَ الطفلُ.**

↓

فاعل صريح (بکەری ئاشکرا)

٢-**بکەری جێناو(فاعل ضمير):** سێ جۆری هەیە :

**أ- جێناوی سەربەخۆ(ضمير منفصل)**، وەک:

ـ ما قام الا انا .

**ب- جێناوی لکاو(ضمير متصل)**، کە لکاوی (ت) و (و) و (ا) و (ی) دەگرێتە خۆ، وەک:

- جێناوی لکاوی (ت): **قمتَ بعمل جيد.**

- جێناوی لکاوی (و): **قامُوا بأعمالٍ نزيهة.**

---

١ـ فاضل صالح السامرائي، معاني النحو، الجزء الثاني، ص٤٨.

٢ـ شيخ مصطفى الغلاييني، جامع دروس العربية، الجزء الثاني، ص ٣٤٢-٣٤٣.

- جێناوی لکاوی (ا): **قاما بكتابةِ الدستور.**

- جێناوی لکاوی (ی): **تقومِيـن بأعمالٍ رديئة.**

**ج ـ جێناوی شاراوه(ضمير مستتر):** وەک:

**كَتبَ الدرسَ.**

٣- **بـکەری دروسـتکراو(فاعـل المـؤوّل):** ئەوەیە کە کارێـک دێـت و دەبێـت، ئەو بـکەرەی کە وەریـدەگرێت، مانـاکەی بگەڕێـتەوە بـۆ سـەر کـارەکەی خـۆی، لەم جۆرەدا بکەرەکە لە چاوگ وەرگیراوە وەک:

**يعجبني أن تجتهدَ.**

دەبێـت ئامـاژە بـۆ ئەوەش بکەیـن، کە لە زمانـەکانی کـوردی و عەرەبیـدا، کاتێـک (بـکەر) لەنـاو ڕسـتەدا دەبینرێـت، ئەگەر کـاری ڕابـوردوو، یـان ڕانەبـوردوو لەنـاو ڕسـتەدا هەبێـت، کە ئەمەش پێچەوانەی(نیهـاد - مبتـدأ) و (گوزارەـ خبـر)یە، چـونکە لە زمـانی کوردیـدا کاتێـک (نیهـاد) و(گـوزارە) دەبینرێـت، ئەگەر هـاتوو کـاری نـاتەواو لە ڕسـتەدا هەبێـت، کەچـی لە زمـانی عەرەبیـدا کاتێـک (مبتـدأ) و (خبـر) لەنـاو ڕسـتەدا دەبینرێـت، ئەگەر ڕسـتەکە بە (نـاو - اسـم) دەسـتی پێکردبـوو، هەروەهـا (بـکەر) لە زمـانی عەرەبیـدا هەروەکـو زمـانی کـوردی، دەکەوێـتە نـاو خـانەی بەشـە

ئاخـاوتنی (نـاو - اسـم)، ئینجـا نـاوەکە ناسـراو بێـت یـان نەناسـراو[1]، بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوە بـا سـەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین :

**جَلَسَ احمدُ في الحديقة.**

↓

فاعل (بکەر)

اسم معرفة (ناوی ناسراو)

**جاء رجلُ.**

↓

فاعل (بکەر)

اسم نکرة ( ناوی نەناسراو)

---

١ـ لە زمانی عەرەبیدا زۆر حاڵەت هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ناوی ناسراو، بەڵام ئەوەی کە زۆر دیارە و ڕوونە، ناوی کەسە و، لەگەڵ **(ال)**ە، کە بە بەشی پێشەوەی ناوەکە دەنووسێت، وەکو **رجل** ← **الرجل**، کەچی لە زمانی کوردیدا هێمای ناسراوی **(ەکە)**یە، کە بە دواوەی ناوەکەوە دەنووسێت، وەکو **(کوڕ + ەکە** ← **کوڕەکە)**، بەڵام ناوی نەناسراو ئەگەر (بکەر) بێت، ئەوا زۆر بەدەگمەن لە عەرەبیدا دەردەکەوێت.

## ٢-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی بکەردا:

ئەگەر سەیرێکی هەردوو زمانەکە لە بابەتی بکەردا بکەین، دەبینین لە زۆر خاڵدا هاوبەشن، لە ڕووی پێناسەوە تاڕادەیەکی زۆر وەکو یەک وان و هەمان ڕۆڵ دەبینن، هەروەها لە هەردوو زمانەکەدا (بکەر) کەرەستەی سەرەکی ناو ڕستەیە، کە دەشێت ناوێک یان جێناو بێت، ئینجا جێناوەکە سەربەخۆ(منفصل) یان لکاو(متصل) بێت،هەروەها (بکەر) لە هەردوو زمانەکەدا دەکەوێتە ناو بەشە ئاخاوتنی (ناو)، لە ڕووی جیاوازیشەوە، ئەوا هەندێک خاڵی دژ بەیەک دەبینرێت، بەجۆرێک لە هەردوو زمانەکەدا شێوازی شیکردنەوە تاڕادەیەکی زۆر لە یەکتر جودان، چونکە شیکردنەوە و(اعراب) دووشتی جودان، لە کوردیدا(اعراب)نییە، بەڵکو شیکردنەوە واتە(تحلیل)هەیە، واتا وردکردنەوە بۆ پارچە وردەکان و مۆرفیمە وردەکان و دیاریکردنی ناو و ئەرکیان، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی تایبەتمەندیی هەردوو زمانەکە، ئەوەی پەیوەستیش بێت بە شێوازی ڕیزبوونی کەرەستەکان، ئەوا لە زمانی کوردیدا (بکەر) بە زۆری دەکەوێتە پێش بەرکار و کارەوە، واتا لە سەرەتای ڕستەدا دێت، بەڵام لە زمانی

عەرەبیـدا (کـار) لە سـەرەتای ڕسـتەدا دێـت و(بـکەر) دەکەوێـتە پـێش (بەرکـاری ڕاسـتەوخۆ - مفعـول بە)، هەروەهـا لە زمـانی کوردیـدا زۆر ئاسـاییە ئەگەر جێنـاوی سەربەخۆ شوێنی (بکەر - فاعل) لەناو ڕستەدا بگرێتەوە و بتوانێت هەمان ڕۆڵ ببینێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا ئەم حاڵەتە بەرچاو ناکەوێت.

## ٢-٢: بکەردیار

### ٢-٢-١: بکەردیار لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا نووسەرانمان کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ بکەردیار کردووە[١]، کە هەر هەموویان لە چوارچێوەی یەک بنەما کۆدەبنەوە، ئەویش دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی (بکەر)ەکەیە لەناو ڕستەدا، وەکو دەشزانین کە ئەم جۆرە (بکەر)ە، یان (ناو)ە، یاخود (جێناو - ضمیر)ە، کە لەناو ڕستەدا ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات((**فۆرمی کارا دیار نیشانی دەدا پرۆتسێسی دیاری کردنی کردار لەو شتەوە دێ، کە بۆ ئەو وشەیە تەرخان کرابێ و لەگەڵیدا فۆرمی کردارەکە هاوجووت بێ و لێیەوە بەرەو ناوەوە بچێ**))[٢]، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین:

**کانیاو سێوەکەی خوارد.**

**پۆلا پەنجەرەکەی شکاند.**

---

١. لێرەدا پێناسەکان ناخەینەوەڕوو، چونکە لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا ئاماژەمان بۆیان کردووە.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم(کردار)، ل٣١٥.

**زانیار خانووەکەی ڕووخاند.**
**من چووم بۆ بازاڕ.**
**دەرگاکەم کردەوە.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا **(کانیاو، پۆلا، زانیار، من،ــم)** هەریەکەیان لەناو ڕستەدا بکەرێکی دیارن، چونکە خۆیان کارەکەیان ئەنجامداوە. لە ڕستەی یەکەمدا (کانیاو) ناوە و بکەری ڕستەکەیە و، خۆی خواردنی سێوەکە ئەنجامداوە، لە ڕستەی دووەمدا (پۆلا) ناوە و بکەری ڕستەکەیە، شکاندنی پەنجەرەکەی کردووە، لە ڕستەی سێیەمدا (زانیار) ناوە و بکەری ناو ڕستەکەیە، کارێکی خراپی کردووە، ئەویش ڕووخاندنی خانووە، لە ڕستەی چوارەمدا (من) جێناوی سەربەخۆیە و بکەری ڕستەکەیە، کارێکی ڕاپەڕاندووە، ئەویش ڕۆیشتنێتی بۆ بازاڕ، لە ڕستەی پێنجەمدا (ــ م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک و بکەری ناو ڕستەکەیە، کردنەوەی دەرگاکەی ئەنجامداوە.

## ٢-٢-٢: بکەردیار لە زمانی عەرەبیدا

لە زمانی عەرەبیشدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردی، زمانەوانیان کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ دیاردەکە کردووە[١]، کە هەروەکـــو زمـــانی کـــوردی وایە، کە دەرکەوتنـــی ڕاستەوخۆی بکەرەکەیە لەناو ڕستەدا، وەک:

**حَفَظَ محمدُ الدرسَ.**

---

١. کۆمەڵێ پێناسە لەبارەی بکەردیارەوە لە زمانی عەرەبیدا هەن، لەوانە: ـ د.هاشم طه شلاش و اخرون یقولون:((**ما ذکر فاعله معه، وهو المبني للمعلوم، او المبني للفاعل**))، انظر الی: المهذب في علم التصریف،١٩٨٩، ص ١٤٤.

- راجي الاسمر یقول:((**هو الفعل الذي ذکر فاعله لفظا و تقدیرا**))، انظر الی: مرجع الطلاب في اللغة العربیة،١٩٩٥، ص ١١٦.

- العقید الرکن انطوان الدحداح یقول:((**ما کان له فاعل معروف ظاهر او مضمر**))، انظر الی: معجم قواعد اللغة العربیة في جداول و لوحات،١٩٩٧، ص ١٢٠

- الأستاذ الشیخ أحمد الحملاوي یقول:((**هو ما ذکر معه فاعله**))، انظر الی: شذا العرف في فن الصرف، ٢٠٠٠، ص ٥١ .

- سعید الأفغاني یقول:((**اذا ذکر في الجملة فاعل الفعل، کان الفعل معلوما**))، انظر الی: الموجز في قواعد اللغة العربیة - انترنت.

لێـرەدا (محمـــدٌ) بــکەری نــاو ڕســتەکەیە، کە کــارێکی ڕاپەڕاندووە، ئەو کارەش لەبەرکردنی وانەکەیە. دیسانەکە مەســەلەی بنــاغەی ئەم دیــاردەیە بــۆ بــکەر دەگەڕێـتەوە، چـونکە کە دەڵێـین بکەردیـار، واتـە مەبەسـتمان لەوەیە کە ئەو کــارەی باســی دەکەیــن، بــکەرەکەی دیــار و ڕوونە. لێـرەدا دەبێـت دیسـان ئامـاژە بـۆ ئەوە بکەیـن، کە دەڵێـین بکەرەکەی لەنـاو ڕستەدا دیاربێت، مەبەستمان لە بکەری ڕێزمانی یاخود بکەری لۆژیکییە، بەو واتـایەی هەر کامیـان لەم دوو جـۆرەی (بـکەر - فاعـل) لەنـاو ڕسـتەدا ببینرێـت، ئەوا بکەردیــاری پێــدەڵێن، هەروەکـو ئەم دوو ڕســتەیەی خوارەوە:

**جاءَ مُحمدٌ.**

**ماتَ مُحمدٌ.**

لە ڕستەی یەکەمدا (محمد) کارەکەی کـردووە، کەچـی لە ڕستەی دووەمدا (محمد) خۆی کارەکەی ڕانەپەڕاندووە، بەڵکو تەنیا بۆشایی بکەری لەناو ڕستەکەدا پڕکردۆتەوە.

## ٢-٢-٣: لایەنـی لێکچـوون و جیـاوازی هەردوو زمـانەکە لە بـابەتی بکەر دیاردا

لە هەردوو زمـانەکەدا ئەم بـابەتە وەکـو یەک دەبینرێـت، واتا کەسی ئەنجامدەری کارەکە لەنـاو ڕسـتەدا دەبینرێـت، ئینجـا بـکەرەکە (نـاو) بێـت یـاخود (جێنـاو) بێـت، ئەوا بـوونێکی تەواوی لەنـاو ڕسـتەکەدا دەبێت، بـۆیە دەتـوانین بەدڵنیـاییەوە ئامـاژە بـۆ ئەوە بکەیـن، کە لەم ڕووەوە هەردوو زمانەکە هەمان ئەرک و بنیادی ڕستەیان هەیە و هیچ جیاوازییەکیان نییە.

## ٢-٣: بکەرنادیار

### ٢-٣-١: بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا

لە زمـانی کوردیـدا کۆمەڵێـک پێناسـە بـۆ بکەرنادیـار هەیە،[١] کە هەرهەموویـان ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن، تەنیـا ونبـوون و دەرنەکەوتنـی بـکەرە لەنـاو ڕسـتەدا، ئەم دیـاردەیەش تەنیـا لە زمـانی کوردیـدا بەم شـێوەیە نیـیە، بەڵکـو لە هەمـوو زمانـانی دنیـا بە هەمـان دەسـتووردا دەڕوات ((**دەسـتووری گشـتی هەمـوو زمانێک لە گـۆڕینی ڕستەیێکی کارا دیار بۆ کارا بزر بریتییە لە دەرهاویشتنی کـارا و سپاردنی ئەرک بە بەرکـار (بەڵام بەرکـار هەمـان ئەرک و مەفهـوومی خـۆی دەمێنـێ)** ))[٢]، بـۆ زیـاتر ڕوونکردنەوە، با سەیری ئەم ڕستانە بکەین:-

**سێوەکە خورا.**

**پەنجەرەکە شکێنرا.**

**خانووەکە دەڕووخێنرێت.**

---

١. لێرەدا ئێمە دیسان پێناسەی بکەرنادیار دووبارە ناکەینەوە، چونکە لە بەشی یەکەمدا بە درێژی ئاماژەمان بۆی کردووە.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی،(کردار)، ل ٣٢٣.

لەم ڕستانەدا، کارەکانی (خورا، شکێنرا، دەڕووخێنرێت)، هەریەکەیان کارێکی بکەرنادیارن، لێرەدا نازانرێت کێ هەڵساوە؟ یان هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە، لە ڕستەی یەکەمدا نازانرێت (کێ سێوەکەی خواردووە؟)، واتە بکەرەکەی نادیارە، لە ڕستەی دووەمدا نازانرێت (کێ پەنجەرەکەی شکاندووە؟)، لە ڕستەی سێیەمدا نازانرێت (کێ هەڵدەستێت بە ڕووخاندنی خانووەکە). ئا بەمجۆرە ڕستانە دەوترێت بکەرنادیار. لە هەموویاندا مەرجی بنەڕەتی ڕستەکە (بکەر) بووە، واتە((**پێوەندی ڕوودان بە بوون و نەبوونی کارا مەرجی بنەڕەتی دیاری کردنی کرداری کارا بزرە**)).[1]

هەروەها لە زمانی کوردیدا، ئەگەر بمانەوێت ڕستەیەکی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار بگۆڕین، ئەوا دەبێت لەسەر ئەم یاسایە بڕۆیین[2]:-

١-بکەری ڕستە و جێناوەکەی لادەبرێت.

٢-بەرکار جێی بکەر دەگرێتەوە، بەڵام چەمکی بەرکاری خۆی نادۆڕێنێت.

---

١. هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢.

٢. وریا عومەر ئەمین، لە پەیوەندییەکانی بکەرنادیار، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٢٩)، ل ١٨.

٣-ڕەگی ڕانەبوردووی کارەکە وەردەگیرێت.

٤-مـۆرفیێمی بکەرنادیـار (ــ ر) دەخـرێتە سـەر ڕەگـی کارەکە.

٥-مۆرفیێمی کـاتی کـارەکە دەچێتە سـەر ڕەگەکە،(ا) بـۆ ڕابوردوو و (ێ) بۆ ڕانەبوردوو.

٦-جێناوی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی بەرکار، کە جێی بکەری گرتووە دەچێتە سەر کارەکە.

٧-نیشـانەی جـۆری کـات (دە، بـوو، ...) وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە.

بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوە، بـا سـەیری ئەم نموونـانەی خوارەوە بکەین :-

**کانیاو** **سێوەکە**ی **خواردبوو**. (بکەردیار)

↓ ↓ ↓

بکەر — بەرکاری ڕاستەوخۆ — کاری ڕابوردووی دوور

**سێوەکە** **خورابوو**. (بکەرنادیار)

↓ ↓

بەرکاری ڕاستەوخۆ — بکەرنادیار (ڕابوردووی دوور)

**ڕێبوار دیوارەکەی ڕووخاند.** (بکەردیار)

**دیوارەکە ڕووخێنرا.** (بکەرنادیار بۆ ڕابوردوو)

**دیوارەکە دەڕووخێنرێ.** (بکەرنادیار بۆ ڕانەبوردوو)

ئەو ڕستانەی، کە خرانەتەڕوو، کارەکانیان تێپەڕ بوو، چونکە لە زمانی کوردیدا وەکو مەرجێکی سەرەکی لە گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار، دەبێت کارەکە تێپەڕ بێت، ئینجا پرۆسەی گۆڕینەکە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوا دەبێت لە سەرەتادا بکرێتە تێپەڕ[1]، ئینجا ڕستەی بکەرنادیاری لێ سازدەکرێت، وەک:-

**خانووەکە ڕووخا.**

لێرەدا (ڕووخا) تێنەپەڕە، ناکرێت بە بکەرنادیار، بەڵکو بەڕێگەی تایبەتییەوە کاری (ڕووخا) دەکرێتە کارێکی تێپەڕ، وەک:

**ڕووخا + اندن = ڕووخاندن**

**ئازاد خانووەکەی ڕووخاند.** (بکەر دیار)

**خانووەکە ڕووخێنرا.** (بکەرنادیار)

---

١ـ لە بەشی چوارەمی ئەم باسە، بە دوور و درێژی باسی تێپەڕ و تێنەپەڕ و گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا باسکراوە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە مەرج نییە ڕستەی بکەرنادیار هەردەم لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیرابێت، بە جۆرێک لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک ڕستەمان هەیە، کە وەک ڕستەی بکەرنادیار بەکاردێت، کەچی لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرنەگیراوە، وەک:

**ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ.**

لێرەدا ئەم ڕستەیە هەرگیز لە ڕستەی **(ئێمە بە ڕۆژ ئەستێرە نابینین)** وەرنەگیراوە[1]. هەروەها حاڵەتی ئەوتۆش هەیە، کە ئەگەرچی ڕێژەکەی هی بکەرنادیارییە و بکەرەکە ناونەبراوە، کەچی سەرچاوە و بکەر ناسراوە، بۆ نموونە کاتێک نووسەری کتێبێک دەڵێت: **وەک پێشتر نیشاندرا (لەبریتی: وەک پێشتر نیشانم دا) بێ دەنگی خۆنیشاندان لەم ڕاستییە، دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆبووردوویی نووسەر.**[2]

---

١. فەرەیدوون عەبدول، هەمان سەرچاوە، ل٩.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣١٩.

## ٢-٣-٢: بکەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا

لە زمانی عەرەبیشدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردی، نووسەرانیان کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ دیاردەکە کردووە[١]،

---

١. لە زمانی عەرەبیدا چەندین پێناسە بۆ بکەرنادیار هەن، لەوانە:
- کمال ابراهيم يقول:((**ما حذف فاعله لغرض من الأغراض**))، انظر الى: عمدة الصرف،١٩٥٧، ص٨٨.
- د. هاشم طه شلاش وآخرون يقولون:((**ما لم يذكر فاعله معه، وهو المبني للمجهول، او المبني للمفعول**))، انظر الى: المهذب في علم التصريف،١٩٨٩، ص ١٤٤.
- حاتم صالح الضامن يقول:((**الفعل الذي لم يسم فاعله، وهو ما حذف فاعله، و أنيب عنه غيره**))، انظر الى: الصرف، ١٩٩١، ص ١٢٢.
- راجي الأسمر يقول:((**هو الذي لم يذكر فاعله**))، انظر الى: مرجع الطلاب في اللغة العربية، ١٩٩٥، ص ١١٦.
- العقيد الركن انطوان الدحداح يقول:((**ما حذف فاعله و جعل المفعول به نائبا له**))، انظر الى: معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، ١٩٩٧، ص ١٢٠.
- الأستاذ الشيخ احمد الحملاوي يقول:((**وهو ما حذف فاعله و أنيب عنه غيره و يسمى مجهولا**))، انظر الى: شذا العرف في فن الصرف، ٢٠٠٠، ص ٥١.
- اية الله الشيخ مصطفى النوراني يقول:((**هو مالم يذكر فاعله في الكلام بل كان محذوفا**))، انظر الى: قواعد الصرف، ٢٠٠١، ص ١٢٤.

که دەرنەکەوتنی بکەرە لەناو ڕستەدا، بەهۆیەوە کەرەستەیەکی تر لە شوێنی دادەنرێت یاخود دێتە شوێنی، پێی دەوترێت جێگری بکەر ( نائب الفاعل)[1]، هەروەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارە:

**حُفِظَ** **الدرسُ.**

حُفِظَ ← فعل ماضي مبني للمجهول

الدرسُ ← نائب الفاعل

---

- فاضل صالح السامرائي يقول:((**قد يترک الفاعل و يؤتى بما ينوب عنه لأغراض متعددة**))، انظر الى: معاني النحو، جزء الثاني، ٢٠٠٣، ص ٦٢.

١- زاراوەی جێگری بکەر(نائب فاعل)، ئەگەر لە ڕووی واتاوە وەریگرین، هەڵەیە، چونکە ئەگەر بکەر نەبێت و لە ڕستەدا دەرنەکەوتبێت، ناکرێت جێگرەکەی جێی بگرێتەوە، وەکو (کُسر البابُ) هیچ مانای نییە وشەی(الباب ـ دەرگا) لە ڕستەدا جێگری بکەر بێت و خۆی شکاندنی پەنجەرەکە جێبەجێ بکات، بەڵام دەکرێ لە ڕووی ڕێزمانەوە بۆ مەسەلەکە بچین، ئەگەر بکەر لەناو ڕستەدا نەبێت، ئەوا جێگرێکی لە شوێنی خۆی تەرخان دەکات.

**كُسِرَ** **البابُ.**

فعل ماضي مبني للمجهول ← كُسِرَ

نائب الفاعل ← البابُ

**جُلِسَ** **على الرحلة.**

فعل ماضي مبني للمجهول ← جُلِسَ

نائب الفاعل ← على الرحلة

لەم ڕستانەدا کارەکانی (**حُفِظَ، کُسِرَ، جُلِسَ**)، هەریەکەیان کارێکی بکەرنادیارن، لێرەدا نازانرێت کێ هەڵساوە بە ڕاپەڕاندنی ئەم کارانەوە، بکەرەکە دەرنەبڕاوە، لە ڕستەی یەکەمدا نازانرێت کێ وانەکەی لەبەرکردووە، لە ڕستەی دووەمدا نازانرێت کێ دەرگاکەی شکاندووە، لە ڕستەی سێیەمدا نازانرێت کێ لەسەر (ڕەحلە)کە دانیشتووە، ئا بەمجۆرە ڕستانە دەوترێت ڕستەی بکەرنادیار.

لە زمانی عەرەبیدا هەروەکو زمانی کوردی، ئەگەر بمانەوێت ڕستەیەکی بکەردیار بگۆڕین بۆ بکەرنادیار، ئەوا دەبێت پێڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:-

١-بکەری ڕستەکە لادەدەین.
٢-جێگری بکەر(نائب فاعل) شوێنی بکەر دەگرێتەوە، کە ئەویش پێکدێت لە:-
أ) بەرکاری ڕاستەوخۆ(مفعول بە)،[١] وەک:
**کُسِرَ البابُ.**
ب) چاوگی گەردانکراوی تایبەت(المصدر المتصرف المختص)، وەک:
**أنطُلِقَ انطلاقٌ شديدٍ.**[٢]
ج) بوونی پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆ(المجرور بحرف الجر) لە شوێنی بکەر، وەک:-
**نُظِرَ في الأمرِ.**[٣]
د) ئاوەڵکاری گەردانکراوی تایبەت (الظرف المتصرف المختص،[٤] وەک:-
**مُشيَ يومٍ كاملٍ.**[١]

---

١. شيخ مصطفى الغلاييني، جامع دروس العربية، الجزء الثاني، ص ٣٤٤.
٢. فاضل صالح السامرائي(د)، نفس المصدر، ص ٧٠ -٧١ .
٣. شيخ مصطفى الغلاييني، نفس المصدر، ص ٣٤٥ .
٤ــ الظرف المتصرف المختص: دەبێت تايبەتمەند بێت بە ئاوەڵکارەکەوە.

٤-کاتی کارەکە (ڕابوردوو، ڕانەبوردوو) وەردەگرین.

٥- مـۆرفێمی بکەرنادیـار بـۆ ڕابوردوو(ماضـي)، دانـانی (بـۆر) لەســەر پیتـی یەکەم و (ژێـر) لەســەر پیتـی پـێش کۆتایی.

٦- نیشــانەی بـکەری نادیـار بـۆ ڕانەبوردوو(مضــارع)، دانـانی (بـۆر) لە پیتـی یەکەم و (سـەر) لەسـەر پیتی پـێش کۆتایی.

هەروەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە :-

**فَهِمَ** **محمدُ** **الدرسَ .** (مبني للمعلوم - بکەردیار)

↓ ↓ ↓

فعل ماضي فاعل مفعول به

مبني للمعلوم (بکەر) (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

**فُهِمَ** **الدرسُ.** (مبني للمجهول ــ بکەرنادیار)

↓ ↓

فعل ماضي نائب فاعل (مفعول به)

مبني للمجهول

---

١ـ شيخ مصطفى الغلاييني، نفس المصدر، ص.٣٤٦

**يُنصرُ** **الطلابُ.** (مبني للمجهول ـــ بكەرنادیار)

↓ ↓

فعل مضارع نائب فاعل(مفعول به)

مبني للمجهول

ئەم ڕستانەی کە خرانەڕوو، کارەکانیان تێپەڕ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ(لازم) بوو، ئەوا بکرێت بە ڕستەی بکەرنادیار، بەڵام بە بوونی مەرج((**ئەگەر هاتوو کارێک تێنەپەڕ بوو، ئەوا ناکرێت بە نادیاری، تەنیا ئەگەر هاتوو لەگەڵیدا ئاوەڵکار یان چاوگ (چاوگێکی گەردانکراوی تایبەت) یان پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆی لەگەڵدا بوو**))[1]، هەروەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە :

**سافر الوفدُ يومَ السبت.** (بکەردیار)

**سُوفِرَ يومُ السبتِ.** (بکەرنادیار)

**سَلَّمَ محمدُ على خالدِ.** (بکەردیار)

**سُلِّمَ على خالدِ.** (بکەرنادیار)

**جلَسَ الطلاب في الصفِ.** (بکەردیار)

---

١ـ هاشم طه شلاش و آخرون، المهذب في علم التصريف، ص ١٥٣.

**جُلِسَ في الصف.** (بکەرنادیار)

**وَقَفَ محمدُ موقفاً مشرفاً.** (بکەردیار)

**وُقِفَ موقفُ مشرفاً.** (بکەرنادیار)...[1]

هەروەها یاسای تایبەتیشیان هەیە لە گۆڕینی کاری تێنەپەڕ(لازم) بۆ کاری تێپەڕ(متعدی)، وەک:

**بَعُدَ الرجلُ ← أبْعَدَ الرجلُ الهرةَ.**

لەم نموونەیەدا کاری (بَعُدَ) کارێکی تێنەپەڕە(لازم)، بەڵام بەهۆی (أ هەمزە)، کراوە بە کارێکی تێپەڕ(متعدی).[2]

لە زمانی عەرەبیدا زۆر ڕستە بەرچاو دەکەون، کە لەسەر شێوازی کاری ڕستەی بکەرنادیار داڕێژراون، واتە کارەکە لەسەر یاسای نادیاری خۆی خستۆتەڕوو، بەڵام لە ڕووی واتاوە ڕستەی بکەردیارە، وەک:

**زُهِيَ الطاوسُ.**

**هُرِعَ المريضُ.**

---

١ـ نفس المصدر،ص١٥٣

٢ـ لە بەشی چوارەمی ئەم باسە، بە دوور و درێژی باسی تێپەڕ و تێنەپەڕ و چۆنیەتی گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا کراوە.

بُهِتَ الخصمُ.[1]

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، کارەکانی (زُهِيَ، هُرِعَّ، بُهِتَ) لەسەر شێوازی بکەرنادیار سازکراوە، کەچی ڕستەکەش لەسەر شێوازی بکەردیارە، واتە لە ڕووی ڕوخسارەوە ڕستەکە لەسەر شێوەی بکەرنادیارە، بەڵام لەڕووی واتاوە لەسەر شێوازی بکەردیارە، چونکە هەریەکە لەم ڕستانە (بکەر)یان لەناو ڕستەدا هەیە.

١ـ هاشم طه شلاش و آخرون، نفس المصدر، ص ١٥٣.

## ٢-٣-٣: لایەنـــی لێکچـــوون و جیـــاوازی هەردوو زمـــانەکە لە بکەرنادیاردا

لە ئەنجـامی خسـتنەڕووی هەردوو زمـانەکە، بۆمـان دەردەکەوێـت، کە لە ڕووی چەمـک و پێناسـەوە، ئەوا لە هەردوو زمـانەکەدا دیـاردەی بکەرنادیـار، پێوەنـدی ڕاستەوخۆی بە دەرنەکەوتنی بکەرەوە هەیە لەناو ڕستەدا، یان لابردنی بکەر لەناو بنیادی ڕستەدا، لە زمانی کوردیدا لە جێی بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ(مفعول بە) لە زمانی کوردیدا شوێنی دەگرێتەوە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا چەمکی جێگری بکەر(نائب فاعل) شوێنی بکەر دەگرێتەوە، کە پێکدێت لە (بەرکاری ڕاستەوخۆ، چاوگی گەردانکراوی تـایبەت، ئاوەڵکـاری گەردانکـراوی تـایبەت، پێشـبەند و بەرکـاری ناڕاسـتەوخۆ)، واتـە لە زمـانی عەرەبیـدا کەرەستەی زیاتر شوێنی بکەر دەگرێتەوە.

هەروەهـا کـارەکە دەبێـت تێـپەڕ بێـت، ئینجـا ڕسـتەی بکەرنادیـاری لـێ سـازدەکرێت، ئەمە لە زمـانی کـوردی و عەرەبیدا تاڕادەیەکی زۆر پێڕەو دەکرێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەشێت لە هەندێک حاڵەتدا کاری تێنەپەڕ(لازم) بەکار بێت بۆ سازکردنی بکەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا، هەروەهـا لە هەردوو زمـانەکەدا یاسـای تـایبەتی هەیە بـۆ

گـۆڕینی ڕسـتەیەکی بکەردیـار بـۆ ڕسـتەی بکەرنادیـار و، یاســـای ســـەرەکی و یاســـای ناســـەرەکی لە هەردوو زمـــانەکەدا دەبینرێــت[1]، بەڵام لە ڕووی گەردانکــردنەوە (ڕابـوردوو، ڕانەبـوردوو) یاسـاکانیان زۆر جیـاوازن، وەک لە زمانی عەرەبیدا تەنیا جووڵەکانی (حرکات) سەر کارەکە ڕۆڵ دەگێڕن، کەچی لە زمانی کوردیدا کارەکە دەگەڕێتەوە سەر ڕەگ، ئینجا مـۆرفیمی کـات و نادیـاری وەردەگیرێت، هەروەهـــا لە زمـــانی عەرەبیـــدا هەنـــدێک ڕســـتە بەرچـــاو دەکەوێــت، کە بەهــۆیەوە لە ڕووی ڕوخســـارەوە لەســـەر شــێوازی بکەرنادیـــارە، واتـــا کـــارەکە لەســـەر شـــێوەی نادیـارییە، کەچـی لە ڕووی واتـاوە ڕسـتەکە ڕسـتەی بـکەر دیارە.

---

١. ئەم حاڵەتە بە دوور و درێژی لە بەشی سێیەمی باسەکەمان ئاماژەی بۆ دەکەین.

## ٢-٤: هۆکارەکانی پەنا بردنە بەر بکەرنادیار لە هەردوو زمانەکەدا

هەر کارێک کە ئەنجام دەدرێت، دەبێت کەسێک یان شتێک بۆ ئەنجامدانی هەبێت، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئەوا بکەرەکە ون دەبێت و دەرناکەوێت، بەڵکو بە شاراوەیی دەردەبڕێت، لێرەدا ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، کە لە هەردوو زمانەکەدا (کوردی و عەرەبی) مەسەلەی پەنابردنە بەر بکەرنادیار وەکو یەکن، بەجۆرێک چ نووسەرانی کورد یا عەرەب هەمان هۆکار بۆ دیاردەکە دەستنیشان دەکەن،[1] کە بەم شێوەیە:

---

١. لەوانە:- محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتاییێک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، ١٩٧٤، ل ١٣٦.

- د.نەسرین فەخری و د.کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، ١٩٨٢، ل١٦٥- ١٦٦.

- لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، هەندێک لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، ١٩٨٥، ل ٤٤.

- عومەر مەحموود کەریم، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٤، ل ٧١.

ـ د. عبدة الراجحي، دروس في شروح الألفية،١٩٨٠، ص ٣٦-٣٧.

- راجي الأسمر، مرجع الطلاب في اللغة العربية،١٩٩٥، ص ١٥٢.

١-لەبەرئەوەی تۆ لێی دەترسێیت(خوف منه)، لێرەدا تۆ دەزانی، کە ئەنجامدەری کارەکە کێیە، بەڵام ناوی ناهێنیت، نەبادا دوایی ئازارت بدات.

٢-لەبەرئەوەی تۆ لێی دەترسێیت(خوف علیه)، لێرەشدا دیسانەکە تۆ دەزانی، کە ئەنجامدەری کارەکە کێیە، بەڵام ناوی ناهێنیت، لەبەرئەوەی لەوە دەترسێیت کە خەڵک ئازاری بدات، واتە تۆ لەبەر بەرژەوەندیی کەسەکە ناوی نابەیت، کە ئەمەش پێچەوانەی خاڵی یەکەمە.

٣-زۆرجار لەبەر ناسراوی و زانینەوە تۆ ناوی بکەرەکە نابەیت، چونکە لە لای بەرانبەرەکەت ڕوونە.

٤-هەندێکجار پێوەندی بە هۆکاری شاردنەوە(ابهام) هەیە بۆ گوێگر، کە نایەوێت بیزانێت.

٥-یان لەبەر هۆکاری کورتکردنەوە (تلخیص) دەبێت.

---

- أنطوان الدحداح، معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، ١٩٩٧، ص ١٤١.

. أية الله الشيخ مصطفى النوراني، قواعد الصرف، ٢٠٠١، ص ١٢٤.

- د.فاضل صالح السامرائي، معاني النحو، جزء الثاني،٢٠٠٣، ص ٤٩٢-٤٩٣.

. شيخ مصطفى الغلاييني، جامع دروس العربيه، ٢٠٠٤، ص ٢٥١.

٦-هەنـــــدێکجاریش هەر بە ڕاســـــتی پێوەنـــــدی بە (نەزانین)ەوە هەیە، واتا تۆ نازانیت ئەنجامدەری کارەکە کێیە.

٧-یاخود هەندێکجار ناوهێنانی هیچ سوودێکی نییە، بۆیە تۆ ناوی ناهێنیت.

٨-یاخود ناونەبردنی هەندێکجار پێوەندی بە لایەنی گەورەکردن(تعظیم)ەوە هەیە.

٩-یـــاخود بەپـــێچەوانەوە، نـــاونەبردنی پێوەنـــدی بە کەمکردن(تحقیر)ەوە هەیە.

جگە لەم هۆکارانەی، کە ئاماژەمان بۆیان کرد، لەوانەیە چەندین هۆکاری تریش هەبن، لەبارەی دەرنەخستنی بکەر لەناو بنیادی ڕستەدا، کە بەهۆیەوە چەندین وەڵامی جودا جودا لەلای هەریەک لە گوێگران دروست دەبێت.

# بەشی سێیەم

## بکەرنادیار و بەرانبەرکردنی هەردوو زمانەکە لە ڕووی گەردانکردنەوە

**٣-١: كاری ڕابوردووی بکەرنادیار**

**٣-١-١: کاری ڕابوردووی بکەرنادیار له زمانی کوردیدا**

**٣-١-٢: کاری ڕابوردووی بکەرنادیار لـــه زمانی عەرەبیدا**

**٣-١-٣: لایەنــی لێکچــوون و جیــاوازی هەردوو زمــانەکه له بــابەتی کاری ڕابوردووی بکەرنادیاردا**

**٣-٢: کـاری ڕانەبــوردووی بکەرنادیار**

**٣-٢-١: کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار له زمانی کوردیدا**

**٣-٢-٢: کاری ڕانەبـوردووی بکەرنادیار له زمانی عەرەبیدا**

**٣-٢-٣: لایەنــی لێکچــوون و جیــاوازی هەردوو زمــانەکه له بــابەتی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیاردا**

**٣-٣: مۆرفێمی بکەرنادیار له هەردوو زمانەکەدا**

## ٣-١: كاری ڕابوردووی بکەرنادیار

### ٣-١-١: كاری ڕابوردووی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا

لە دەستپێکدا دەبێت چەمک و پێناسەی ڕابوردوو بزانین، کە چۆنە و چۆن ساز دەبێت، ئینجا دەچینە سەر باسی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار. دەربارەی کاری ڕابوردوو، ئەو کارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە پێش ئاخاوتنەوە، واتە ڕوودانی کارەکە بەسەرچووە و ڕوویداوە ((**کرداری ڕابوردوو ئەو کردارەیە، کە پرۆتسێسی ڕوودانەکەی پێش ئاخاوتن بکەوێ**))[١]. لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کاری ڕابوردوو، پەنادەبرێتە بەر چاوگ، ئەمیش بە لابردنی (ن)ی چاوگ ساز دەبێت((**لە زمانی کوردیدا فرمانی ڕابوردوو بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەکرێت**))[٢]، لەم حاڵەتەشدا کاری ڕابوردووی نزیک دروست دەبێت، کە بە یەکێک لەم پێنج مۆرفێمە(وو، ی، د، ا، ت) کۆتاییان دێت:

---

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٢٠٠ .

٢. عبدالله شالی(١٩٧٦)، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی(دار الجاحظ) ، بەغدا، ل٤.

مۆرفێمی (وو):

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| چوون | - ن | چوو | وو |
| بوون | - ن | بوو | وو |
| دروون | - ن | دروو | وو |
| جوون | - ن | جوو | وو |

مۆرفێمی (ی):

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| کڕین | - ن | کڕی | ی |
| فڕین | - ن | فڕی | ی |
| بڕین | - ن | بڕی | ی |
| سڕین | - ن | سڕی | ی |

مۆرفێمی (د):

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| مردن | - ن | مرد | د |
| کردن | - ن | کرد | د |
| بردن | - ن | برد | د |
| خواردن | - ن | خوارد | د |

مۆرفێمی (ا):

| مۆرفێمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردوو | لابردنی (ن) | چاوگ |
|---|---|---|---|
| ا | سوتا | - ن | سوتان |
| ا | ڕووخا | - ن | ڕووخان |
| ا | شکا | - ن | شکان |
| ا | ڕژا | - ن | ڕژان |

مۆرفێمی (ت):

| مۆرفێمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردوو | لابردنی (ن) | چاوگ |
|---|---|---|---|
| ت | کەوت | - ن | کەوتن |
| ت | خەوت | - ن | خەوتن |
| ت | شوشت | - ن | شوشتن |
| ت | نوست | - ن | نوستن |

لەبارەی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، ئەوا ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن کەسێکی نەناسراو و نادیارەوە ڕوویدابێت.

یاسای سەرەکی سازکردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار لە زمانی کوردی (دیالێکتی ناوەڕاست)دا، بە وەرگرتنی ڕەگی کاری ڕانەبوردوو لەگەڵ مۆرفێمی

نادیاری (ـ ر) و مۆرفێمی (ـ ا)ی ڕابوردوو سازدەبێت، بەم شێوەیە:

**ڕەگی ڕانەبوردوو + مۆرفێمی نادیاری (ـ ر) + مۆرفێمی ڕابوردوو**

وەک :-

**کێڵان ←—— کێڵ + ر + ا = کێڵرا**

**هێنان ←—— هێن + ر + ا = هێنرا**

**خوێندن ←—— خوێن + ر + ا = خوێنرا**

**چنین ←—— چن + ر + ا = چنرا**

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کەوا لە حاڵەتی کاری ڕابوردووی بکەرنادیاردا، مۆرفێمی کات هەروەک خۆی دەمێنێتەوە((**نیشانەی جۆری کات ( ئە ــ بوو ــ وە.... هتد) شوێنی خۆی ئەگرێ**))[1]، هەروەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

**ئازاد زەوییەکەی کێڵاوە. (بکەردیار)**

**زەوییەکە کێڵراوە. (بکەرنادیار)**

**ئازاد زەوییەکەی دەکێڵا. (بکەردیار)**

**زەوییەکە دەکێڵرا. (بکەرنادیار)**

---

١. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ١٨٥.

**ئازاد زەوییەکەی کێڵابوو. (بکەر دیار)**

**زەوییەکە کێڵرابوو. (بکەرنادیار) ..** [(١)]

ئەگەرچی وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە سازکردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار وەک یاسایەکی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕەگی ڕانەبوردوو وەردەگیرێت، بەڵام دەشێت حاڵەتی ناوازەی تێدا بەدی بکرێت **((هەر چەندە بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو بە بناغەی سازکردنی کرداری کارا بزر دەستورێکی گشتی زمانی کوردییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک حاڵەتی بیژۆک و هەندێک گۆڕانی فۆنەتیکی بەرچاو دەکەوێ))**[(٢)]، لێرەدا هەندێک لەو حاڵەتانە دەخەینەڕوو:

١- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ە) یا (ێ) کۆتایی دێت، کاتێک دەکرێتە بکەرنادیار، (ە) و (ێ) تێدا دەچن، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | دوادەنگی ڕەگ | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| کردن | کە | ە | کرا |

١. نەریمان خۆشناو، چەمک و پێناسەی کارای نادیار، ل٥٩.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل.٣٣٣

| | | | |
|---|---|---|---|
| بردن | به | ە | برا[١] |
| (دا)نان | (دا)نێ | ێ | (دا)نرا[٢] |

٢ـ ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ۆ) کۆتایی هاتبێت، ئەوا دەبنە (و)[٣]، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | دوادەنگی ڕەگ | گۆڕان | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| خواردن | خۆ | ۆ | و | خورا |
| شوشتن | شۆ | ۆ | و | شورا |

کەچی (فەرەیدوون عەبدول محەمەد ) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەهەڵەدا چووە، کاتێک دەڵێت:((**لە هەموو خراپ تر ئەوەیە کە یاساکانیان تەنیا لە نموونەکانیاندا ڕاستە و لە نموونەی تردا، کە لە هەمان باردان، یاساکە جێبەجێ نابێ، بۆ نموونە دەنگی / ۆ/ دەبێت بە / و/ لە خواردن دا، بەڵام هەمان دەنگ وەک خۆی بەبێ گۆڕان لە (شۆردن : شۆرا، دەشۆرێ)دا دەمێنێتەوە، شۆردن : شۆ ← دەشۆم ←دەشۆرێ**))[٤]، چونکە لە زمانی کوردیدا

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٣٣٥.

٢. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ٢٧٤.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٣٣٤.

٤. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

تەنانەت لە دیالێکتی ناوەڕاست و شێوەزاری هەولێردا دەڵێین (شورا، دەشورێ)، کەسمان نەبینیوە بڵێت (شۆرا، دەشۆرێ)، بۆیە بڕیاردان لەسەر شتێک کارێکی سانا نییە، بەڵکو کارکردن و بەڵگەی زمانەوانی دەوێت، بۆیە دەبوایە لێکۆڵەر بە وردی بۆ ئەم حاڵەتە بچووبایە.

٣- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە دەنگی (ڕ) یان (ر) کۆتایی دێت، ئەوا بە سێ چەشن دەبینرێت[١]: -

أ- ئاخێوەری هەندێک ناوچە (د) دەخەنە نێوان ڕەگی ڕانەبوردوو و مۆرفێمی نادیاری (ـ ر) وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفێمی زیادکراو | مۆرفێمی نادیار | مۆرفێمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| گێڕان | گێڕ | د | ر | ا | گێردرا |
| گۆڕان | گۆڕ | د | ر | ا | گۆڕدرا |

ب- لە هەندێک شێوەدا تەنیا یەک (ر) دەردەبڕێ و یەکێکیان تێدادەچێت، وەک :-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفێمی نادیار | مۆرفێمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| بڕین | بڕ | ر | ا | بڕا |

---

١. د ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٧-٣٣٩.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گۆڕین | گۆڕ | ر | ا | گۆڕا |

ج- له ئاخاوتنی گەلێک شێوەدا مۆرفیێمی نادیاری (ر) بە ئاسـانی بە دوای (ڕ) و (ر)ی کۆتـایی ڕەگـی کـارەکەدا دەردەبڕرێت، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفیێمی نادیار | مۆرفیێمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| بڕین | بڕ | ر | ا | بڕرا |
| گۆڕین | گۆڕ | ر | ا | گۆڕرا |

٤- کـاری (گـرتن ــ girtin) کاتێـک کە دەکـرێتە کـاری ڕابوردووی بکەرنادیار، دەنگی (i) بزرۆکە دەگۆڕدرێت بە (ی)[١]، وەک:-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|
| گرتن | گر | گیرا |

٥- بوونی ڕەگی ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| وتن (گوتن) | لێ | وت / گوت | وترا، گوترا |

١. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ٢٧٥.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ویستن | ەویَ | ویست | ویسترا[1] |

**ئازاد قسەکەی بە ڕێبوار گوت.          (بکەر دیار)**

**قسەکە بە ڕێبوار گوترا.          (بکەرنادیار)[2]**

٦ـ بوونی ڕەگی ڕانەبردوو و ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار | ڕەگی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| هاویشتن | هاویَژ | هاویَژرا | هاویشت | هاویشترا |
| خواستن | خواز | خوازرا | خواست | خواسترا |
| خستن | خە | خرا | خست | خسترا..[3] |

لەوانەشە هەندێک حاڵەتی ناوازەی تر هەبن، کە ئێمە درکمان پێنەکردبێت، بەڵام ئەوەی پێویستە باسبکرێت، کە حاڵەتی ناوازە هەیە لە خودی ئەو یاسایەی لەبارەی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار دانراون.

---

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٣.

٢. نەریمان خۆشناو، چەمک و پێناسەی کارای نادیار، ل٥٥.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٣٣٣-٣٣٤.

هەروەها بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، ئەوا (نە) وەردەگیرێت و دەکەوێتە بەشی پێشەوەی کارەکە، وەک :

**کێڵرا ← نەکێڵرا**

**زەوییەکە کێڵرابوو.** (ئەرێی ڕابوردووی بکەردیار)

**زەوییەکە نەکێڵرابوو.** (نەرێی ڕابوردووی بکەرنادیار)

## ٣-١-٢: کاری ڕابوردووی بکەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا

لە دەستپێکدا هەروەک زمانی کوردی دەبێت لە چەمک و پێناسەی کاری ڕابوردوو بگەین، ئینجا بچینە سەر باسی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار. دەربارەی کاری ڕابوردوو، ئەوا ئەو کارەیە، کە پێش کرداری ئاخاوتن ڕوویداوە، ئینجا نزیک بێت یان دوور، بەڵکو تەنیا گرنگ ئەوەیە کەوا کارەکە ڕوویداوە[١]. لە زمانی عەرەبیدا بۆ ناسینی کاری ڕابوردوو، هەر لە ڕوخساردا دیارە، کە وەک زمانی کوردی نییە، واتا هەروەک زمانی کوردی لە چاوگ(مصدر) وەرناگیرێت، بەڵکو هێماکەی ئەوەیە، کە هەر سێ جووڵەی وشەکە بە (سەر) کۆتایی دێت[٢]، بە واتایەکی تر مۆرفیمی کۆتایی وشەکە بە (سەر) دێت[٣]، وەک: **جَلَسَ، دَرَسَ، كَتَبَ، قَرَاَ، شَرَبَ، فَرَح، سَمَعَ .... هتد.**

---

١. فاضل صالح السامرائي(د)(٢٠٠٣)، معاني النحو، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، ص ٢٦٧.

٢. راجي الأسمر، نفس المصدر، ص ١٠٨.

٣. بەڵام ئەگەر **(ت)**ی بکەری پێوە نووسا، ئەوا هێمای کۆتایی دەبێتە وەستاو(سکون)، وەکو **(كَتَبْتُ)**، بەڵام ئەگەر **(و)**ی کۆی پێوە نووسا، ئەوا هێمای کۆتایی دەبێتە بۆر، وەک **(المجتهدون)**.

کــــاری ڕابـــــوردوو لە زمـــــانی عەرەبیـــــدا واتـــــای چەنــــد(کات)ێک لە خـــۆی کۆدەکـــاتەوە، لەوانە:(**الماضـــي المطلق، المنقطع، القريب، الحال، الحدث الماض، الأستقبال، المضـي و الأسـتقبال، الحـدث فـي الماضـي، الأسـتقبال فـي الماضي، الماضي الحاصل في المستقبل، المستمر، المستمر المنقطـع، اسـتمرار الفعـل و اتصـاله بـزمن الأخبـار، مقاربـة حصول الفعل،....الخ)).**[1]

هەریەک لەم کاتـــانەی ڕابـــوردوو، چەمکـــی ڕوودانـــی کارەکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئینجا ڕوودانەکە، کاتەکەی نزیک بێت یان دوور یان ... هتد. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، هەندێک نموونەی بۆ کاری ڕابوردوو دەهێنینەوە:ـ

**جَلَس محمدُ في الصفِ.**

**شَرَحَ عبُدالرحمنِ الدرسَ.**

**شَرَبتُ الماءَ.**

**قَهَرنا في سوءِ كلامِكَ.**

دەربـارەی کـاری ڕابـوردووی بکەرنادیـاریش، ئەوا ئەو کـــارانە دەگـــرێتەوە، کە لەلایەن کەســـێکی نەناســـراو و نادیارەوە ڕوویداوە.

---

١ـ فاضل صالح السامرائي، نفس المصدر، ص ٢٨٧.

یاسـاى سـەرەكى سـازكردنى كـارى ڕابـوردووى بكەرنادیـار لە زمـانى عەرەبیـدا، بە وەرگرتنـى كـارى ڕابوردوو دەبێت، بە مەرجێک جوولّەكان(حركات)ى سـەر كارەكە بگۆڕێت، بەو جۆرەى كە دانانى (بۆر) لەسەر پیتـى یەكەم و (ژێر) لەسەر پیتى پێش كۆتایى،[1] وەک:-

**فَهَمَ ← فُهِمَ.**

**دَرَسَ ← دُرِسَ.**

**دَحْرَجَ ← دُحْرِجَ ....**[2]

**حُفِظَ الدرسُ.**[3] **(مبني للمجهول)**

**تُعلِّمَ النحوُ.**[4] **(مبني للمجهول)**

ئەوەى كە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆى كرد، وەک یاسایەكى سـەرەكى وایە، كەچـى لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێک جـار گۆڕانكـارى بەسـەر كـارەكەدا دێـت، بـۆیە لێـرەدا هەمـوو حاڵەتەكان دەخەینەڕوو:

---

١ـ هاشم طه شلاش و أخرون، المهذب في علم التصريف، ص ١٤٥.

٢ـ نفس المصدر، ص ١٤٤.

٣ـ الشيخ احمد الحملاوي، شذا العرف في فن الصرف، ص٥١.

٤ـ كمال ابراهيم، عمدة الصرف، ص ٨٨.

١- ئەگەر كارە ڕابوردووەكە كارێكی تەواو(سالم)[١] بوو و، بە پیتی (ت) دەستی پێكردبوو، ئەوا لە كاتی كردنی بە بكەرنادیار، بەم شێوەی لێ دێت: دانانی بۆر (ضمة) لەسەر پیتی یەكەم و دووەم و، دانانی ژێر (كسرة)لەسەر پیتی پێش كۆتایی[٢]، وەك :

| بكەرنادیار | بكەردیار |
| --- | --- |
| تُعُلِّمَ | تَعَلَّمَ |
| تُنُفِّسَ | تَنَفَّسَ |
| تُصُدِّقَ [٣].. | تَصَدَّقَ |

تُصُدِّقَ على المادةِ.

٢- ئەگەر كارە ڕابوردووەكە كارێكی تەواو(سالم) بوو، بەڵام بە (هەمزە) دەستی پێكردبوو، ئەوا لە كاتی كردنی بە بكەرنادیار، بەم شێوەی لێ دێت: دانانی بۆر لەسەر پیتی یەكەم و سێیەم و دانانی ژێر لەسەر پیتی پێش كۆتایی[٤]، وەك:

---

١. ڕابوردووی تەواو(سالم)، بەو كارە ڕابوردووانە دەوترێت، كە بە پیتە بزوێنەكانی (أ، و، ی) كۆتاییان نەهاتبێت.

٢. هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٤٥.

٣. نفس المصدر، ص ١٤٤.

٤. كمال ابراهیم، نفس المصدر، ص ٨٩.

| بکەردیار | بکەرنادیار |
|---|---|
| اسْتَقْبَلَ | اُسْتُقْبِلَ [1] |
| انْتَصَرَ | اُنْتُصِرَ [2] |
| اجْتَمَعَ الطلابُ في القاعة. | (مبني للمعلوم) |
| اُجْتُمِعَ في القاعةِ. [3] | (مبني للمجهول) |

٣- ئەگەر کـاره ڕابـوردووه تەواوەکه (سـالم)، دووەم یـا سـێیەم پیتـی (ا) بـوو، ئەوا له کـاتی گـۆڕینی بـۆ حـاڵەتی بکەرنادیار، (ا) دەگۆڕدرێت بۆ (و) و پیتی یەکەم و دووەم جـووڵەی بـۆره و پیتـی پـێش کۆتـایش ژێـر دادەنرێـت،[4] وەک:-

| بکەردیار | بکەرنادیار |
|---|---|
| قاتل | قُتِلَ |
| دافَعَ | دُفِعَ |
| تفاهَمَ | تُفُوهِمَ |

١ـ إميل بديع يعقوب(د)(١٩٩٨)، قاموس تصريف الأفعال والأسماء، طبعة الثانية، لبنان، ص٢٢٦.

٢ـ هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٤٤.

٣ـ كمال ابراهيم، نفس المصدر، ص ٨٨.

٤ـ هاشم طه شلاش وأخرون، نفس المصدر، ص١٤٥-١٤٦.

تضارَبَ تُضُورِبَ .. [1]

**قاتَلَ الجنديُ الأعداء. (مبني للمعلوم)**

**قُتِلَ الأعداءُ.[2] (مبني للمجهول)**

٤ـ ئەگەر کارەکە ڕابوردووی (الأجوف)[3] بوو، بەتایبەتی (أجوف)ی (و)ی بوو، ئەوا وشەکـــە لەکاتی گۆڕینی بۆ بکەرنادیار، بنجەکەی وەردەگیرێت، دواتر لەسەر یاساکە دەڕوات، کە دانانی (ضمة – بۆر) لەسەر پیتی یەکەم و (کسرة – ژێر) لەسەر پیتی کۆتایی، بەڵام لەبەر ئەوەی (کسرة – ژێر) لەگەڵ (و) قورسە، بۆیە کارەکە وای لێدێت، کە (و)ی ساکن(وەستاو) لەپاش (کسرة – ژێر) بێت[4]، واتا بەم شێوەی لێدێت:

**قالَ ← (بنجەکەی) قول ← (دەستوورەکەی) قُولَ ← قِوْل ← قِيْل**

**جال ←(بنجەکەی) جول ← (دەستوورەکەی) جُولَ ← جِولَ ← جِيْلَ**

**حاك ←(بنجەکەی) حوك ← (دەستوورەکەی)حُوكَ ← حِوْك ← حِيْكَ [5]**

**قالَ الرجلُ الحق. (مبني للمعلوم)**

---

١ـ نفس المصدر، ص ١٤٥.

٢ـ كمال ابراهيم، نفس المصدر، ص ٨٨ .

٣ـ ألاجوف: واتە پیتی ناوەڕاستی وشەکە پیتی بزوێن بێت.

٤ـ هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٤٦-١٤٧.

٥ـ نفس المصدر، ص١٤٦.

**قيلَ الحقُّ.**[1] **(مبني مجهول)**

٥ـ ئەگەر کارەکە ڕابوردووی (أجوف)ی (ی)ی بوو، ئەوا وشەکە لە کاتی گۆڕینی بۆ بکەرنادیار، بنجەکەی وەردەگیرێت، دواتر لەسەر یاساکە دەڕوات، کە دانانی (ضمة – بۆر) لە پیتی یەکەم و (کسرة – ژێر) لە پیتی پێش کۆتایی، بەڵام لەبەرئەوەی (کسرة – ژێر ) لەگەڵ (یاء) قورسە، بۆیە کارەکە وای لێدێت، کە (ی)ی وەستاو (ساکن) دەبێت،[2] واتا بەم شێوەی لێدێت:

**باع ←— (بنجەکەی)بیع ←— (دەستوورەکەی) بُیِعَ ←— بِيعَ.**

**سار ←— (بنجەکەی) سیر ←— (دەستوورەکەی) سُیِر ←— سِرَ ...**[3]

**باع زيدٌ الدارَ.** (مبني للمعلوم)

**بُيعَ الدارُ.**[4] (مبني للمجهول)

ئەگەر سەیری ئەم یاسایانەی (أجوف) بکەین، ئەوا دەبینین هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەتوانینی مرۆڤ یا بڵێین بەکارنەهێنانی ئەم جۆرە شێوازەی وشە، بەجۆرێک ئەگەر لەسەر یاساکە بڕۆیین، ئەوا دەبێت مرۆڤ سەر لە

---

١ـ كمال ابراهيم، نفس المصدر، ص ٨٨.

٢ـ هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٤٧.

٣ـ نفس المصدر، ص١٤٦ .

٤ـ كمال ابراهيم، نفس المصدر، ص٨٨.

نوێ ئاشنابکەینەوە لەسەر ڕستەی مەنتیقی و ڕستەی ڕێزمانی، بۆیە ئەم حاڵەتانە پەیوەستە بە لەسەر یاسا نەڕۆیشتن و خۆدوورخستنەوە لە یاسای سەرەکی و پەنابردنە بەر ناوازە بۆ گونجانی ڕستە و وشەکان.

٦ـ المضعف (دووبارەکردنی پیت ـ شەدە) [١]، ئەگەر هاتوو بۆ حاڵەتی بکەرنادیار بەکار هات، ئەوا دوو حاڵەت بۆ یاسای ڕابوردووی بکەرنادیار دەگونجێت، یەکێکیان دانانی (ضم ـ بۆر) لەسەر پیتی یەکەم یاخود دانانی (کسرة ـ ژێر) لە پیتی یەکەم، واتا هەردووکیان دەگونجێت، بەم شێوەیە:

**مَدَّ ← مُدَّ ، مِدَّ**

**شَدَّ ← شُدَّ ، شِدَّ**

**دَقَّ ← دُقَّ ، دِقَّ..** [٢]

---

١ـ المضعف یان تصغیف: واتە دووبارەکردنەوە، کە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت:

أـ دووبارەکردنەوەی پیتێک دوا بە دوای یەک لە وشەیەکدا، وەک پیتی (ل) لە وشەی میللەتدا.

ب ـ درێژکرنەوەی دەنگ.

ج. درێژکردنەوەی ماوەی بەندکردنی دەنگێک ئەگەر هاتوو دەنگەکە گیر بوو. بڕوانە: د.تالیب حوسێن عەلی، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، هەولێر، ٢٠٠٥. ل٧٢.

٢ـ هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٤٩-١٥٠.

### ٣-١-٣: لایەنــی لێکچــوون و جیــاوازی هەردوو زمــانەکە لە ڕووی ڕابوردووی بکەرنادیاردا:

ئەگەر ســەیری هەردوو زمــانەکە بکەیــن لە ڕوانــگەی بابەتی کاری ڕابوردووی بکەرنادیاردا، ئەوا دەبینین زۆر خــاڵی جیــاوازی لەنێوانیانــدا هەیە، ئەگەرچــی هەرچەنــدە خاڵی هاوبەشیش دەبینرێت، لە ڕووی چەمک و پێناسەوە وەک یەک وان، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی زمان، هەروەهــا لە هەردوو زمــانەکەدا لەپــاڵ یاســای ســەرەکی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، یاسای ناوازە و بیژۆکیش دەبینرێــت و گۆڕانکــاری لە هەردوو زمــانەکەدا بەســەر خودی کارەکەدا دێت، ئینجا بە زیادکردن و دەستکارییەوە بێــت یــاخود بە کەمکردنــەوە و دەســتکارییەوە بێــت، لە ڕووی جیاوازیشــەوە ئەگەر ســەیری هەردوو زمــانەکە بکەین، دەبینین گەلێک زۆرە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بــۆ ســازکردنی ڕابــوردووی بکەرنادیــار، پەنــادەبرێتە بەر ڕەگ(جذر)ی کارەکە، نەوەک کارەکە یەکسەر وەرگرین، کەچی لە زمانی عەرەبیدا یەکســەر کــارەکە وەردەگیرێت، دواتــر لە زمــانی کوردیــدا مــۆرفیێمی نادیــاری و مــۆرفیێمی کاتەکە دەخرێتە سەر کارەکە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا تەنیــا جووڵەکان(حرکــات) ڕۆڵــی ســازبوونی بکەرنادیــاری

دەبینێت، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندێتی زمانی عەرەبی.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا یاسای کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، چ سەرەکی بێت یاخود ناوازە، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ یاساکانی سەرەکی و ناوازەی کاری ڕابوردووی بکەرنادیاری لە زمانی کوردیدا ناگونجێت، چونکە کارەکانی هەمووی لەسەر بنەمای جووڵە(حرکە) دەبێت و ئەمەش لە زمانی کوردیدا نابینرێت، دیارە ئەم یاسایانەی زمانی عەرەبی لەچاو زمانی کوردی وەکو ئەوە وایە، کە کابرایەک خانوویێک بکرێت و دواتر چەندین ژوور لابەرێت یان تێکی بدات و هی تری لە شوێنی دابنێت، کەچی ئەوەی زمانی عەرەبی وەک ئەوە وایە تەنیا لە خانووەکە کەلوپەلی ناو ماڵی دەستکاری بکات، کە ئەمەش زۆر لە یەکتر جودان، هەر ئەم جیاوازیەشە دووری زمانی کوردی لە زمانی عەرەبیدا دەسەلمێنێت، یاخود بڵێین دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی و عەرەبی سەر بە دوو گرووپ و خێزانی جودان، لەبەرئەوەی سروشتی کارکردنیان لەگەڵ یەکتریدا لە زۆر ڕووەوە دوورن لە یەکتری.

## ٣-٢: كاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار

### ٣-٢-١: كاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا

پێناسـەی ڕانەبـوردوو هەر لە نـاوەکەیەوە دیـارە، کە ئەو کـارەیە ڕوودانەکەی دەکەوێـتە دوای ئاخـاوتن، واتـە کـارەکە ڕووی نەداوە، یـان ئێسـتا ڕوودەدات یـان لە داهـاتوودا. لە زمـانی کوردیـدا بـۆ سـازکردنی کـاری ڕانەبـوردوو، پەنـا دەبـرێتە بەر (ڕەگـی ڕانەبـوردوو) و، مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبوردووش دەکەوێتە پێش ڕەگەکە و جێناوی لکاویش بە کارەکەوە دەنووسێت، واتە یاساکەی بەم شێوەیە:

**مۆرفێمی ئەرێ(دە) + ڕەگی ڕانەبوردوو+ جێناوی لکاوی بێهێز[١]**

**خواردن ← دە + خۆ + م = دەخۆم**

**شوشتن ← دە + شۆ + ات = دەشوات**

**شکان ← دە + شکێ + م = دەشکێم**

---

١. جێناوی بێهێز ئەوانەن، کە لەگەڵ ڕابوردووی تێنەپەڕدا دەردەکەون و بە دوای ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێن: بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم (جێناو)، ل ١٠٦.

بۆ جیاکردنەوەی کاری ڕانەبوردووی (ئێستا و داهاتوو) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، ئەوا بەهۆی ئاوەڵکارە کاتییەکان جودا دەکرێنەوە((**لە کرمانجیی خوارووودا بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و ئایندە هیچ نیشانەیێکی وشەسازی نییە، جیاکردنەوەیان بەڕێگەی لێکسیکی واتا بەیاریدەی هەندێک وشە بەتایبەتی ئاوەڵکردارەوە مەبەست دەردەبڕن**))[1]، بەجۆرێک بۆ کاتی ئێستا (وا، ئەوا، ئێستا) بەکاردێت و، بۆ کاتی داهاتووش (بەیانی، هەفتەی داهاتوو، مانگێکی تر، هەفتەیەکی تر،.....هتد) بەکاردێت، وەکو:

**وا**
**ئێستا** — **<u>دەڕۆم</u> بۆ کۆلێژ.**
↓
**ئەوا** — کاری ڕانەبوردووی ئێستا

**بەیانی**
**دواتر** — **<u>دەڕۆم</u> بۆ کۆلێژ.**
↓
**هەفتەیەکی تر** — کاری ڕانەبوردووی داهاتوو

---

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ١٩٧.

بـۆ نەرێ کردنـی کـاری ڕانەبـوردووش، ئەوا مـۆرفێمی (نا) دەچێتە شوێنی (دە) و دەیکات بە نەرێ، وەک:

**دەڕۆم ←—— ناڕۆم**

**بەیانی دەچم بۆ بازاڕ.**

**بەیانی ناچم بۆ بازاڕ.**

ئەوەی پەیوەســـت بێـــت بە کـــاری ڕانەبـــوردووی بکەرنادیـار، ئەوا ئەو کـارانە دەگـرێتەوە، کە ڕوویـنەداوە، یـــان ئێســـتا یـــان دواتـــر لەلایەن کەســـێکی نەناســـراو و نادیارەوە ڕوودەدات.

یاســای ســەرەکی ســازکردنی کــاری ڕانــەبــوردووی بکەرنادیـــار لە زمـــانی کـــوردی دیـــالێکتی ناوەڕاســـتدا، بە وەرگرتنـی ڕەگـی ڕانەبـوردوو لەگەڵ مـۆرفێمی نادیـاری (ــ ر) و مـۆرفێمی (ــ ێ)ی ڕانەبـوردوو ســازدەبێت، بەم شێوەیە:-

**دە + ڕەگـــی ڕانەبـــوردوو + مۆرفێمینادیاری(ـــ ر) + مۆرفێمی ڕانەبوردوو(ێ)**

وەک:

**کێڵان ← دە + کێڵا + ر+ ێ = دەکێڵرێ**

**هێنان ← دە + هێن + ر+ ێ = دەهێنرێ**

**خوێندن ← دە + خوێن + ر + ێ = دەخوێنرێ**

**چنین ← ده + چن + ر + یٚ = دەچنریٚ**

**ئازاد زەوییەکە دەکێڵێ.** (کاری ڕانەبوردووی بکەردیار)

**زەوییەکە دەکێڵریٚ.** (کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار)

ئەگەرچی وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە سازکردنی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیارە وەک یاسایەکی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕەگی ڕانەبوردوو وەردەگیرێت، بەڵام دەشێت حاڵەتی ناوازەی تێدا بەدی بکرێت، لێرەدا هەندێک لەو حاڵەتانە دەخەینەڕوو:

١- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ە) یا (یٚ) کۆتایی دێت، کە دەکرێنە بکەرنادیار، ئەوا (ە) و (یٚ) یان دەبن بە (i) بزرۆکە، یانیش تێدا دەچن[١]، وەک:-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | دوا دەنگی ڕەگ | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| کردن | کە | ە | دەکریٚ |
| بردن | بە | ە | دەبریٚ |

١. زەریٚ یوسوپۆڤا(د)(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە زمانی ڕووسییەوە د.کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل١٦٢.

| | | | |
|---|---|---|---|
| نان | نێ | ێ | دەنرێ[1] |

٢- ئەو كـارانەی ڕەگـی ڕانەبوردوویـان بە (ۆ) كۆتـایی هاتبێت، ئەوا دەبنە (و)[2]، وەك:-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | دوا دەنگی ڕەگ | گۆڕان | كاری ڕانەبوردووی بكەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| خواردن | خۆ | ۆ | و | دەخورێ |
| شوشتن | شۆ | ۆ | و | دەشورێ |

٣- ئەو كارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە دەنگی (ڕ) یان (ر) كۆتایی دێت، ئەوا بە سێ چەشن دەبینرێت[3] :-

أ- ئـاخێوەری هەنـدێك نـاوچە (د) دەخەنە نێـوان ڕەگـی ڕانەبوردوو ومۆرفیمی نادیاری (ـ ر) وەك:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | زیادكراو | مۆرفیمی نادیار | مۆرفیمی ڕانەبردوو | كاری ڕانەبوردووی بكەرنادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| گێڕان | گێڕ | د | ر | ێ | دەگێڕدرێ |
| گۆڕان | گۆڕ | د | ر | ێ | دەگۆڕدرێ |

---

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، كردار، ل ٣٣٤-٣٣٥.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، كردار، ل ٣٣٤.

٣. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٩.

ب- له هەنـــدێک شـــێوەدا تەنیـــا یەک (ر) دەردەبرێـــت و یەکێکیان تێدا دەچێت، وەک:

| کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | مۆرفێمی ڕانەبردوو | مۆرفێمی نادیار | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبوردوو | چاوگ |
|---|---|---|---|---|---|
| دەبڕێ | ێ | ر | بڕ | دە | بڕین |
| دەگۆڕێ | ێ | ر | گۆڕ | دە | گۆڕین |

ج- له ئاخاوتنی گەلێک شێوەدا مۆرفێمی نادیاری (-ر) به ئاســانی به دوای (ڕ) و (ر) ی کۆتــایی ڕەگــی کــارەکەدا دەردەبڕێت، وەک :-

| کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | مۆرفێمی ڕانەبردوو | مۆرفێمی نادیار | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبوردوو | چاوگ |
|---|---|---|---|---|---|
| دەبڕرێ | ێ | ر | بڕ | دە | بڕین |
| دەگۆڕرێ | ێ | ر | گۆڕ | دە | گۆڕین |

٤ـ کاری (گرتن - girtin) کاتێک کە دەکرێتە کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار، دەنگی (i) بزرۆکە دەگۆڕدرێت بە (ی)[1]، وەک:

| کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | ڕەگی ڕانەبوردوو | نیشانە ئەرێی رانەبوردوو | چاوگ |
|---|---|---|---|
| دەگیرێ | گر | دە | گرتن |

٥ـ بوونی ڕەگی ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، وەک:

| کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | ڕەگی ڕابوردوو | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبوردوو | چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| دەوترێ، دەگوترێ | وت (گوت) | لێ | دە | وتن (گوت) |
| دەویسترێ[2] | ویست | ەوێ | دە | ویستن |

**ئازاد قسەکەی بە ڕێبوار گووت.** (بکەردیار)

**قسەکە بە ڕێبوار دەگوترێ.** (بکەرنادیار)

---

١ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل٢٧٥.

٢ـ ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٣.

٦- بـوونی ڕەگـی ڕانەبـوردوو و ڕابـوردوو بە بنـاغە بـۆ سازکردنی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار، وەک:

| **چاوگ** | **ڕەگی ڕانەبوردوو** | **کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار** | **ڕەگی ڕابوردوو** | **کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار** |
|---|---|---|---|---|
| هاویشتن | هاوێژ | دەهاوێژریَ | هاویشت | دەهاویشتریَ |
| خواستن | خواز | دەخوازریَ | خواست | دەخواستریَ |
| خستن | خە | دەخریَ | خست | دەخستریَ..[1] |

لەوانەیە هەنـدێک حـاڵەتی نـاوازەی تـر هەبـن، ئـێمە درکمان پێنەکردبێت، بەڵام ئەوەی پێویستە باسبکرێت، کە حاڵەتی ناوازە هەیە لە خودی ئەو یاسایەی لەبارەی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار دانراوە.

هەروەهـــا بـــۆ نەریَ کردنـــی کـــاری ڕانەبـــوردووی بکەرنادیار، ئەوا (نا) وەردەگرێت و دەچێتە شـوێنی (دە)ی ئەرێی ڕانەبوردوو، وەک:

**دەکێڵریَ ← ناکێڵریَ**

- **زەوییەکە دەکێڵریَ.** (ئەرێی ڕانەبوردووی بکەرنادیار)
- **زەوییەکە ناکێڵریَ.** (نەرێی ڕانەبوردووی بکەرنادیار)

---

١. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٣-٣٣٤.

## ٣-٢-٢:كاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا

لە دەستپێکدا هەروەک زمانی کوردی دەبێت لە چەمک و پێناسەی کاری ڕانەبوردوو (مضارع)بگەین، ئینجا دەچینە سەر باسی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار.

کاری ڕانەبوردوو ئەو کارەیە، کە حاڵەتەکە و ڕوودانەکەی دەکەوێتە ئێستاوە، یاخود لە داهاتوودا ڕوودەدات[١]. بۆ ناسینی کاری ڕانەبردوو، ئەوا یەکێک لە پیتەکانی (أنیت) لە بەشی پێشەوەی کارەکە دەبینرێت، یاخود دەتوانین بڵێین هەر لە کاری ڕابوردوو وەردەگیرێت، بەڵام یەکێک لە چوار پیتەکەی دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی کارەکە و جووڵەی(حرکة) بۆر(ضمة) لە کۆتایی کارەکە دەنوسرێت، وەک:

**جَلَسَ ← يَجلسُ، تَجلسُ ....**

**فَتَحَ ← يَفتَحُ، افتحُ ....**

کاری ڕانەبوردووش لە زمانی عەرەبیدا واتای چەند کاتێک لە خۆی کۆدەکاتەوە، لەوانە (**الحال و الاستقبال، الحال تنصيصا، الاستقبال تنصيصا، حدث مستقبل، دلالته على المضي، الاستمرار التجددي، الحقيقة، مقاربة حصول**

---

١ـ أنطوان الدحداح، نفس المصدر، ص١١٤.

**الفعل، تلبس حصول الفعل بوقت من الاوقات، دخول في زمن معين، تقليل حصول الفعل ... الخ ).**[1]

ئەگەر تەماشای هەریەک لەم کات و واتایانەی کاری ڕانەبوردوو بکەین، دەبینین هەر هەموویان لە چوارچێوەی ڕوونەدانی کاتەکە دەخولێتەوە، واتە یان ئیستاکە ئەنجام دەدرێت یاخود دواتر، هەروەک:

**يَرْحَمُكَ اللهُ.**

**لستُ أرْضى عنكِ.**

**يَذهبُ الطلاب الى المدرسةِ.**

وەک ئاماژەمان بۆی کرد، کەوا بەهۆی زیادکردنی هەریەک لە پیتەکانی (أنيت) لە بەشی پێشەوەی کاری ڕابوردوو دادەنرێت و، کاری ڕانەبوردوو سازدەکرێت و ئەم پیتانەی ڕانەبوردووش بۆ ئەم کەسانەی خوارەوە بەکاردێت، وەک:

- **أ(الهمزة) :-** للمتكلم المفرد(بۆ قسەکەرێکی تاک)، وەک:-

**انا اكتبُ الدرسَ.**

---

١ـ فاضل السامرائي، معاني النحو، جزء الثالث، ص٨٠-٨٦.

- **النون:-** للمتكلم وحده معظما نفسه، او معه غيره(بۆ قسەکەرێکی کۆ، یاخود یەکێکی تری لەگەڵدا بێت)، وەک:
**نحن نكتبُ الدرسَ.**

- **التاء:-** للمخاطب مفردا أو مثنى أو مجموعا مذكرا أو مؤنثا(بۆ قسەکەرێکی تاک یان کۆی نێر یان مێ)، وەک:
**انت تكتبُ الدرسَ.**

- **الياء:-** للغائب المذكر مفردا أو مثنى أو مجموعا(بۆ کەسێکی نادیاری تاکی نێر و مێ یان کۆ)، وەک:
**هما يكتبانِ الدرسَ ....** [1]

دەربارەی ڕانەبوردووی بکەرنادیاریش، ئەوا ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە ڕوودەدات.

یاسای سەرەکی سازکردنی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار لە زمانی عەرەبیدا، بە وەرگرتنی کاری ڕانەبوردوو (فعل مضارع)، بەمەرجێک (حركات ــ جووڵەکان)ی سەر کارەکە بگۆڕدرێت، بەو جۆرەی کە دانانی (ضمة ـ بۆر) لەسەر پیتی یەکەم و (فتحة ـ سەر) لەسەر پیتی پێش کۆتایی، [2] وەک:

---

١ـ كمال ابراهيم، عمدة الصرف، ص٥٣.

٢ـ الشيخ احمد الحملاوي، نفس المصدر، ص٥٢.

يَعْلَمُ ← يُعْلَمُ

يَفْتَحُ ← يُفْتَحُ

يَضْرِبُ ← يُضْرَبُ

يَكْتُبُ ← يُكْتَبُ ... [١]

يُكْتَبُ الدرسُ.[٢] (فعل مضارع مبني للمجهول)

يُضْرَبُ عَلَيٌّ.[٣] (فعل مضارع مبني للمجهول)

ئەمە وەک یاسایەکی سەرەکی وایە بۆ حاڵەتەکە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار گۆڕانکاری بەسەر کارەکەدا دێت، بۆیە لێرەدا حاڵەتەکە دەخەینەڕوو:-

وەکو دەزانین ئەگەر کارەکە ڕانەبوردووی تەواو (سالم) بوو، ئەوا هیچ کێشەیەکی نابێت و لەسەر یاسای گشتی دەڕوات، بەڵام ئەگەر کارەکە ڕانەبوردووی (أجوف) بوو، ئەوا هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەجۆرێک ئەگەر یەکسەر (بۆر- ضمة) لەسەر پیتی یەکەم دابنێین و (سەر

---

١ـ اميل بديع يعقوب، قاموس تصريف الأفعال و الأسماء، ص١٠٠-١٠٦.

٢ـ كمال ابراهيم، عمدة الصرف، ص٨٩.

٣ـ الشيخ احمد الحملاوي، نفس المصدر، ص ٥٢.

ـ فتحة ) لەسەر پیتی پێش کۆتایی دابنێین، ئەوا لەسەر زار قورسە یان گرانە، هەروەک ئەم نموونانە:-

| | | |
|---|---|---|
| يَقولُ ← يُقْوَلُ | | |
| | بەگوێرەی یاسا | |
| يَبيعُ ← يُبْيَعُ ...[1] | | |

ئەگەر سەیری ئەم دوو نموونەیەی پێشەوە بکەین، ئەوا دەبینین پیتی پێش (و) و (ی) وەستاوە(ساكنة)، بۆیە بۆ دەربڕین قورسە، ناچار دەبین بیانکەین بە (ا) و بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێت:-

**يَقولُ ← يُقَالُ**

**يَبيعُ ← يُباعُ ..[2]**

**- يبيعُ التاجرُ الثوبَ. (مبني للمعلوم)**

**يُباع الثوبُ. (مبني للمجهول)** [3]

---

١ـ هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٥١.

٢ـ هاشم طه شلاش و أخرون، نفس المصدر، ص ١٥٢.

٣ـ كمال ابراهيم، عمدة الصرف، ص٨٩.

## ٣-٢-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لەڕووی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیاردا

ئەگەر سەیری هەردوو زمانەکە بکەین، لە ڕوانگەی بابەتی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار (فعل مضارع مبني للمجهول)، بێگومان خاڵی جیاوازیی و لێکچوون هەیە، بەجۆرێک لە ڕووی چەمک و پێناسەوە وەک یەک وان و، یاسای سەرەکی و یاسای ناوازە و بیژۆک دەبینرێت، لە هەردوو زمانەکە گۆڕانکاری بەسەر خودی کارەکەدا دێت، جا چ بە زیادکردن یاخود قرتاندنی پیتی کارەکەوە بێت.

لە ڕووی جیاوازیشەوە، ئەگەر سەیری هەردوو زمانەکە بکەین، ئەوا جیاوازی گەلێک زۆرە، بەجۆرێک لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی ڕانەبوردووی بکەرنادیار پەنا دەبرێتە بەر ڕەگی(جذر) کارەکە و مۆرفیمی نادیار و مۆرفیمی کات دەخرێتە سەری، کەچی لە زمانی عەرەبیدا کارەکە یەکسەر وەردەگیرێت، تەنیا جووڵە(حرکة)ی سەر کارەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە ڕووی گۆڕانکارییەکانی یاسای سەرەکی لە هەردوو زمانەکەدا جودان، بەجۆرێک یاساکانی هەردوو زمانەکە زۆر لێک دوورن.

### ٣-٣: مۆرفێمی بکەرنادیار لە هەردوو زمانەکەدا

لە زمانی کوردی (دیالێکتی ناوەڕاست)دا، هەندێک لە نووسەران دەمێکە توانیویانە دەستنیشانی مۆرفێمی بکەرنادیار بکەن،[١] کە ئەویش مۆرفێمی (ـ ر)یە،لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە نووسەران (وەک لە بەشی یەکەم ئاماژەمان بۆی کرد)، ئاویزانیەکی گەورەیان کردبوو لەنێوان مۆرفێمی بکەرنادیار و مۆرفێمی کات، کەوا زیاتر مەبەستمان مۆرفێمی (ا) بۆ ڕابوردوو و مۆرفێمی(ـ یٚ)یە بۆ ڕانەبوردوو، کەچی نووسەران (ـ را)یان بە یەکەوە بۆ ڕابوردووی نادیار بەکارهێناوە و(ـــ ریٚ)یان بۆ ڕانەبوردووی نادیار بەکارهێناوە.

سەبارەت بە شوێنی مۆرفێمی بکەرنادیار لەناو کارەکەشدا، ئەوا شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەویش دەکەوێتە دوای (ڕەگی کار) و پێش مۆرفێمی کاتی

---

١. ئەو نووسەرانەی کە مۆرفێمی(ر)یان بە مۆرفێمی بکەرنادیار داناوە، پێکهاتوون لە: زەریٚ یوسوپۆڤا، مەکارس، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وریا عومەر ئەمین، فەرەیدوون عەبدول، نەریمان خۆشناو،... هتد.

کارەکە، واتە ناوەڕاستی کارەکە لەخۆدەگرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، با سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەین:







ئەگەر بێینە سەر زمانی عەرەبی، ئەوا دەبینین مۆرفیمی بکەرنادیار لە زمانەکەدا مۆرفیم نییە، بەڵکو جووڵەکانە (حرکات)، کە لەسەر پیتەکانی کارەکان دادەنرێت، بەجۆرێک لەم زمانەدا بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردوو

مۆرفێمی بکەرنادیار جیاوازی هەیە، بۆ ڕابوردوو(بـــۆر) لە سـەرەتای وشـە دادەنرێـت، لەگەڵ (ژێـر) لە پیتی پـێش کۆتایی کارەکە دادەنرێت، وەک:

- **كُسِرَ الزجاجُ.**
- **فُهِمَ الدرسُ.**

مـۆرفێمی بکەرنادیـار بـۆ ڕانەبـوردوو، ئەوا (بـۆر) لە سـەرەتای کـارەکە دادەنرێـت، لەگەڵ (ژێـر) لەسـەر پیتـی پێش کۆتایی دادەنرێت، وەک:

- **يُكْرَمُ الطلابُ.**
- **يُجلَسُ على الكرسيَ.**

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە هەردوو زمـانەکەدا جیـاوازی لە مـۆرفێمی بکەرنادیـار دەبینرێـت، بەجۆرێک لە زمـانی کوردیـدا مـۆرفێمە و، لە ڕابـوردوو و ڕانەبـوردوو وەک یەکە، کەچـی لە زمـانی عەرەبیـدا جووڵەیە(حرکـة) و، گۆڕانکـــاری لە ڕابـــوردوو (ماضـــي) و ڕانەبـــوردوودا (مضارع) دەبینرێت، ئەگەرچی نابێت ئەوەمان لەیـاد بچێت، کە جووڵەکان(حرکـات) لە زمـانی عەرەبیـدا هەمـان کـاری پیـت و مـۆرفێم دەگێڕێـت، بەو واتـایەی لەجیـاتی پیـتە لە ڕسـتەکدا، واتـە بزوێنـی (و)ی کـوردی بەرانـبەر بە (بـۆر- ضمة)ی عەرەبییە **((دەنگی ئەم جۆرە (واوە ) کورتە هەر**

**له دەنگی (بۆر) ئەچێ لە زمانی عەرەبیدا))**[1]، **(( (ضمة) بە پیتی واو لە وشەی کوردیدا دەدەبڕێ))**[2] و، بزوێنی (ە)ی کوردی بەرانبەر بە (سەر۔ فتحة)ی عەرەبییە **(( (ە) ئەم پیتە بزوێنە دەنگێکی کورتی هەیە کە هەر لە دەنگی سەر (فتحة) دەچێت لەزمانی عەرەبی و فارسیدا))**[3] **((بزوێنی کورتی (أ) ئەلف کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (الفتحة) لە زمانی کوردیدا پیتی (ە)یان بۆ سازکردووە))**[4]، و بزوێنی (ی) کوردی بەرانبەر (ژێر۔ کسرة)ی عەرەبییە(( **(الکسرة) هەندێک جار لە زمانی کوردیدا دەیکەن بە(ی) ))**[5]، واتا بەم شێوەیە:

**و ← ضمة(بۆر)**

**ە ← فتحة(سەر)**

**ی ← کسرة (ژێر)**

---

١۔ احمد حسن احمد، ڕێزمانی کوردی بە کوردی و بە عەرەبی، ل ٣٩.

٢۔ کامل بەصیر، بەراوردکاریەک لە نێوانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ.کۆڕی زانیای عێراق دەستەی کورد، بەرگی سیازدەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٩.

٣۔ احمد حسن احمد، هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.

٤۔ کامل بەصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٩.

٥۔ هەمان سەرچاوە، ل ٩.

# بەشی چوارەم

# بکەرنادیار و بەرانبەرکردنی هەردوو زمانەکە لەڕووی سینتاکسییەوە

٤-١: پێوەندی بە کارەوە
٤-١-١: کاری تێپەڕ
٤-١-١-١: کاری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا
٤-١-١-٢: کاری تێپەڕ لە زمانی عەرەبیدا
٤-١-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی تێپەڕدا
٤-١-٢: کاری تێنەپەڕ
٤-١-٢-١: کاری تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا
٤-١-٢-٢: کاری تێنەپەڕ لە زمانی عەرەبیدا
٤-١-٢-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی تێنەپەڕدا
٤-٢: پێوەندی بە بکەرەوە
٤-٢-١: ئەو ڕستانەی بکەریان تێدا نییە
٤-٢-١-١: ئەو ڕستانەی لە زمانی کوردیدا بکەریان تێدا نییە
٤-٢-١-٢: ئەو ڕستانەی لە زمانی عەرەبیدا بکەریان تێدا نییە
٤-٢-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی ئەو ڕستانەی بکەریان تێدا نییە
٤-٢-٢: ئەو ڕستانەی لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە
٤-٢-٢-١: ئەو ڕستانەی لە زمانی کوردیدا لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە

**٤-٢-٢-٢: ئەو ڕستانەی لە زمانی عەرەبیدا لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە**

**٤-٢-٢-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی ئەو ڕستانەی بکەریان ئاماژەپێکراوە**

### ٤-١: پێوەندی بە کارەوە

### ٤-١-١: کاری تێپەڕ

### ٤-١-١-١: کاری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا زمانەوانان و نووسەران چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێپەڕ کردوو[١]، دەتوانین هەموو پێناسەکانیش لە چوار دەوری یەک چەمکدا کۆبکەینەوە، بەو واتایەی بڵێین کاری تێپەڕ ئەو کارەیە، کە هێزی

---

١. لەوانە:- سەعید صدقی دەڵێت:((**متعدی فعلیکە لە فاعلەکەی جوی ببیتەوە واحتیاجی ببی بە مفعول بە**))، بڕوانە: مختصر صرف و نحوی کوردی، ١٩٢٨، ل٤٤.

- تەوفیق وەهبی دەڵێت:((**فیعلی موتەعەددی کارێ بەیان ئەکا کەلە باسلێکراوەو تەجاوەزی کەسێ یان شتێکیتر بکا**))، بڕوانە: دەستووری زمانی کوردی،١٩٢٩، ل ٤٢.

- نوری عەلی ئەمین دەڵێت:((**چاوگی تێپەڕ ئەو چاوگەیە هەر کاتێ فرمانێکی لێ دروست کرا، فرمانەکە لە مسندالیەیەکەی جوێ ئەبێتەوە بۆ کەسێ یا شتێکی تر**))، بڕوانە: قواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، ١٩٦٠، ل٦١.

- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت:((**واتای چالاکی کارا و ڕێچکەی بەرەو بەرکار نیشان دەدات**))، بڕوانە:ڕێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم(کردار)، ٢٠٠٠، ل٤٦ .

کاریگەریەکەی لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر کەرەستەیەکی تر، ئەویش بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

**گۆران سێوەکەی خوارد.**

بکەر

بەرکاری ڕاستەوخۆ

کاری ڕابوردووی تێپەڕ

لەم ڕستەیەدا وشەی (گۆران) بکەری ناو ڕستەکەیە و خواردنی شتێکی ئەنجامداوە، کە ئەویش (سێو)ە، هێزەکەش لێرەدا کەوتۆتە سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ، کارەکەش کە (خوارد)ە، کارێکی تێپەڕە، دەبێت ئەوەش بوترێت کە لە زمانی کوردیدا هەموو کارێکی تێپەڕ لەناو ڕستەدا، یەک بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت، بەڵام بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ،ئەوا دەشێت لە ڕستەی کاری تێپەڕدا بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ یان زیاتر ببینرێت، لەم وێنەیەی خوارەوەدا فراوانترین سنووری کاری تێپەڕ بەپێی کەرەستە سەرەکییەکان لەناو ڕستەدا دەخەینەڕوو[(١)]:

١. عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٤١.




**ئازاد شەوێ لەماڵەوە پارە بۆ نەوزاد لەباوکم وەردەگرێ.**

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجاران لە ڕستەی کاری تێپەڕدا، وا دەبێـــت بەرکـــارەکەی لە ڕووی سیما(ڕوخســـار)ەوە بەدیارنەکەوێت، کە ئەمەش وای لە زۆر کەسان کردووە بە هەڵەدا بچن و بڵێن ئەم ڕستەیە بەرکاری تێدا نییە، بەڵام لە ڕووی واتـــاوە بەرکارێـــک لەنـــاو ڕســـتەکەدا

دەبینرێت، وەک (**ئازاد دەتوانێ بنووسێ**)[1]، لێرەدا لە ڕووی ڕووخسارەوە بەرکار دەرنەکەوتووە، بەڵام لە ڕووی واتاوە ئازاد دەتوانێ شتێ بنووسێ، جا ئەم شتە نامەی، وتارە، شیعرە، یا هەر شتێکی ترە...

کاری تێپەڕ لە ڕووی هەبوونەوە، بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێت:-

١-**تێپەڕی ڕەسەن** (**بنجی**): ئەو کارە تێپەڕانە دەگرێتەوە، کە لە بناغە و بنجدا تێپەڕن، وەک (**بردن، کردن، شوشتن، خواردن،....**).

٢- **تێپەڕی ناڕەسەن** (**نابنجی**): ئەو کارە تێپەڕانە دەگرێتەوە، کە لە بناغەدا تێنەپەڕن، بەڵام بەهۆی پاشگری (- اندن) یان ڕێگەی تایبەتەوە بوونەتە کارێکی تێپەڕ،[2] وەک:

**خەوتن ← خەو + اندن = خەواندن**

هەروەها کاری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا، هەروەک زمانی عەرەبی دەشێت یەک بەرکار وەرگرێ و، دەشێت زیاتر بێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:[3]

---

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، کردار، ل ٣١٦.

٢. مصطفی محمد زەنگنە، کار و ئەرکی لە سینتاکسدا، ل٢٤.

٣. عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٤١.

**یەکەم/** ئەو کــارە تێــپەڕانەی کە یەک بەرکــار لەنــاو ڕستەدا وەردەگرن، وەک:

- **مەریوان** **سێو** **دەخـــــوات.**

بکەر — بەرکاری ڕاستەوخۆ — کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ

**دووەم/** ئەو کارە تێپەڕانەی کە دوو بەرکار لە ڕسـتەدا وەردەگرن، وەک:

**من** **پارە** **دەدەمە** **تۆ.**

بکەر — بەرکاری ڕاستەوخۆ — کاری تێپەڕ — پێشبەند — بەرکاری ناڕاستەوخۆ

**سێیەم/** ئەو کارە تێپەڕانەی، کە سێ بەرکار وەردەگرن، وەک کارەکانی **(وەرگرتن، دان، بردن سـەندن، کڕین)**[1]، وەک:

١. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠٠٥)، کاری تیپەڕ ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ.کاروان، ژ.(١٩٨)، ل ١٥٨-١٥٩.

**<u>من</u> <u>پارە</u> <u>لە</u> <u>تۆ</u> <u>وەردەگرم</u> <u>بۆ</u> <u>ئازاد</u>.**

بکەر | بەرکاری ڕاستەوخۆ | پێشبەند | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | کاری تێپەڕ | پێشبەند | بەرکاری ناڕاستەوخۆ

لەمە زیاتر نامانەوێت لەسەر ئەم بابەتە بدوێین، چونکە ئەوەی زۆر گرنگە و گەرەکمانە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا دەبێت کاری ناو ڕستەکە تێپەڕ بێت، ئینجا دەتوانین ڕستەی بکەردیار بگۆڕین بۆ ڕستەی بکەرنادیار، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوا دەبێت لەپێشدا کارەکە بگۆڕین بۆ تێپەڕ، وەک:-

**شکا ⟵ شکاندن**

**<u>کامەران</u> <u>پەنجەرەکـەی</u> <u>شکاند</u>.** (بکەردیار)

بکەر | بەرکاری ڕاستەوخۆ | کاری تێپەڕ

**پەنجەرەکە شکێنرا.** (بکەرنادیار)

دیارە وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە ڕستەی بکەرنادیار لە کاری تێنەپەڕ سازناکرێت، بەڵکو دەبێت کارەکە تێپەڕ بێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا ڕێگاچارە دانراوە بۆ گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ، ئەویش بە زیادکردنی پاشگری (- اندن) و خستنەسەر ڕەگی کارەکە، کە بەهۆیەوە دەیکاتە تێپەڕ، وەک:-

**خەوتن ← خەو + اندن = خەواندن**

**فڕین ← فڕ + اندن = فڕاندن**

**شکان ← شکا + اندن = شکاندن**

**ڕووخان ← ڕووخا + اندن = ڕووخاندن**

لەم کارانەی سەرەوەدا، کارەکانی **(شکا، ڕووخا)** بە (ا) کۆتاییان هاتووە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لە ڕەگی ڕابوردووەوە وەرگیراون بۆ کردنی بە تێپەڕ، دیارە لەنێوان ئەم دوو (ا)ە، یەکەکیان لەناو دەچێت، چونکە لە زمانی کوردیدا هەرگیز دوو بزوێن لە دوای یەکتردا نایێن.

هەروەها هەندێک کاری تێنەپەڕمان هەیە، کە بەرانبەرەکەیان کاری تێپەڕی هەیە، لەوانە[1]:

---

١- لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٢٣.

| تێنەپەڕ | | تێپەڕ |
|---|---|---|
| کەوتن | ← | خستن |
| هاتن | ← | هێنان، هانین |
| چوون | ← | بردن |
| ڕۆیشتن | ← | ناردن |
| ڕژان | ← | ڕشتن |
| گۆڕان | ← | گۆڕین |
| سڕانەوە | ← | سڕینەوە |
| پچڕان | ← | پچڕین |
| بزووتن | ← | بزاوتن |
| سوان | ← | سوین (سوون) |
| قەلشتن | ← | قەڵاشتن |
| قڵیشان | ← | قەڵاشتن |
| مانەوە | ← | هێشتنەوە، هێڵانەوە |
| مان | ← | هێشتن، هێڵان |
| کشانەوە | ← | کێشانەوە |
| هەڵستان | ← | هەڵ گرتن |

هەروەهــا هەنــدێک کــاری تێنەپەڕمــان هەیە، دەشــێت بەهــۆی (- انــدن)ەوە بکــرێنە تێــپەڕ، ســەرەڕای ئەوەش تێپەڕی بەرانبەریان هەیە، وەک:

| **تێپەڕ** | | **تێنەپەڕ** |
|---|---|---|
| **کەواندن، خستن** | ← | **کەوتن** |
| **مراندن، کوشتن** | ← | **مردن** |
| **چواندن، بردن** | ← | **چوون** |

لێــرەدا لە زۆر حاڵەتــدا مانــای تێــپەڕی بەرانــبەر و بەتێپەڕکــراوەکە وەک یەک نــابن، وەک **(مــردن)** تێــپەڕی بەرانــبەری **(کوشــتن)**ە و، دەکرێــت بە **(مرانــدن)**، بەڵام لە ڕووی ماناوە **(مراندن)** و **(کوشتن)** جودان،[1] وەک:

**پیاوەکە خۆی کوشت.** لێرە مردووە

**پیاوەکە خۆی مراند.** لێرە نەمردووە

هەروەهـــا هەنـــدێک کـــاری تێنەپەڕمـــان هەیە، کە بەرانبەریان کاری تێپەڕی نییە و پاشگری ( ــ اندن)یش وەرناگرن، وەک[2]:

**(سرەوتن، نیشتن، زان، گەنین)**

---

١ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل١٨٨.

٢ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٥٨.

دیارە لێرەدا ئەم وشانە ڕوودانیان لە ژوور ئارەزوو و دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، چونکە ((**تۆ دەتوانی یەکێکی تر(بخەوێنی و یا بشێوێنی) بەهۆی ئەو ئامرازانەوە، کە خەوتن و شێوان پەیدا دەکەن، بەڵام ناتوانی لە دەروونی هەمان کەسدا (سرەوتن) پەیداکەیت، چونکە سرەوتنەکە لەلاوە نایەت بۆی ....**))[1]

هەروەها هەندێک کاری تێنەپەڕ، بە یارمەتی کاری یارمەتیدەری (**هێنان**) و (**خستن**)ەوە دەکرێنە تێپەڕ، وەک:

**منداڵەکەی هێنایە پێکەنین.**

**منداڵەکەی خستە گریان.** [2]

ئەگەرچی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە پاشگری (- اندن) کاری تێنەپەڕ دەکاتە تێپەڕ، هەروەها دەوری ڕۆنانی کاری تێنەپەڕیش دەبینێت، بەتایبەتی کاتێک کە دەچێتە سەر ناوی دەنگە سروشتییەکان و دەیانکات بە کاری تێنەپەڕ، وەک:

**قیژە + اندن = قیژاندن**

**گرمە + اندن = گرماندن**

**باعە + اندن = باعاندن**

---

١. لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٢٣.

٢. عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

**زیڕە + اندن = زیڕاندن**
**باڕە + اندن = باڕاندن**[١]

هەروەها (- اندن) چەندین ئەرکی تری جودا جودا دەبینێت، لەوانە چاوگی لێکدراو دەکات بە چاوگی داڕژاو، وەک:

**نەخشکردن ← نەخشاندن**[٢]

هەروەها کار و چاوگی بێگانەی تێپەڕ، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی دەکاتە کوردی و هەر بە تێپەڕیش دەمێنێتەوە و، هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی وەردەگرێت، وەک:

**((شبە)) + اندن = شوبهاندن**
**خلق + اندن = خولقاندن**[٣]

---

١. لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٢٣.
٢. نەسرین فەخری(د)(١٩٧٤)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ل ٢٢٧.
١٥٤. هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣.

دیاره ئەم حاڵەتانەی، کە لەوەوپێش ئاماژەمان بۆی کرد، هەموو وەک خۆی سەد دەر سەد بەبێ گۆڕانکاری بەکارناییێت، بەڵکو حاڵەتی تریش هەن و هەندێک گۆڕانکاریش دەبینیرێت لە کاتی خستنەسەری پاشگری (- اندن) بۆ سەر کارەکان و، ئەرکی (- اندن) گەلێک زۆرە، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە ئاماژەی بۆ دەکەین، لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت ڕێکخستن و شێوازی پاشگری (- اندن) ڕوونبکەینەوە، کە چۆن سازبووە، چونکە وەک زانراوە پاشگری (- اندن) هەر هەمووی مۆرفێمی تێپەڕاندنی کار نییە، بەڵکو بە تەنیا (ن)ی یەکەم مۆرفێمی تێپەڕاندنە، هەروەک لەم نموونەیە ڕوونی دەکەینەوە:[1]




١. عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٥٦-٥٧.

له دەمی ڕانەبوردوو (ان) دەبێتە (ێن)، واتـە (ا) دەبێتە (ێ)، وەک:-

**مراندن ⟵ دەمرێنێت**

کەواتە دەبێت (ن)ەکە، مۆرفێمی تێپەڕاندن بێت، چونکە (ا) نیشانەی کاتە بۆ ڕابوردوو و(ێ)ش نیشانەی کـاتە بـۆ ڕانەبوردوو.[1]

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

### ٤-١-١-٢: کاری تێپەڕ لە زمانی عەرەبیدا

ئەوەی پەیوەسـت بێـت بە زمـانی عەرەبـیش، ئەوا دیسانەکە نووسەرانیان چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێپەڕ کردووە،[١] بەجۆرێک کە هەمان پێناسەکەی کاری تێپەڕی

---

١. لەوانە:- د.حاتم صالح الضامن يقول:((**ما يتعدى أثره فاعله و يجاوزه الى المفعول به**))، انظر الى: الصرف، ١٩٩١، ص١١٦.

- راجي الأسمر يقول:((**هو الذي لا يكتفي بفاعله، بل يتعداه الى المفعول به ليتم به معنى الكلام**))، انظر الى: مرجع الطلاب في اللغة العربية، ١٩٩٥، ص ١٠٦.

- انطوان الدحداح يقول:((**المتعدي يتجاوز فاعله الى مفعول به ليتم معناه**))، أنظر الى: معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، ١٩٩٧، ص١١٨.

- الأستاذ الشيخ احمد الحملاوي يقول:((**ينقسم الفعل الى متعد، ويسمى مجاوزا، ما يجاوز الفاعل الى المفعول به بنفسه**))، انظر الى: شذا العرف في فن الصرف، ٢٠٠٠، ص ٤٨.

- اية الله الشيخ مصطفى النوراني يقول:((**وهو الذي يتعدى ويتجاوز بنفسه من الفاعل الى المفعول به**))، انظر الى: قواعد الصرف،٢٠٠١، ص ١١٤.

- سعيد الأفغاني يقول:((**اذا جاوز اثره الفاعل الى مفعول واحد أو اكثر كان فعلا متعديا**))، انظر الى: الموجز قواعد اللغة العربية، انترنت.

زمـانی کـوردی لەگەڵیـدا یەکـدەگرێتەوە((**ئەو کـارەیە کە مانـاکەی بە بـکەرەکەی تەواو نـابێ، بەڵکـو پێویسـتی بە بەرکـاری ڕاسـتەوخۆ(مفعول بە) هەیە بـۆ تەواوکردنـی مانای قسەکردنەکە**))[1]، وەک:

| فعل متعدي (کاری تێپەڕ) | فاعل(بکەر) | مفعول بە(بەرکاری ڕاستەوخۆ) |
|---|---|---|
| **شَرَحَ** | **المعلمُ** | **الدرسَ.** |

کـاری تێـپەڕ (متعـدي) لە زمـانی عەرەبیـدا، هـــەروەک زمـانی کـوردی لە ڕووی پێوەنـدی بە بەرکـارەوە، دەشـێت بەرکارێکی ڕاستەوخۆ(مفعول بە) وەرگرێ یـان زیـاتر، بەم شێوەیە:

١- ئەو کارە تێپەڕانەی یەک بەرکاری ڕاسـتەوخۆ (مفعـول بە) وەردەگرن،[2]وەک **(أكل، شَـربَ، اشـترى، كَتـبَ، دَرسَ،....)**، نموونە:

---

١ـ راجي الأسمر، مرجع الطلاب في اللغة العربية، ص ١٠٦.

٢ـ الأستاذ الشيخ احمد الحملاوي، شذا العرف في فن الصرف، ص ٤٨.

| فعل متعدی (کاری تێپەڕ) | فاعل (بکەر) | مفعول به (بەرکاری ڕاستەوخۆ) |
|---|---|---|
| حَفظَ | محمدُ | الدرسَ. |

ئەم جۆرەیان لە زمانی عەرەبیدا لە دوو بەشەکەی تر زۆرترە.

٢ــ ئەو کارە تێپەڕانەی پێویستیان بە دوو بەرکاری ڕاستەوخۆ (مفعول به) هەیە، ئەوانیش دەبن بە دوو بەش[1]:-

أ) بەشێکیان ئەوەیە، کە هەردوو بەرکارەکە (مفعول به) (نصب) دەکات، بنجەکەشیان نیهاد و گوزارە نییە[2]، وەک کارەکانی (**مَنَحَ، سأل، كَسا، أعطى،..**).

---

١. راجي الأسمر، نفس المصدر،ص ١٠٦.

٢. نیهاد و گوزارە لە زمانی کوردیدا کاتێک پەیدا دەبێت، کە ڕستەکە کاری ناتەواوی تێدا بێت، واتە(**ە، بوو، دەبێت**)، کە هەر سێکیان لە چاوگی (**بوون**)ەوە وەرگیراون، بۆ کاتی ئێستا(**ە**) بەکاردێت، وەک: **کامەران زیرەکە.** بۆ کاتی داهاتوو(**دەبێت**) بەکاردێت، وەکو: **ئازاد دەبێت بە مامۆستا**، بۆ کاتی ڕابوردوو (**بوو**) بەکاردێت، وەک **سۆلاف ئەندازیار بوو.** بەڵام لە زمانی عەرەبیدا نیهاد و گوزارە کاتێک پەیدا دەبێت، ئەگەر ڕستەکە بە ناو

مَنَحْتُ      المجتهدَ      جائزة.

فعل متعدي (كاری تێپەڕ)   بەرکاری ڕاستەوخۆ١   بەرکاری ڕاستەوخۆ٢

فاعل (بکەر)

ب- بەشەکەی تریان، کە هەردوو بەرکارەکە (نصب) دەکات و بنجنەکەشیان نیهاد و گوزارەیە، وەک کارەکانی **(قلوب - دڵان)**[1]، کە پێکدێن لە **(علم، وجد، ظن، خال، حسب .......)**، هەروەها کارەکانی **(التحويل - گۆڕین)**[2]،

---

(اسم)دەستی پێکردبوو، وەک **(الرجلُ شجاعُ)**، لێرەدا **(الرجلُ)** نیهادە(مبتدأ)، و **(شجاعُ)**، گوزارەیە(خبر)، بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم دوو وتارەمان بکەن:

١ـ چەمک و پێناسەی کارای نادیاری،گ. ئاسۆی پەروەردەیی، ژ(٤٢)، نیسانی٢٠٠٤، ل ٥١-٦٢.

٢ـ کاری بکەرنادیاری لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک، گ.نووسەری نوێ، ژ(٢٢)، هاوینی ٢٠٠٤، ل ١٢٠-١٢٥.

١ـ القلوب: واتا ئەو کارانەی پێوەندییان بە لایەنی دڵەوە هەیە، واتا پەیوەندییان بە گومان و دڵنیاییبوونەوە هەیە.

٢ـ التحويل: واتا گۆڕان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر.

که پێکدێن له **(صير، تخذ، اتخذ رد، ترک، جعل، وهب)**، وەک:

**علمتُ** **السفَر** **بعيداً.**

فعل متعدي (کاری تێپەڕ) بەرکاری ڕاستەوخۆ١ بەرکاری ڕاستەوخۆ٢

فاعل (بکەر)

**رددْتُ** **الطينَ** **ابريقاً.**

فعل متعدي (کاری تێپەڕ) بەرکاری ڕاستەخۆ١ بەرکاری ڕاستەوخۆ٢

فاعل (بکەر)

٣ـ ئەو کارە تێپەڕانەی پێویستیان بە سێ بەرکار هەیە لەناو ڕستەدا، ئەوانیش کارەکانی (أرى، أعلم، أنبأ، نبأ، أخبر، خبر، حدث) دەگریتەوە، وەک:

**أرى** **المعلّمُ** **تلميذَ** **الحلَّ** **سهلاً.**

فعل (کار) فاعل (بکەر) م. بە١ (ب.ڕاستەوخۆ١) م. بە٢ ( ب.ڕاستەوخۆ٢) م.بە٣ (ب.ڕاستەوخۆ٣)

دەبێت لێرەشدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە زمانی عەرەبیدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردی دوو جۆر کاری تێپەڕ(متعدي) دەبینرێت، ئەوانیش:

١-١. **تێپەڕی بنجی** (**متعدي الاصلي**): ئەوەیە کە کارەکە خۆی لە بنجدا تێپەڕە، وەک **(شَرحَ، شَربَ، أكل ....).**

٢- **تێپەڕی نابنجی** (**متعدي مأخوذ**): ئەوەیە کارەکە خۆی لە بنجدا تێنەپەڕە، بەڵام بەهۆی یاسای تایبەتییەوە دەکرێت بە تێپەڕ، بەم شێوەیە:

١. بەهۆی زیادکردنی (هەمزە – أ) لە سەرەتای وشەکە،[١] وەک:

**بَعُدَ الرجلُ.** ⟵ **أبْعَدَ الرجُلُ المرةَ.**

٢. بە دووبارەکردنی پیتەکە،[٢] واتە(بتضعیف عینە)،[٣] وەک: **كَرَّمَ المَلكُ الأبطالَ.**

٣ـ بەهۆی یارمەتی پێشبەند(حرف جر) لەناو ڕستەدا،[٤] وەک:

---

١. راجي الأسمر، نفس المصدر، ص ١٠٧.

٢. واتە دووبارەکردنەوەی پیتێک دوا بەدوای یەک لە وشەیەکدا پێی دەوترێت (تضعیف).

٣. انطوان الدحداح، نفس المصدر، ص ١١٩.

٤. نفس المصدر، ص ١١٩.

**رَغِبَ الوَلَدُ فِي العِلْمِ.**

٤ـ بەهۆی زیادکردنی (هەمزە و سین و تا) لە سەرەتای وشەکە، واتا بە گوێزانەوەی کارەکە بۆ سەر شێوازی (استفعل)، کە واتای داواکردنی مەجازی (خوازە)، یاخود ڕێککەوتن (المصادفة) دەبەخشێ[1]، وەک:

**استخرجتُ الذهبَ.**

**استنبطتُ الماءَ.**

٥-گواستنەوەی کارەکە بۆ خانەی (باب)ی **(نَصَرَ يَنصُرُ)** بۆ ئەوەی واتا بەخشینی بەسەردا زاڵ بێت (المغالبة)[2]، وەکو:

**فاخَرْتهُ ففَخَرْتُهُ أفخَرُهُ، و قاعَدْته فقَعَدْتُهُ.**

٦- گوێزانەوەی کارەکە بۆ سەر شێوازی (فاعل)[3]، وەک:

**جَلَسَ الكاتب. ⟵ جالَسْتُ الكاتبَ.**

٧- بەهۆی بوونی ئاوەڵکار (ظرف)[4]، وەک:

**جَلَسَ الرَّجُلُ تحت الشَّجرة.**

---

١ـ حاتم الضامن، نفس المصدر،ص ١١٨.

٢ـ نفس المصدر، ص ١١٨.

٣ـ راجي الاسمر، نفس المصدر، ص ١٠٧.

٤ـ انطوان الدحداح، نفس المصدر، ص ١١٩.

٨- یــاخود کــارەکە خــۆی واتــای ( تێــپەڕی – متعــدي ) ببەخشێت، وەک:

**(رَحُبَنكُمُ الدارُ، وطَلُعَ بشْرُ اليَمَن).**

لێرەدا **(رحُبَ)** واتای **(وسعَ)** دێت و **(طَلَعَ)** بە واتـای **(بلـغ)** دێـت، ئەگەر بەو واتــایە نەهاتبــایە، ئەوا نەدەبــووە کــاری تێـپەڕ، چـونکە کـار بە (ضـم العـین)[1]، تەنیـا بە تێـنەپەڕی (لازم) دێت.[2]

لەوانەشە جگە لەم یاسایانە هەندێک یاسای تر هەبن لە چــۆنیەتی گــۆڕینی کــاری تێــنەپەڕ بــۆ کــاری تێــپەڕ، بەڵام ئەوەنـدە بەســە، کە دەسـەلمێنین حـاڵەتەکە هەیە لە گـۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ.

---

١ـ ضم العین: واتا جووڵە(حرکة)ی سەر (ع)ەکە، ئەگەر بۆر(ضمة) بوو، ئەوا کارەکە تێنەپەڕ (لازم) دەبێت.

٢ـ حاتم صالح الضامن، نفس المصدر، ص١١٨.

**٤-١-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە کاری تێپەڕدا**[(١)]

تا ئێرە باسکردنێکی خێرای کاری تێپەڕ بوو لە هەردوو زمانەکە، ئێستاکەش لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لەم بابەتە دەخەینەڕوو.

لە ڕووی لێکچوونەوە، دەبینین بۆ پێناسە و چەمکی بابەتەکە، هەردوو زمانەکە وەک یەکن، بەجۆرێک لە ڕستەی کاری تێپەڕدا ئەوەی بەدی دەکرێت و جودا دەکاتەوە لە کاری تێنەپەڕدا، بوونی(بەرکاری ڕاستەوخۆ - مفعول بە)یە، کە هەمیشە لە ڕستەی کاری تێپەڕ دەبینرێت، بەجۆرێک کە کاریگەری هێزەکە لە ڕستەی کاری تێپەڕدا لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ ((**تەنیا جیاوازی لە کاری تێپەڕدا ئەوەیە، کە کاری تێپەڕ دوو توخم وەردەگریٚ، کە بکەر و بەرکارن**))[(٢)]، هەروەها لە هەردوو زمانەکەدا دوو جۆر

---

١. بۆ شارەزابوون لەم بابەتە، سەیری ئەم وتارەمان بکەن، کاری تێپەڕ - لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ.کاروان، ژ(١٩٨)، ٢٠٠٥، ل ١٥٧- ١٦٣.

٢. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل٨.

کـاری تێـپەڕ (متعـدي) دەبینرێـت، جۆرێکیـان ئەوەیە هەر کـارەکە خـۆی لە بنجـدا تێـپەڕە، بەڵام جـۆرەکەی تریـان بەهـــۆی مـــۆرفێمەوە دەکرێـــت بە تێـــپەڕ، ئەگەرچـــی هەریەکەیـان لە بەکارهێنـان و زیـادکردنی مـۆرفێمەکە بـۆ سـەر کـاری تێـنەپەڕ جـودان، بەڵام هەردووکیـان بەهـۆی زیادکردنەوە دێنە ئاراوە، وەک:

**لە زمانی کوردیدا:**

| تێنەپەڕ | تێپەڕ(بە زیادکردنی اندن) | تێپەڕی بەرانبەر |
|---|---|---|
| کەوتن | کەو + اندن = کەواندن | خستن |
| ڕۆیشتن | ڕۆ + اندن = ڕواندن | بردن |

**لە زمانی عەرەبیدا:**

| لازم | متعدی(بەهۆی زیادەکردن) |
|---|---|
| بَعُدَ | أبْعَدَ |
| كَرَمَ | كرّمَ |

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک جیاوازی لە هەردوو زمانەکە بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە وەرگرتنی بەرکاردا. لە زمـانی کوردیـدا ڕسـتە یەک بەرکـاری ڕاسـتەوخۆ وەردەگرێـت،

بەڵام دەشێت بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یەک یان دوو لە ڕستەیەکدا ببینرێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەشێت بەرکارێکی ڕاستەوخۆ (مفعول بە) لە ڕستەدا هەبێت و، دەشێت دوو یان زیاتر لە ڕستەدا هەبێت، هەروەها یاساکانی گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ لە زمانی عەرەبیدا گەلێک زیاترە و دەوری کێشەکان (اوزان) دیسانەکە دەبینرێت، کەچی لە زمانی کوردیدا زۆربەی گۆڕینی کارەکان بۆ تێپەڕ بەهۆی (اندن)ەوە ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە زمانی کوردیدا پەنا دەبردرێتە بەر (ڕەگ) بۆ گۆڕینی کارەکە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، بەڵام ئەم شتە لە زمانی عەرەبیدا نابینرێت، چونکە ئەمە دەچێتە ناو خانەی تایبەتمەندێتی زمانی کوردییەوە.

### ٤-١-٢: كاری تێنەپەڕ

### ٤-١-٢-١: كاری تێنەپەڕ لە زمانی كوردیدا

لە زمـانی كوردیـدا نووسـەران و زمانەوانانیـان چەنـدین پێناسـەیان بـۆ كـاری تێـنەپەڕ كـردووە[١]، دەتـوانین هەمـوو پێناسـەكان لە چـواردەوری یەک چەمكـدا كـۆبكەینەوە، بەو واتـایەی بڵێـین كـاری تێـنەپەڕ ئەو كـارەیە، كە كـاریگەری

---

١. لەوانە: - سەعید صدقی دەڵێت:((**لازم فعلیكە دەبی لازم فاعلەكەی لیی جوی نەبیتەوە و محتاج بە مفعول بە نەبی وكو حسن هات**))، بڕوانە: مختصر صرف ونحوی كوردی، ١٩٢٨، ل ٤٤.

- تەوفیق وەهبی دەڵێت:((**فیعلی لازیم كارێ یان حاڵێ بەیان ئەكا كە لە باسلێكراوەوە ڕاستەوخۆ تەجاوەزی كەسێ یان شتێكیتر نەكا، وەكو قەل ئەفرێ**))، بڕوانە: دەستووری زمانی كوردی، ١٩٢٩، ل ٤٢.

- نوری عەلی ئەمین دەڵێت:((**چاوگی تێنەپەڕ ئەو چاوگەیە هەر كاتێ فرمانێكی لێ دروست كرا لە مسندالیەیەكەی جوێ نەبیتەوە بۆ كەسێ یان شتێكی تر، وەكو دۆیەكە ڕژا**))، بڕوانە: قواعدی زمانی كوردی لە صرف و نحودا، ١٩٦٠، ل٦٠.

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت:((**كرداری تێنەپەڕ پێوەندیی ڕوودان بە كاراوە ڕادەگەیەنن، و ئەم جۆرە كردارانە پێویستیان بە بەركار نییە**))، بڕوانە: ڕێزمانی كوردی، كردار،٢٠٠٠، ل ٤٦.

هێزەکەی لە بکەرەوە تێناپەڕێت بۆ سەر بەشێکی تر، بەو واتایەی ناچێتە سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ، واتا خاڵی جیاکردنەوەی تێنەپەڕ لە تێپەڕ، بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

**<u>ڕزگار</u>  <u>ڕۆیشت</u>.**

↓ ↓

بکەر   کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

لەم ڕستەیەدا وشەی (ڕزگار) بکەری ناو ڕستەکەیە و کارێکی ئەنجامداوە، ئەویش (ڕۆیشتن)ە و، هێزەکەی لەناو ڕستەدا تەنیا لە دەوری بکەر جێگیر بووە و نەچۆتە سەر کەرەستەیەکی تر، کاری (ڕۆیشت)یش کارێکی ڕابوردووی تێنەپەڕە. ئەم ڕستەیەی سەرەوەش بە تەسکترین ڕستەی کاری تێنەپەڕ دەژمێردرێت، کە تەنیا (بکەر)ی لەناو ڕستەدا وەرگرتووە، بەڵام دەشێت لە شوێنی تردا کاری تێنەپەڕ، جگە لە(بکەر) لەگەڵ چەندین کەرەستەی تردا دەرکەوێت، لەوانە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، هەروەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا فراوانترین سنووری کاری تێنەپەڕ لەناو ڕستەدا دەخەینەڕوو:[(١)]

---

١. عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٤٣ .




لە زمانی کوردیدا کاری تێنەپەڕ لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە:[1]

**١- تێنەپەڕی خوازەکی** (**الارادي**): لەم جۆرە کارانەدا دەوری (بکەر) شتێکی ئاشکرا و ئیرادییە، وەک:-

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٥٠.

**ئازاد هات.**

**کوڕەکە ڕۆیشت.**

لێرەدا کارە تێنەپەڕەکانی **(هات، ڕۆیشت)**، پێویستییان بە بکەری ڕاستەقینەی ناو ڕستەکە هەیە بۆ هەڵسوڕانی کارەکە.

**٢- تێنەپەڕی ڕوودان(لاإرادی)**: لەم جۆرەدا بکەر دەورێکی تایبەتی خۆی نییە، بەو واتایەی کە ئیشەکە بەبێ ویستی بکەر دێتە دی، وەک:-

**ئاوەکە ڕژا.**

**شوشەکە شکا.**

لەم ڕستانەدا کارە تێنەپەڕەکانی (ڕژا، شکا) پێویستییان بە دەرکەوتنی بکەرەکە نییە، هەروەها ڕۆڵی بکەر بەدەرناکەوێت.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لە زمانی کوردیدا ناشێت کارێکی تێپەڕ بۆ کاری تێنەپەڕ بگۆڕدرێت، واتا کارە تێنەپەڕەکان تەنیا ئەو کارانە دەگەڕێتەوە، کە لە بنجدا تێنەپەڕن.

## ٤-١-٢-٢: كاری تێنەپەڕ لە زمانی عەرەبیدا

دەربارەی زمانی عەرەبیش، ئەوا دیسانەکە نووسەران و زمانەوانانیان چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێنەپەڕ کردووە[١]، بەجۆرێک کە هەمان پێناسەکەی کاری تێپەڕی کوردی لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە، کە ئەویش ئەو کارە دەگرێتەوە واتاکەی تەنیا بە (بکەر) تەواو دەبێت و پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە، وەک:

---

١ـ لەوانە: ـ حاتم صالح الضامن يقول:((**ما لا يتعدى أثره الفاعل، ولا يجاوزه الى المفعول، وانما يبقى قاصرا على فاعله، ولهذا فانه يحتاج الى فاعل يفعله، ولا يحتاج الى مفعول يقع عليه**))، انظر الى: الصرف،١٩٩١، ص ١١٦.

- راجي الأسمر يقول:((**هو الذي يكتفي بفاعله ويتم به معناه**))، انظر الى: مرجع الطلاب في اللغة العربية،١٩٩٥، ص١٠٦.

- انطوان الدحداح يقول:((**يبقى معناه في فاعله**))، انظر الى: معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، ١٩٩٧، ص ١١٩.

- الاستاذ الشيخ أحمد الحملاوي يقول:((**ما لم يجاوز الفاعل الى المفعول به**))، انظر الى: شذا العرف في فن الصرف، ٢٠٠٠، ص٤٨.

- اية الله الشيخ مصطفى النوراني يقول:((**فهو الفعل الذي لم يتجاوز معناه عن الفاعل**))، انظر الى: قواعد الصرف،٢٠٠١، ص ١١٤.

- سعيد افغاني يقول:((**اذا اقتصر أثر الفعل على فاعله، فالفعل لازم**))، انظر الى: الموجز قواعد اللغة العربية، انترنت.

| | |
|---|---|
| **نامَ** | **الطفلُ.** |
| ↓ | ↓ |
| فعل لازم | فاعل |
| (کاری تێنەپەڕ ) | (بکەر) |
| **نزلَ** | **الراکبُ.** |
| ↓ | ↓ |
| فعل لازم | فاعل |
| (کاری تێنەپەڕ ) | (بکەر) |
| **مَشی** | **الأمیرُ.** |
| ↓ | ↓ |
| فعل لازم | فاعل |
| (کاری تێنەپەڕ ) | (بکەر) |

لەم سێ ڕستەیەی سەرەوەدا، کارەکانی **(نامَ، نزلَ، مشی)** هەریەکەیان کارێکی تێنەپەڕن، هەر بۆیە واتای ڕستەکە تەنیا بە بکەرەکەی بەندە و پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە بۆ تەواوکردنی ماناکەی.

هەروەها کار لە زمانی عەرەبیدا وەکو تێنەپەڕ دەبینرێت، ئەگەر بەم واتایانەی خوارەوە هات:

١-به واتـای ڕەمەک (غەریـزە) هـات، یـاخود لێـی نزیـک بێت،[1] وەک :

**(شَجُعَ، حَسُنَ).**

٢- به واتای دەسته(هيئة) هات،[2] وەک:

**(طالَ، قَصُرَ).**

٣ـ به واتای ڕەنگ (لون) هات،[3] وەک:

**(زَرِقَ، دَكِنَ، ابْيَضّ،...هتد).**

٤ــ به واتــای خەوش(عيــب) و جوانكــاريی (حليــة) هات،[4] وەک:

**(عَوِرَ، كَحِلَ).**

٥ـ به واتـای پاكوخـاوێنی یـان پیسـی (نظافـة أو دنـس) هات،[5] وەک:

**(نَظُفَ، طَهُرَ، نَجُسَ).**

٦ـ به واتای بەتاڵی یان پڕیی (خُلُو أو أمتلاءٍ)هات،[6] وەک:

---

١ـ أنطوان الدحداح، نفس المصدر، ص ١١٩.

٢ـ نفس المصدر، ص ١١٩.

٣ـ حاتم صالح الضامن، الصرف، ص ١١٧.

٤ـ نفس المصدر، ص ١١٧.

٥ـ عبدة الراجحي، دروس في شروح الألفية، ص ٥٤.

٦ـ أنطوان الدحداح، نفس المصدر، ص ١١٩.

**(فَرَغَ، شَبَعَ).**

٧ــ به واتــای هەنــدێک لە بەربەســتە سروشــتییەکان (العوارض الطبيعية) هات،[١] وەک:

**(غَضِبَ، مرِضَ).**

هەروەهـا کـاری تێنەپەڕ لە زمـانی عەرەبیـدا لە ڕووی هێزەوە، بەسەر دوو بەش دابەش دەکرێت، واتـە هەروەکو زمانی کوردی دەبینرێت:

١- **لازم الإرادي(تێــــنەپەڕی خـــــوازەکی)**: لێــــرەدا دەوری بکەر(الفاعل)، لەناو ڕستەدا دیارە و ئیرادییە، وەک:

**جاء الرجلُ.**

**مشى الأميرُ.**

لێـرەدا وشــەکانی **(جـاء، مشــى)** هەریەکەیـان کـارێکی تێنەپەڕن و، بکەرەکانیان **(الرجلُ، الأميرُ)** ە، کە لێرەدا خۆیـان کارەکانیان ئەنجامداوە.

٢- **لازم لا ارادي(تێــنەپەڕی ڕوودان)**:- لێــرەدا دەوری بــکەر نابینرێـت، واتـە کـارەکە لەژێـر دەسـەڵاتی بـکەردا نابێـت، وەک:

---

١. نفس المصدر، ص ١١٩.

**أنكسَرَ الشباكُ.**

**مات الرجلُ.**

لێرەدا **(الشباک، الرجل)** هەردووکیان بکەرن، بەڵام خۆیان کارەکەیان ئەنجامنەداوە، بۆیە بەمجۆرە (بکەر)انە دەوترێت بکەری (لا ارادي).

هەروەها دەشێت کاری تێنەپەڕ لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی شێوازی دارشتنییەوە بناسرێتەوە، واتا شێوازی کارەکە لەسەر چ کێشێک(وزن) بێت، بۆیە لێرەدا دەتوانین هەشت شێوازی بۆ دیاری بکەین:[1]

١-لەسەر شێوازی **(فَعُلَ)**، وەک:

**حَصُفَ، بَدُعَ.**

٢-لەسەر شێوازی **(أنْفَعَلَ)**، وەک:

**انْكَسَرَ، أنْطَلَق.**

٣-لەسەر شێوازی **(أفْعَل)**، وەک:

**اغْبَرَّ، ازْوَر.**

٤-لەسەر شێوازی **(افْعالَّ)**، وەک:

**اقطار، أدْهامَّ.**

٥-لەسەر شێوازی **(افْعَلَلَّ)**، وەک:

---

١. حاتم صالح الچامن، نفس المصدر، ص ١١٧.

**اشْمأَزَّ، اطْمأَنَّ.**

٦-لەسەر شێوازی (**أفْوَعَلَّ**)، وەک:

**اكْوهَدَّ.**

٧-لەسەر شێوازی (**أفْعَنْلَل**)، وەک:

**احْرنْجَم.**

٨-لەسەر شێوازی (**أفعَنْلى**)، وەک:

**احْرنبى.**

کاری تێنەپەڕ دوو جۆر شێوازی سازکردنی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە، کە هەر لە بنەڕەتدا کارەکە تێنەپەڕە، وەکو (**ماتَ، جَلَسَ، ... هتد**)، بەڵام جۆری دووەمیان، کە لە زمانی عەرەبیدا زۆر کەمە، ئەویش گۆڕینی کاری تێپەڕە بۆ تێنەپەڕ، ئەگەرچی ئەم حاڵەتە تەنیا لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچێتە ناو چوارچێوەی یاسایەکی گشتی لە زمانەکەدا، واتە دەتوانین بە حاڵەتی ناوازەی دابنێین و یاساکانیشی بەم شێوەیەن:

١- گــۆڕینی بــۆ یەکێــک لە کێشــەکانی (اوزان) حــاڵەتی (مطاوعە)[1]، وەک:

**أ) فَعَلَ ← افْتَعَلَ**

**جَمَعَ (تێپەڕ) ← أجْتَمَعَ (تێنەپەڕ)**

**ب)فَعَلَ ← انْفَعَلَ**

**كَسَرَ (تێپەڕ) ← انْكَسَرَ (تێنەپەڕ)**

**ج) فَعَّلَ ← تَفَعَّلَ**

**حَقَّقَ (تێپەڕ) ← تحقّق ( تێنەپەڕ) ....**[2]

٢- بە گۆڕینی بۆ شێوازی بۆ نموونە **(كَـرُمَ يَكـرُمِ)**، تـاکو مانـــای سەرســـوڕمان (تعجب) یـــا زێدەڕۆیی (مبالغـــة) بگەیەنێت، وەک:

**(ضَرُبَ محمد) و (فَهُمَ خالد) یان**

**ما أضرَيه! و ما أفهَمَه ! .....**[3]

٣-کارەکە مانای لازم (تێنەپەڕ) بگەیەنێت، وەک:

---

١ـ مطاوعة: واتە گۆڕینی شتێک لە حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی تر، یاخود لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، کە ئەمیش بە زیادکردنی پیتێک یاخود زیاتر لە سەرەتای وشەکە دەگرێتەوە.

٢ـ راجي الأسمر، نفس المصدر، ص ١٠٧.

٣ـ حاتم صالح الضامن، نفس لمصدر، ص١١٩.

**(فَلْيَحذر الذين يخالفون عن أمره )، ( ولا تَعْدُّ عيناك عَنْهُمْ) ..**[١]

٤-كاتێـــک لە دوای کـــارتێکراو(معمول)[٢]ەکەی دێـــت، وەک:

**(أن كنتم للرؤيا تَعْبُرُون).**[٣]

معمول — فعل لازم

اسم مجرور

## ٤-١-٢-٣: لایەنــی لێکچــوون و جیــاوازی هەردوو زمــانەکە لە ڕووی کاری تێنەپەڕدا

لە ڕووی لێکچـــــوونەوە، ئەگەر تەماشـــــای هەردوو زمـانەکە بکەیـن، دەبینـین لە کۆمەڵێـک شـت هاوبەشـییان هەیە، لە ڕووی پێناسەوە، ئەوا لە هەردوو زمانەکە هەمان پێناسە بۆ کاری تێنەپەڕ کراوە، کە ماناکەی تەنیا لەسـەر بکەرەکە دەوەستێت و بەرکاری ڕاستەوخۆی لەگەڵیدا نییە، هەروەهـا لە هەردوو زمـانەکە دەشـێت بـکەری ڕسـتەکە

---

١. نفس المصدر، ص ١١٩.

٢. مەعمول: واتە کارتێکراو، کارتێکەرێک کاری خۆی دەخاتە سەر.

٣. حاتم الضامن، نفس المصدر، ص ١١٩.

دەوری سەرەکی ببینێت لە هەڵسوڕانی کارەکە، لە هەمان کاتیشدا دەشێت ڕستەکە ڕوودانی کارەکەی تێدابێت بەبێ ڕۆڵی بکەرەکە، واتا بچێتە حاڵەتی پێویست (لا ارادي) **((لە عەرەبی دا ئەم دوو جۆرەی کاری تێنەپەڕ لەیەکتر جوداکراونەتەوە بەهۆی ئەوەوە، کە کاری تێنەپەڕی ڕوودانیان ناوناوە (أفعال المطاوعة) )).**[1]

ئەگەر بێینە سەر لایەنی جیاوازیش، ئەوا دەبینین دیسانەکە لە چەند حاڵەتێکدا وەکیەک دەرناچن، لە زمانی عەرەبیدا هەندێک حاڵەت دەبینرێت، کەچی لە کوردیدا ئەم شتانە نین، لەوانە کێشەکانی کار (أوزان الافعال)، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی زمانی عەرەبییە، هەر لەڕێگەی ئەم کێشانەوە، ئەوا کاری تێنەپەڕ دەناسرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا زۆر لە زمانەوانان دەیگەڕێننەوە بۆ نەبوونی بەرکاری ڕاستەوخۆ لەناو ڕستەدا، بەڵام لە ڕووی وشەوە، ئەوا هیچ نیشانەیەک نییە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە یەک جودابکاتەوە**((لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی نییە، کە کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕی لەیەکتر پێ جیابکرێتەوە، بۆیە زۆربەی**

---

١. لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل ١٠١.

**نووسـەران لەسـەر بنـاغەی واتـا لەم كێشـەیە دواون))**[1]،
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەو یاسایەی (ئەورەحمـانی حــاجی مــارف) داینــاوە، بكەیــنە ڕێــگەیەك لە چــۆنیەتی ناسینەوەی كاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لەیەكتری، كـــە ئەمیش بـــەهۆی خستنەسـەری جێنـاوە لكاوەكـان بـۆ سـەر كـاری ڕابــوردووی بەردەوام لــــــە حـاڵەتی تێـپەڕ و تێـنەپەڕدا، ئەوا یەكسەر بۆت دەردەكەوێت، كە كـارە تێـپەڕەكە جێنـاو بە بەشــی پێشــەوەی دەلكێـت، بەڵام لە تێـنەپەڕدا بە دواوە دەلكێ،[2] وەك:

| تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|
| **دەكەوتم** | **دەم خست** |
| **دەچووم** | **دەم برد** |
| **دەڕۆیشتم** | **دەم نارد......**[3] |

دیـارە جیـاوازی نێـوان هەردوو زمـانەكە لەم حـاڵەتەدا، زیــاتر پەیوەســتە بە تایبەتمەنــدی هەنــدێك حــاڵەت بــۆ زمانەكە، چونكە كێش(وزن) لە كـاری عەرەبیدا دەبینرێت،

---

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، كردار، ل ٤٨ .
٢. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (وشەسازی)، بەشی دووەم(جێناو)، بەغدا، ١٩٨٧، ل ١٨١.
٣. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٢.

کە ئەمەش تایبەتمەندییەکە بۆ خودی زمانەکە، ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیدا نابینرێت. حاڵەتێکی تر، کە زۆر زەقە، ئەویش چۆنیەتی گۆڕینی کاری تێپەڕە بۆ کاری تێنەپەڕ، چونکە ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیدا نییە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێت.

## ٤-٢: پێوەندی بە بکەرەوە

### ٤-٢-١: ئەو ڕستانەی بکەریان تێدا نییە

#### ٤-٢-١-١: ئەو ڕستانەی لە زمانی کوردیدا بکەریان تێدا نییە

لە بەشەکانی پێشوودا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە دیاردەی بکەرنادیار چۆن سازدەکرێت و یاساکانی سازکردنی ئەم دیاردەیەشمان خستەڕوو، بەجۆرێک ئەوەشمان خستەڕوو، کە ناکرێت(بکەر) لەناو ڕستەدا بوونی هەبێت، وەک:

**پێنووسەکە شکێنرا.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کەسێک کارەکەی ڕاپەڕاندووە، کە ئەویش پێی دەوترێت(بکەر)، بەڵام لێرەدا دەرنەکەوتووە و، ڕستەکەش لەسەر شێوازی بکەرنادیار خۆی دەرخستووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بکەین:

**<u>بەهرۆز</u> <u>پێنووسەکە</u>ی <u>شکاند</u>.** (ڕستەی بکەردیار)

بکەر ← بەهرۆز
بەرکاری ڕاستەوخۆ ← پێنووسەکە
کاری ڕابوردووی تێپەڕ ← شکاند




ئەم ڕستەیەی کە خستمانەڕوو، لەم ڕستانە دەژمێردرێت، کە لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیراوە و کراوەتە ڕستەی بکەرنادیار و کاری ڕستەکەش کارێکی تێپەڕە، کەچی ڕستەی ئەوتۆشمان هەیە، کە هەرگیز لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرنەگیراوە، وەک:

**بەرد ناخورێ.**

**ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ..**[1]

واتە دەتوانین ئەوە دووپات بکەینەوە، کە مەرج نییە هەردەم ڕستەی بکەردیار لە ڕستەی بکەرنادیارەوە وەرگیرابێت، هەروەها مەرجی سەرەکی ئەم پرۆسەیەش لە دەرنەکەوتنی (بکەر)ە لەناو ڕستەدا و، کارەکەش کارێکی تێپەڕە.

---

١. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

هەروەهــا هەنــدێک ڕســتە لە زمــانی کوردیــدا هەیە، بەڕێـگەی فـۆرمی تـایبەتییەوە لێپرسـراوی (بـکەر) لەنـاو ڕستەدا دووردەخرێتەوە[1]، وەک:

**<u>پەنجەرەکە</u> شکا.**

**<u>کەپرەکە </u> ڕووخا.**

گەر تێڕامانێکی خێرا بۆ ئەم دوو ڕستەیە بکەین، ئەوا دەبینین (بکەر)یان تێدا نییە و، کارەکانیشیان (تێنەپەڕ)ن، چـونکە لە ڕسـتەی یەکەمـدا، دەبێت هێزێـک یـان کەسـێک هەبێــت پەنــجەرەکەی شــکاندبێت، هەروەهــا لە ڕســتەی دووەمـدا دەبێـت هێزێـک یـان کەسـێک هەبێت، کەپـرەکەی ڕووخاند بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجاران بە (بکەری ڕێزمـانی) نـاوی دەبەن، بەو جـۆرەی کە بۆشـایی بـکەری لەناو ڕستەدا پڕکردۆتەوە.

---

١ـ هەمان سەرچاوە، ل٤٢ .

### ٤-٢-١-٢: ئەو ڕستانەی لە زمانی عەرەبیدا بکەریان تێدا نییە

لە بەشـەکانی پێشـوودا، ئەوەمـان ڕوونکـردەوە، کە لە زمـانی عەرەبیـدا هەروەکـو زمانەکـانی تـری دنیـا، ئەگەر (بکەر) لەناو ڕستەدا نەبوو، ئەوا ڕستەکە بکەرنادیاری پێ دەوترێـت، هەروەهـا یاسـاکانی سـازکردنی کـاری کارینادیارمـان خسـتە ڕوو، بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوە بـا سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین:

**حُفِظَ الدرسُ.**

لەم ڕسـتەیەی سـەرەوەدا، کەسـێک بە لەبەرکردنـی وانەکە هەڵسـاوە، بەڵام لێرەدا کەسـەکە دەرنەکەوتـووە و، ڕستەکەش لەسەر شێوازی بکەرنادیار خۆی خستۆتەڕوو، واتـا لێـرەدا(بکەر)ەکە لەڕووی ڕووخسـار و سـیماوە دەرنەکەوتـووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێـت کەسـێک هەبووبێـت وانەکەی لەبەرکردبێـت، ئەم کەسـەش پێـی دەوترێت(بکەر)، بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوە بـا سـەیری ئەم هێڵکارییە بکەین:

حَفظَ   محمدُ   الدرسَ.

فعل ماضي متعدي (کاری ڕابوردووی تێپەڕ)   فاعل(بکەر)   مفعول به(بەرکاری ڕاستەوخۆ)

دیارە لە زمانی عەرەبیدا، ئەگەر (بکەر) لە ڕستەدا نەبێت، ئەوا کەرەستەیەکی تر جێگای دەگرێتەوە و پێی دەوترێت (نائب فاعل، جێگری بکەر) و، جێگری بکەرەکەش پێکدێت لە (بەرکاری ڕاستەوخۆ، پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆ ....) وەک:

حُفظَ   الدرسُ.

فعل ماضي (کاری ڕابوردوو)   نائب الفاعل (جێگری بکەر)

لە زمانی عەرەبیدا هەروەکو زمانی کوردی، کۆمەڵێک ڕستەمان بەرچاو دەکەوێت، کە (بکەر - فاعل)ەکەی لە بنجدا دەرنەکەوتووە و لەسەر شێوازی ڕستەی بکەرنادیاریش سازنەکراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی عەرەبیدا بکەری ڕوودان (فاعل لا ارادي) یاخود بڵێین بکەری ڕێزمانی بۆ دادەنێین، هەروەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

غَرَقَــتْ السفينةُ.

فعل ماضي لازم (كارى ڕابوردووى تێنەپەڕ)

فاعل (بكەر)

تاء التأنيث الساكنة

فَقَدَ الاملُ.

فعل ماضي لازم (كارى ڕابوردووى تێنەپەڕ )

فاعل (بكەر)

ماتَ الرجلُ.

فعل ماضي لازم (كارى ڕابوردووى تێنەپەڕ)

فاعل (بكەر)

لە ڕستەی یەکەمدا نقوومبوونی کەشتییەکە، شتێکی سانا و لەخۆوە نەبووە، بەڵکو هۆکارێک یان شتێک هەیە، بۆتە نقوومبوونی کەشتییەکە، کە ئەویش (بکەر)ە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بکەرەکەی دەدەنە پاڵ کەشتییەکە، کە ئەمەش هەڵەیەکی زەقە، چونکە کەشتییەکە خۆی نقووم

نەکردووە، بەڵکو بکەریکی تر هەیە، ئینجا ئاو بێت یاخود تێکشکاندنی لەلایەن کەشتییەکی ترەوە بێت یا.... هتد.

لە ڕستەی دووەمیشدا بە هەمان شێوە لەدەستچوونی هیوا و ئاوات، دەبێت هۆکارێک هەبێت ببێتە هۆی لەدەستدانی هیوای کەسێکی تر، لە ڕستەی سێیەمدا، کە ڕستەیەکی زۆر فراوانە لە زمانی عەرەبیدا، یەکێک بە مراندنی کەسەکە هەستاوە، کە ئەمیش ئەرکی (بکەر) لە خۆی کۆدەکاتەوە.

## ٤-٢-١-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی ئەو ڕستانەی بکەریان تێدا نییە

لە هەردوو زمانەکە ئەم بابەتە تاڕادەیەکی زۆر وەکو یەکن، بەجۆرێک لە هەردوو زمانەکە جۆرێکیان ئەوەیە، کە بکەریان تێدا نییە و لەسەر شێوازی ڕستەی بکەرنادیارە، جۆری دووەمیان دەچێتە چوارچێوەی ڕستەی (بکەری ڕوودان) یاخود بڵێین بکەری ڕێزمانی، بەو جۆرەی کە بکەری ڕاستەقینە و بنجی لەناو ڕستەکەدا نابینرێت.

**٤-٢-٢: ئەو ڕستانەی لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە**

**٤-٢-٢-١: ئەو ڕستانەی لە زمانی کوردیدا لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە**

وەکو دەزانرێت، کە ڕستەی بکەرنادیار، ئەوەیە بکەرەکەی لەناو ڕستەدا دەرنەکەوێت، کەچی((**لە زمانی کوردیدا حاڵەتی ئەوتۆ بەرچاو دەکەوێ، کە بەڕێگەی وەسفی ڕستەسازیدا پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ**))[١]، واتە لە شوێنێکی تری ناو ڕستەکە هەست بە بوونی(بکەر) دەکرێت، لێرەدا هەندێک لەو یاسایانە دەخەینەڕوو:

١-بەهۆی پێشبەندەکانی (**بە، لە، بۆ، پێ،.......**)، وەک:

**شاخەکە بە بەفر داپۆشراوە.**[٢]

**باج لە دەوڵەمەند دەستێنرێ.**[٣]

**ئیشم بۆ ناکرێ.**[٤]

**نانم پێ ناخورێ.**

٢- بەهۆی دەستەواژەی (**بەدەستی**)یەوە، وەک[٥]:

---

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٤١.

٢. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٤٢.

٤. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

٥. هەمان سەرچاوە، ل٩٠.

**کراسەکە بەدەستی ڕێناز شوشتراوە.**
**پێنووسەکە بەدەستی ئاریان شکێنراوە.**

٣- بەهـــــۆی دەستەواژەکانـــــــــی **(لەلایەن......ەوە)**، **(لەڕێـــــــــــگەی.....ەوە)**، **(بەهـــــــــــــۆی....ەوە)**، **(لەڕێی....ەوە)**...هتد،[١] وەک:

**شاسوار لەلایەن هەڵکەوتەوە کوژراوە.**
**هاوناز لەڕێگەی بەنازەوە هێنراوە.**
**نازەنین بەهۆی کارەباوە کوژراوە.**
**سۆزان لەڕێی بەسۆزەوە نێردراوە.**

هەنـــدێک لە نووســـەران بەمجـــۆرە ڕســـتانە دەڵـــێن (نادیـــاری درێـــژ)، کە بـــکەرەکەی لە شـــێوەی ســـەرباردا دەرکەوتووە((**ئەو ڕستە نادیارانەی کە بکەر، یان کارایان تێدایە و لە ڕستەکەدا لە شێوەی سەرباردا دەرکەوتۆتەوە (نادیـــاری درێـــژ)**))[٢]، دیـــارە گومـــان لەوەدا نیـــیە، کە بکەرەکانی ئەم ڕستانە لە فۆرمدا نادیارن، بەڵام (بکەر) لە شـوێنێکی تـری ڕسـتەکەدا دەرکەوتـووە، بـۆیە بەم ڕسـتانە دەوترێت ڕستەی بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو.

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٤١.
٢. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٨٨.

**٤-٢-٢-٢: ئەو ڕستانەی لە زمانی عەرەبیدا لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە(المشاراليه):**

هەروەکو زمانی کوردی، لە زمانی عەرەبیدا کۆمەڵێک ڕستە بەرچاو دەکەون، کە بەهۆیەوە ئاماژە بە بوونی (بکەر) لە شوێنێکی تری ناو ڕستەکەدا دەکەن، لێرەدا هەندێک لەو یاسایانە دەخەینەڕوو:

١- بەهۆی دستەواژەی (**على أيدى، على يد، بيد**)، وەک:

**قُتِلَ احمد على أيدي مُحَمَدٌ.**

**كُسِرَ الشباكُ على يد أحمد.**

**دُمِرَ المكانَ بيد الارهابيين.**

٢- بەهۆی دەستەواژەکانی(**من قِبَلْ، من طَرَف، عن طَريّق، من جانب،... الخ**)، وەک:

**نُفِذَ المشروعُ مِن قِبَلْ وزارة البلديات.**

**أُقتُرِحَ القضية الكردية من طرف البرلمانيين.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە هێمایەک یاخود نیشانەیەکی تەواوی (بکەر - فاعل) لەناو ڕستەدا دەبینرێت، ئەگەرچی لەوانەیە لە شوێنی سەرەکی خۆی نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی خۆی لەناو ڕستەکەدا دەردەبڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لێرەدا

ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە پسپۆرانی زمانی عەرەبی پێیان وایە وشەکانی (**محمد، احمد، الارهابيين، وزارة البلديات، البرلمانيين)** لەناو ڕستەدا ئەرکی (مضاف اليه) دەبینن، بەجۆرێک کە دەستەواژەکانی پێش خۆی (پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆ ــ حرف جر و اسم مجرور)ن و، بەیەکەوە دەبن بە (مضاف)، بەڵام بە ڕای ئێمە هەر چ شیکردنەوەییێکی (اعراب) بۆ بکەین، ئەوا ئەم جۆرە ڕستانە (بکەر)ەکانیان دەرکەوتووە و لە جۆری بکەری ئاماژەپێکراو (المشار اليه) دەبینرێت، چونکە لە ڕستەی یەکەمدا (أحمد) بەدەستی (محمد) کوژراوە و، ئەرکی (بکەر)ی لە خۆدا کۆکردۆتەوە، لە ڕستەی دووەمدا بەهەمان شێوە (أحمد) پەنجەرەکەی شکاندووە، ڕستەکانی تریش بە هەمان شێوە بکەرەکانیان دەرکەوتوونە.

**٤-٢-٢-٣: لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە بابەتی ئەو ڕستانەی لە بکەرنادیاردا، بکەریان ئاماژەپێکراوە**

لەم بابەتەشدا تاڕادیەکی زۆر هەردوو زمانەکە وەکو یەکن، ئەگەرچی کەرەسەکانی زمانی کوردی لەبارەی ئاماژەپێکردنی(بکەر) لەناو ڕستەدا بەرچاوتر و فراونتر دەبینرێت لەچاو یاسا و ڕستەکانی زمانی عەرەبی، بەو جۆرەی کە دەتوانین بڵێین لە زمانی کوردیدا زیاتر بەکاردێت و دەبینرێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا دەبینرێت و هیچ سەرچاوەیەکیش لەسەرچاوەکانی زمانی عەربی ئاماژەیان بۆ ئەم جۆرەی ڕستەی بکەرنادیار نەکردووە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەم جۆرە ڕستانە بوونیان لە زمانی عەرەبیدا هەیە.

## ئەنجــــام

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیەیە:

١- لەو کــارانەی کە پێشــتر لەبــارەی بکەرنادیــار لە زمانی کوردیدا کراون، توخنی گەلێک لایەنی ئەم دیاردەیە نەکەوتوون.

٢-لە هەردوو زمــانەکەدا، بــابەتی (بــکەر) دەچێــتە نــاو بەشە ئاخاوتنی (نــاو)ەوە، لە ڕووی ڕیزبوونیشــەوە، ئەوا لە زمانی کوردیدا (بکەر) بەزۆری دەکەوێتە پێش بەرکار و کــار، واتە لە ســەرەتای ڕســتەدا دێت، کەچــی لە زمــانی عەرەبیــدا (کــار) لە ســەرەتای ڕســتەدا دێــت و، (بــکەر) دەکەوێتە پێش (بەرکار)ەوە.

٣-لە ڕســـــتەی بکەردیــــاردا، لە هەردوو زمـــــانەکە ئەنجامــدەری کــارەکە لەنــاو ڕســتەدا دەبینرێــت، ئینجــا بکەرەکە (ناو) بێت یاخود (جێناو).

٤- لە هەردوو زمـــــانەکەدا، دیـــــاردەی بکەرنادیـــــار پەیوەنــدی ڕاســتەوخۆی بە دەرنەکەوتنــی (بکەر) لەنـــــاو ڕســـــتەدا هەیە، کەچـــــی لە هەنــدێک ڕســـتەدا (بـــکەر) دەردەکەوێــت، ئەم جــورە ڕســتانەش، ئەگەرچــی لەســەر شـــــێوازی نادیـــــار ســـــازکراون، بەڵام(بکەر)ەکانیـــــان لە

شـوێنێکی تـری ڕسـتەدا دەبینرێـت، بەم جـۆرە ڕسـتانە دەوترێت (بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو). هەروەها ئەم جۆرە ڕسـتانەش لە هەردوو زمـانی کـوردی و زمـانی عەرەبیـدا دەبینرێـت، بەڵام لە زمـانی کوردیـدا یاسـاکانی سـازکردنی لەچاو زمانی عەرەبیدا فراونترە.

٥-مەرج نیـیە هەردەم ڕسـتەی بکەرنادیـار لە ڕسـتەی بکەردیاردەوە وەرگیرا بێت، واتە هۆکـار و بـارودۆخ ڕۆڵـی سازبوونی دەبینێت.

٦- لە هەردوو زمـانەکەدا هۆکارکـانی دەرنەکەوتنـی (بـکەر) لەنـاو ڕسـتەی بکەرنادیـاردا وەکـو یەکـن، واتە هۆکارێک لەپشتەوەی دەرنەکەوتنی بکەرەکەیە.

٧-لە هەردوو زمانەکەدا، تەنیا جۆری کاری ڕابوردووی بکەرنادیار و کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار سـازدەکرێت، جۆری فەرماندانی بکەرنادیار و چاوگی بکەرنادیار بوونی نیـیە، هەروەهـا لە زمـانی کوردیـدا بـۆ سـازکردنی ڕابـوردووی بکەرنادیـار و ڕانەبـوردووی بکەرنادیـار پەنـا دەبـردرێتە بەر (ڕەگـی کـار)، ئینجـا مـۆرفیمی نادیـار و مـۆرفیمی (کـات)ەکە دەخـرێتە سـەری، کەچـی لە زمـانی عەرەبیـدا، پەنـا دەبـردرێتە بە خـودی کـارەکە و، تەنیـا جووڵەی(حرکە) سەر (کار)ەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

٨- له زمـانی کوردیـدا تەنیـا کـاری تێـنەپەڕ دەکرێـت بە کاری تێپەڕ و، ناتوانرێت کاری تێپەڕ بگۆردرێن بۆ کـاری تێنەپەڕ، کەچی لە زمـانی عەرەبیدا دەشێت کـاری تێنەپەڕ بکرێت بە تێپەڕ و، کاری تێپەڕیش بکرێت بە تێنەپەڕ.

٩-لە زمـانی کوردیـدا سـازبوونی ڕسـتەی بکەرنادیـار، تەنیـا لە ڕســتەی کـاری (تێـپەڕ)دا ســازدەکرێت، واتە لە کـاری (تێـنەپەڕ)دا ڕســتەی بکەرنادیـار دروســت نابێـت، کەچـی لە زمـانی عەرەبیـدا لە کـاری (تێـپەڕ) و (تێـنەپەڕ) دەتوانرێـت ڕسـتەی بکەرنادیـار سـازبکرێت، ئەگەرچـی لە کاری (تێنەپەڕ)دا یاساکان زۆر فراوان نین.

# سەرچاوەکان

**١- بە زمانی کوردی**

**أ- کتێب**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم (جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣- احمد حسن احمد(١٩٧٦)، ڕێزمانی کوردی – بە کوردی و عەرەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

٤- بابیز عمر احمد(٢٠٠٢)، تێنس لە دایالێکتی ژووری زمانی کوردیدا ( گوڤەری بادینی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک.

٥- تالیب حوسێن عەلی(د)(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦- تۆفیــق وەهبــی(٢٠٠٢)، کــورد و زمــانی کــوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە د.عەزیز گەردی، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٧- تەوفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمـانی کوردی، جیزمی یەکەم، (دار الطباعة الحدیثة)، بەغدا.
٨- جگرخـوێن(١٩٦١)، أوائـو دەسـتورا زمـانی کـوردی، چاپخانا صلاح الدین، بەغدا.
٩- جەمـال نەبەز(١٩٧٦)، زمـانی یەکگرتـووی کـوردی، بامبێرگ.
١٠- ڕەفیـق شـوانی(د)(٢٠٠١)، چەنـد بـابەتێکی زمـان و ڕێزمــانی کــوردی، دەزگــای چــاپ و بڵاوکــردنەوەی موکریانی، هەولێر.
١١- زەریَ یوســوپۆڤا(د)(٢٠٠٥)، شــێوەی ســلێمانی زمــانی کــوردی، وەرگێڕانــی لە زمــانی ڕووســییەوە د.کوردستان موکریـانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیـاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٢- ســعید ســدقی(١٩٢٨)، مختصــر صــرف و نحــوی کوردی، جزء ١، چاپخانەی (نجاح)، بغداد.
١٣ شـێرکۆ بابـان(د)(١٩٩٩)، نەخشـەی ڕۆنـانی ڕێـژەی کار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٤- صادق بهاءالدين ئامێدی(١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی ـ کرمانجییا ژۆری ژێریا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، دار الشؤون الپقافیه، بەغدا.

١٥- صالح حسین حسن پشدری(١٩٨٥)، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی بەغدا، بەغدا.

١٦- عەبدوللا حوسێن ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

١٧- عبدالله شالی(١٩٧٦)، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی(دار الجاحظ)، بەغدا.

١٨- ک.ک. کوردۆییێف(١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەررگێڕانی د.کوردستانی موکریانی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

١٩- لیژنەی دەستووری زمانی کوردی(١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢٠- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد(١٩٧٦)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢١- محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٤)، سەرەتاییێک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
٢٢- محەمەد مەحوی(د)(٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٢٣- نەسرین فەخری(د) و کوردستان موکریانی(د)(١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی – بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٤- نوری عەلی ئەمین(١٩٨٦)، ئەرک و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە (ئاخاوتنی کوردی)دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (مطبعة الزمان)، بەغدا.
٢٥- نوری عەلی ئەمین(١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
٢٦- نوری علی أمین(١٩٥٦)، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٢٧- نوری علی أمین(١٩٥٨)، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

٢٨- نیعمەت عەلی سایە(٢٠٠٤)، ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢٩- وریـــا عـــومەر ئەمـــین(٢٠٠٤)، ئاســـۆیەکی تـــری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**ب- گۆڤار**

٣٠. ئەوڕەحمان حاجی مارف(د)(١٩٩٤)، کرداری کارا دیـارو کـرداری کـارا بـزر لە زمـانی کوردیـدا، گ.کـۆڕی زانیـاری عێـراق ــ دەسـتەی کـورد، بەرگـی (٢٥ و ٢٦)، بەغدا.
٣١- زەریێ یوســـوپۆڤا(د)(١٩٨٧)، کـــار، وەرگێڕانـــی د.کوردستان موکریانی، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١١٦).
٣٢- کامل بەصیر(د)(١٩٨٥)، بەراوردکاریەک لەنێوانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ.کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی سیازدەهەم، چاپخـانەی کـۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٣٣- لیـــژنەی ڕێزمـــان لە کـــۆڕی زانیـــاری عێـــراق – دەستەی کورد(١٩٨٦)، ڕستەسازی لە زمانی کوردی دا، گ.کـۆڕی زانیـاری عێـراق – دەسـتەی کـورد، چاپخـانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

٣٤- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی(٢٠٠٤)، کاری (بکەرنادیار) لە زمانی کوردیدا، گ.نووسەری نوێ، ژ.(٢١).
٣٥- نەریمان خۆشناو(٢٠٠٤)، چەمک و پێناسەی کارایناديار، گ. ئاسۆی پەروەردەیی، ژ.(٤٢).
٣٦- نەریمان خۆشناو(٢٠٠٥)، کاری تێپەڕ – لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ. کاروان، ژ.(١٩٨).
٣٧- نەریمان خۆشناو(٢٠٠٤)، کاری بکەرنادیاری لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک، گ. نووسەری نوێ، ژ.(٢٢).
٣٨- نەسرین فەخری(د)(١٩٧٤)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم – بەشی یەکەم، بەغدا.
٣٩- نەسرین فەخری(د)(١٩٩٣)، کەی؟ کار بە بکەرنادیار تۆمار دەکرێت؟ چۆن و بۆ؟!، گ.ڕۆشنبیری نوێ،ژ.(١٣٠).
٤٠- وریا عمر أمین(١٩٨٩)، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٢١).

٤١- وريـــا عمـــر أمـــين(١٩٨٥)، تێـــنەپەر فرمـــانێکی بکەرنادیارە، گ.ڕۆشنبیری نوێ ژ.(١٠٧).
٤٢- وریـــا عمـــر أمـــین(١٩٨٢)، ڕســـتەی بکەرنادیـــار، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(٩٥).
٤٣- وریا عمر أمین(١٩٩٢)، لە پەیوەندییەکانی بکەری نادیار، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٢٩).

**ج- نامەی ئەکادیمی**

٤٤- ئـاواز حەمە صـدیق بەگیخـانی(١٩٩٦)، ڕیزبـوونی کەرســتە لە زمـانی کـوردی دا، نـامەی ماسـتەر، بەشـی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
٤٥- أحمد حسن فتح الله(١٩٩٠)، بکــــەر وەک بەشـێکی سەرەکی ی ڕســتــە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.
٤٦- تــارا عەبـدوللا ســەعید(١٩٩٨)، هەنـدێک لایەنــی ڕێزمـانی زاری فەیلـی – لێکـۆڵینەوەیەکی مەیـدانییە، تێـزی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین.
٤٧- حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٠)، فریێزی ناوی و فریێزی کــاری لە کرمــانجی ژووروودا، نــامەی ماســتەر، بەشــی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

٤٨- دیار علی کمال کریم(٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.
٤٩- طالب حسین علی(١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
٥٠- عومەر مەحموود کەریم(٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا.
٥١- عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ(١٩٩١)، ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.
٥٢-عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ(١٩٩٦)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا.
٥٣- فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٨٨)، نادیاری – لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٥٤- مصطفى محمد زەنگەنە(١٩٨٩)، كار و ئەركى لە سینتاكسدا، نامەی ماستەر، بەشی كوردی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین.
٥٥- مهاباد كامل عبدالله(١٩٩٦)، كار لە كرمانجی خواروو و هەورامی دا، نامەی ماستەر، بەشی كوردی كۆلیژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین.
٥٦- یوسف شریف سعید(١٩٩٠)، دۆخەكانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی كوردی، نامەی ماستەر، بەشی كوردی كۆلێجی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین.
٥٧- یوسف شریف سعید(١٩٩٨)، كاری لێكدراو لە كوردی و فارسی – لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری، تێزی دكتۆرا، بەشی كوردی كۆلیژی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین.

**٢- بە زمانی عەرەبی**

**أ- كتێب**

٥٨- القرأن الكريم.
٥٩- الاستاذ الشيخ احمد الحملاوي(٢٠٠٠)، شذا العرف في فن الصرف، طبعة الثانية، مكتبة دار العلمية، لبنان.

٦٠- انطوان الدحداح(١٩٩٧)، معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، طبعة التاسعة، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.

٦١- أميل بديع يعقوب(د)(١٩٩٨)، قاموس تصريف الافعال و الأسماء، طبعة الثانية، لبنان.

٦٢- حاتم صالح الضامن(د)(١٩٩١)، الصرف، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد.

٦٣- راجي الأسمر(١٩٩٥)، مرجع الطلاب في اللغة العربية، الطبعة الأولى، جروس پرس، لبنان.

٦٤- عبدة الراجحي(د)(١٩٨٠)، دروس في شروح الألفية، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت.

٦٥- فاضل صالح السامرائي(د)(٢٠٠٣)، معاني النحو، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان.

٦٦- فاضل صالح السامرائي(د)(٢٠٠٣)، معاني النحو، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان.

٦٧- كمال ابراهيم(١٩٥٧)، عمدة الصرف، مطبعه النجاح، بغداد.

٦٨- محمد علي الخولي(١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري – انگليزي – عربي، مكتبة لبنان، بيروت.

٦٩- شـــيخ مصـــطفى الغلاييـــي(٢٠٠٤)، جـــامع دروس العربيـة، الجـزء١،٢،٣، طبعـة الاولـى، دار الكـوخ للطباعـة و النشر.

٧٠- ايـة اللـه الشـيح مصـطفى النـوراني(٢٠٠١)، قواعـد الصرف، طبعة الرابعة، مكتب اهل البيت.

٧١- هاشم طه شلاش و اخـرون(د)(١٩٨٩)، المهذب في علم التصريف، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد.

**ب- انترنيت**

٧٢- سعيد الأفغاني، الموجز قواعد اللغة العربية.

## ملخص

## بـ (الفعل المبني للمجهول ـ الدراسة التقابلية بين اللغتين الكردية و العربية )

تهتم هذه الرسالة بفعل المبني للمجهول كظاهرة اللغوية الموجودة في كل اللغات، ولدينا قاعدة عامة في كل اللغات لتحويل الفعل المبني للمعلوم الى الفعل المبني للمجهول، وهي حذف الفاعل والإتيان بالمفعول به، وهذه الرسالة خطوة لعرض أوجه التشابه والاختلاف لظاهرة الفعل المبني للمجهول في الناحيتين الصرفية والنحوية وبين اللغتين الكردية و العربية، وهذه الدراسة تندرج في إطار (النظرية التقابلية)، وليست (النظرية المقارنة)، لان هناك اختلاف بين اللغتين، كل واحدة منهم تنتمي الى عائلة لغوية خاصة، وكما نعلم بأن اللغة الكردية تنتمي الى عائلة (الهندو أوروبية)، واللغة العربية تنتمي الى اللغات (السامية والحامية)، لذا لا نستطيع ان نسمي هذه الظاهرة بالمقارنة، بل نسمي بالتقابل. المقارنة تكون بين اللغتين من نفس الفصيلة اللغوية. ولذا سمينا هذا البحث بالتقابلية.

وتتألف هذه الرسالة من المقدمة و أربعة فصول، ففي المقدمة تطرقنا الى مسألة سبب اختيار هذا العنوان و أهميته و طرق البحث و المشاكل ومحتوى هذه الرسالة، اما في الفصل الاول قمنا بمراجعة و تقييم الدراسات السابقة حول الفعل المبني للمجهول في اللغة الكردية. اما في الفصل الثاني قمنا بالتقابل بين الفعلين (المبني للمعلوم و المبني للمجهول في اللغتين الكردية و العربية). وفي الفصل الثالث استعرضنا تقابل الفعل المبني للمجهول بين اللغتين الكردية والعربية في الناحية الصرفية.

واما في الفصل الرابع استعرضنا التقابل بين اللغتين الكردية والعربية لفعل المبني للمجهول في الناحية النحوية.

وأختتمنا البحث بعرض النتائج والاستنتاجات التي توصلنا اليها من خلال الدراسة المعروضة في الفصول السابقة.

# Abstract

## The Passive Voice
## In Kurdish and Arabic languages a Contrastive Study.

The passive voice is a linguistic phenomena that exist in every language. The general rule in every language in changing the active voice sentence in to the passive voice sentence is to remove verb and replace it by direct object.

The purpose of this study is show the similar ties and differences of the phenomena of passive voice in morphological and syntactical point of view between Kurdish language and Arabic language .

The research will be under the frame work of "Contrastive study" not under the

frame work of "Comparative study " because both languages are different in origin in source due to family languages from two different family languages. Kurdish language refers to Indo European family language and Arabic language refer to Semitic family language . for that if two languages be different in language families that time the research comes to be Know an a " contrastive " but if two languages be in the same family that time the research come to be known as "contrastive".

The study consists of introduction and four chapters.

In introduction there are title، study content، the reason of choosing the Subject، Scope of tools research، the importance of the work، the way of the research، research problems، the content been shown in the study.

In first chapter، there is a review and evaluation of previous works. about passive voice in Kurdish language show and been evaluated.

In Second chapter، there are contrastive s of active voice and passive voice in both language been stated.

In third chapter، passive voice and contrastive of both languages due to morphology been stated.

In fourth Chapter، passive voice and it's contrastive n due to syntax been stated. Conclusion، the research ends with a result of the material of chapters been shown in the research.